سەرۆک بارزانی:

ڕێککەوتنی ئاساییکردنەوەی بارودۆخی شنگال دەبێتە هۆی کەمکردنەوەی ئێش و ئازاری خوشک و برایانی ئێزیدی

تا ژیان بەردەوام بێ، خەبات بەردەوامە

کەبات

ماسك بەستن

XEBAT

ڕۆژنامەیەکی سیاسیی ڕۆژانەیە
ئۆرگانی پارتی دیموکراتی کوردستانە

ژمارە (6019) یەکشەممە 11ی تشرینی یەکەم 2020 "16" لاپەڕە "500" دینار

ڕۆژی هەینی 9ی تشرینی یەکەمی 2020، سەرۆك بارزانی لەبارەی ڕێککەوتنی نێوان حکوومەتی هەرێمی کوردستان و حکوومەتی بەغدا لەسەر پرسی ئاساییکردنەوەی دۆخی شنگال ڕاگەیەندراوێکی بڵاوکردەوە و ڕایگەیاند، هیوادارم ئەو هەنگاوە گرنگەی هەردوولا دەستپێکێکیش بێت بۆ چارەسەرکردنی سەرجەم کێشە و گرفتەکانی نێوان هەولێر و بەغدا. ئەمەش دەقی ڕاگەیەندراوەکەیە:

بەناوی خودای بەخشندە و میهرەبان

ڕێککەوتنی نێوان حکوومەتی فیدراڵی عێراق و حکوومەتی هەرێمی کوردستان لەمەڕ گەڕاندنەوەی سەقامگیری و ئاساییکردنەوەی بارودۆخی شنگال هەنگاوێکی ئیجابی و بە ئاراستەی دروستە. دەستخۆشی لە هەردوو حکوومەتی فیدراڵی عێراق و حکوومەتی هەرێمی کوردستان دەکەم بۆ ئەو ڕێککەوتنە کە دەبێتە هۆی ئاساییکردنەوەی ژیانی هاوواڵتیان لەو ناوچەیە و کەمکردنەوەی ئێش و ئازاری خوشك و برایانی ئێزیدی و گەڕانەوەی ئەو خەڵکەی بەهۆی بارودۆخی چەند ساڵی ڕابردوو و پەلاماری تیرۆریستان تووشی نەهامەتی و ئاوارەیی ببوون.

هیوادارم ئەو هەنگاوە گرنگەی هەردوولا دەستپێکێکیش بێت بۆ چارەسەرکردنی سەرجەم کێشە و گرفتەکانی نێوان هەولێر و بەغدا.

مسعود بارزانی
9ی تشرینی یەکەمی 2020

هەولێر و بەغدا لەسەر دروستکردنی ئیدارەیەکی نوێ بۆ شنگال ڕێککەوتن

ناوەڕۆکی پەیوەندیی تەلەفۆنیی سەرۆک بارزانی و سەرۆک وەزیرانی عێراق

ڕێککەوتنەکە ئاماژەیە بۆ بەهێزبوونی متمانەی نێوان حکوومەتی فیدراڵی عێراق و حکوومەتی هەرێمی کوردستان





ئێوارەی ڕۆژی هەینی 9ی تشرینی یەکەمی 2020 لە پەیوەندییەکی تەلەفۆنیی نێوان سەرۆك مەسعود بارزانی و بەڕێز مستەفا کازمی سەرۆك وەزیرانی عێراقدا ڕێککەوتنی نێوان حکوومەتی عێراقی فیدراڵ و حکوومەتی هەرێمی کوردستان لەمەڕ ئاساییکردنەوەی بارودۆخی شنگال تاوتوێ کرا.
هەر لەو پەیوەندییە تەلەفۆنییەدا هەردوولا خۆشحاڵیی خۆیان بۆ ئەو ڕێککەوتنە گرنگە دەربڕی و جەختیشیان لەوە کردەوە کە ڕێککەوتنی لەم شێوەیە ئاماژەیە بۆ بەهێزبوونی متمانەی نێوان حکوومەتی فیدراڵی عێراق و حکوومەتی هەرێمی کوردستان.

پەیامی سەرۆکی هەرێمی کوردستان دەربارەی ڕێککەوتنی ئاساییکردنەوەی دۆخی شنگال:

بە گەشبینییەوە لە ڕێککەوتنی نێوان حکوومەتی فیدراڵ و حکوومەتی هەرێمی کوردستان دەڕوانین

(زیاتر لە ل3 بخوێنەوە)

پەیامێک لە سەرۆکی حکوومەتی هەرێمی کوردستانەوە لە بارەی ڕێککەوتنی ئاساییکردنەوەی بارودۆخی شنگال:

ڕێککەوتن لەبارەی شنگال سەرەتایەکە بۆ جێبەجێکردنی ماددەی 140

(زیاتر لە ل3 بخوێنەوە)

دەیقد کۆپلی: ئەمەریکا لە کەرتی بازرگانیشدا ئامادەی پتەوکردنی پەیوەندییە لەگەڵ هەرێمی کوردستاندا

دەیقد کۆپلی جێگری یاریدەدەری وەزیری دەرەوەی ئەمەریکا لەگەڵ ژمارەیەك خاوەنکار و ژووری بازرگانی ئەمەریکی لە هەولێر کۆبوونەوەو بۆ گفتوگۆکردنی ژینگەی بازرگانی و دەرفەتی وەبەرهێنانی نێودەوڵەتی لە عێراق و هەرێمی کوردستانی عێراق. دەیقد کۆپلی جەختیکردەوە کە ویلایەتەکردتووەکانی ئەمەریکا خوازیارە وەبەرهێنان بۆ عێراق بهێنێت، بەڵام، توانای ئەنجامدانی ئەوکارە کاریگەرە بە دۆخی ئەمنی و گەندەڵیەوە.

(زیاتر لە ل4 بخوێنەوە)

ئەمەریکا:

چاودێری جێبەجێکردنی ڕێککەوتنی نێوان هەولێر و بەغدا لەبارەی شنگال دەکەین

باڵیۆزخانەی ئەمەریکا لە بەغدا ڕایگەیاند، چاودێری جێبەجێکردنی ئەو ڕێککەوتنە کە لە نێوان هەردوو حکوومەتی فیدراڵی و حکوومەتی هەرێمی کوردستان لەبارەی دروستکردنی ئیدارەی هاوبەش لە شنگال و ئاساییکردنەوەی دۆخی شارەکە کراوە. باڵیۆزخانەی ئەمەریکا لە بەغدا لە ڕاگەیەنراوێکدا بەناوی وڵاتەکەیەوە پیرۆزبایی لە حکوومەتی عێراق و حکوومەتی هەرێمی کوردستان کرد بۆ گەیشتن بە ڕێککەوتنی هەماهەنگی هاوبەش لە شنگال.

(زیاتر لە ل3 بخوێنەوە)

بەڕێوەبەرایەتی گشتی ئاسایش/ هەولێر:

غازی ساڵح ئالیخان لەلایەن PKKەوە تیرۆر کراوە



لە ڕاگەیەندراوێکدا دوێنێ بەڕێوەبەرایەتی گشتی ئاسایش/هەولێر ڕایگەیەند، کە غازی ساڵح ئالیخان بەرپرسی دەروازەی سەرزێڕی لەلایەن چەکدارانی PKKەوە تیرۆرکراوەو پێشتریش هەڕەشەی تیرۆرکردنیان لێکردبوو. هاوکات بەڕێوەبەرایەتی گشتی ئاسایش دەشڵێت: ئەم کردەوە تیرۆرستیە بێ وەڵام نابێت. ئەمەش دەقی ڕاگەیەندراوی بەڕێوەبەرایەتی گشتی ئاسایش/ هەولێر:

کاتژمێر 5:30ی ئێوارەی ڕۆژی پێنج شەممە ڕێکەوتی 8/10/2020 (غازی ساڵح ئالیخان) بەرپرسی ئاسایشی دەروازەی سەرزێڕی، لە گوندی بیگداودا ، بەدەستێکی ڕەش تیرۆر کرا. دوای لێکۆڵینەوەی ورد وهەمەلایەنە، دەرکەوت کە لەلایەن (پەکەکە) ەوە تیرۆر کراوە و پێشتریش بەڕاستەوخۆ و ناڕاستەوخۆ هەڕەشەی تیرۆرکردنیان لێکردبوو.
وێڕای سەرەخۆشی و هاوخەمیان بۆ بنەماڵە و کەسوکاری شەهید (غازی ساڵح ئالیخان) ، بەتوندی ئیدانەی ئەم کارە تیرۆریستیە ترسنۆکانەیە دەکەین و ڕادەگەیێنین کە ئەم کردەوە تیرۆرستیە بێ وەڵام نابێت. هەروەها داوا لە هاونیشتیانیان وخەڵکی دڵسۆزی هەرێمی کوردستانیش دەکەین کە لە ئاست ئەم کارە تیرۆریستیە ، هەڵوێستیان هەبێت.

بەڕێوەبەرایەتی گشتی ئاسایش
10/10/2020



جەبار یاوەر:

لە قۆناغی کۆتایی یەکخستنەوەی یەکجارەکی هێزەکانی پێشمەرگەداین

لەسەرەتای ئەمساڵەوە تا ئێستا داعش نزیکەی ٢٠٠ کردەی تیرۆریستی ئەنجامداوە

سەبارەت بە پرسی یەکخستنەوەی هێزەکانی پێشمەرگە و هەماهەنگییەکانی پێشمەرگە لەگەڵ سوپای عێراق بۆ بەرەنگاربوونەوەی تیرۆریستانی داعش و چەند پرسێکی تر، ئەمیندارى گشتیی وەزارەتی پێشمەرگە، فەریق جەبار یاوەر، ئاماژەی بەوەدا کە ئەوان پێشتریش بڕوایان وابووە کە داعش کۆتایی نەهاتووە، بەڵکو تەنها «دەوڵەتەکەیان» کۆتایی هاتووە و خۆیان ڕێکدەخەنەوە بۆ کردەی تیرۆریستی لە شێوازی جیاجیادا و گوتی: «دوای ئەوەی کە حکوومەتی عێراق لە سەردەمی حەیدەر عەبادی سەرکەوتنی بەسەر ڕێکخراوی تیرۆریستی داعشدا ڕاگەیاند و تەواوی شار و گوندەکانی عێراقیان لە تیرۆریستان پاککردەوە، ئێمە ئەو کاتە گوتمان کە داعش کۆتایی نەهاتووە، بەڵکو تەنها دەوڵەتەکەیان لەناوچووە.

(زیاتر لە ل5 بخوێنەوە)



ناوەڕۆکی پەیوەندیی تەلەفۆنیی سەرۆک بارزانی و ئەمیری تازەی کوەیت

جەخت لەسەر دۆستایەتیی و بەردەوامیی پەیوەندیی نێوان هەرێمی کوردستان و کوەیت کرایەوە

ڕۆژی چوارشەممە 7ـی تشرینی یەکەمی 2020 سەرۆك مەسعود بارزانی لە ڕێگەی تەلەفۆنەوە پەیوەندی بە شێخ نواف ئەلئەحمەد ئەلجابر ئەلسەباح ئەمیری تازەی کوەیت کرد.
لەو پەیوەندییەدا سەرۆك بارزانی پیرۆزبایی لە شێخ نواف ئەلئەحمەد ئەلجابر ئەلسەباح کرد بە بۆنەی دەستبەکاربوونی وەك ئەمیری نوێی کوەیت و هیوای سەرکەوتنی بۆ خواست لە ئەرك و کارەکانیدا.
هەر لەو پەیوەندییە تەلەفۆنییەدا جەخت لەسەر دۆستایەتیی هەردوولا و بەردەوامیی پەیوەندیی نێوان هەرێمی کوردستان و کوەیت کرایەوە.



سەرۆك بارزانی پێشوازی لە کونسوڵی فەڕەنسا لە شاری هەولێر دەکات

ئولیڤییێ دێکوتینی پشتیوانیی فەڕەنسای بۆ هەرێمی کوردستان دووپات کردەوە

ڕۆژی پێنجشەممە 8ـی تشرینی یەکەمی 2020 لە سەلاحەددین سەرۆك مەسعود بارزانی پێشوازی لە ئولیڤییێ دێکوتینی کونسوڵی فەڕەنسا لە شاری هەولێر کرد. لە دیدارەکەدا بیرورا لەبارەی بارودۆخی هەنووکەیی و دوا گۆڕانکارییە سیاسییەکان لەسەر ئاستی ناوچەکە ئاڵوگۆڕ کرا. هەروەها ڕۆشنایی خرایە سەر ئەو هەڕەشە ئەمنی و تەحەددیاتەی کە لە بەردەم پرۆسەی سیاسیی عێراقدا هەن. لە بەشێکی تری ئەو کۆبوونەوەیەدا کونسوڵی فەڕەنسا لە هەولێر وێڕای جەختکردنەوە لە دۆستایەتی و پەیوەندیی دوولایەنە، پشتیوانیی وڵاتەکەی بۆ هەرێمی کوردستان دووپات کردەوە.

پەیامی سەرۆك بارزانی لە یادی سی و دوو ساڵەی کۆچی دوایی د. نورەدین زازا

پێویستە مافە ڕەواکانی گەلی کورد لە سووریا بچەسپێن و کۆتایی بە ڕەنج و ئازارەکانی کورد لە سووریا بهێندرێت

ڕۆژی پێنجشەممە 8-10-2020 سەرۆك بارزانی لە یادی 32 ساڵەی کۆچی دوایی دامەزرێنەری پارتی دیموکراتی کورد لە سووریا پەیامێکی بڵاوکردەوەو ڕایگەیاند، لە کاتێکدا یادی خوالێخۆشبوو نورەدین زازا دەکەینەوە کە ئایینەدەی گەلی کورد لە سووریا ڕووبەڕووی تەحەددیاتی گەورە بووەتەوە. پێویستە بە هەوڵی هەموو لایەك و بەردەوامبوونی لەو خەباتە سیاسییەی نورەدین زازا و هەڤاڵانی بەردی بناخەی بوون، مافە ڕەواکانی گەلی کورد لە سووریا بچەسپێن و کۆتایی بە ڕەنج و ئازارەکانی کورد لە سووریا بهێنرێت. ئەمەش دەقی پەیامەکەیە:

بەناوی خودای بەخشندە و میهرەبان

سی و دوو ساڵ بەسەر کۆچی دوایی تێکۆشەر و خەباتگێڕی کورد د. نورەدین زازا تێدەپەڕێت. نورەدین زازا دامەزرێنەری پارتی دیموکراتی کورد لە سووریا و سکرتێری یەکەم حزبی کوردی بوو کە لە سووریا دەستی بە چالاکی سیاسی کرد. خوالێخۆشبوو نورەدین زازا لە بنەماڵەیەکی نیشتیمانپەروەر و شۆڕشگێڕی کورد بوو کە تەمەنی خۆی لە خەباتی سیاسی و ڕۆشنبیری لەپێناو دۆزی ڕەوای گەلەکەیدا سەرف کرد و لەو ڕێگەیەدا ماندووبوون و ئاوارەیی و زیندانیشی چێشتووە.
ئێستا لە کاتێکدا یادی خوالێخۆشبوو نورەدین زازا دەکەینەوە کە ئایینەدەی گەلی کورد لە سووریا ڕووبەڕووی تەحەددیاتی گەورە بووەتەوە.
پێویستە بە هەوڵی هەموو لایەك و بەردەوامبوونی لەو خەباتە سیاسییەی نورەدین زازا و هەڤاڵانی بەردی بناخەی بوون، مافە ڕەواکانی گەلی کورد لە سووریا بچەسپێن و کۆتایی بە ڕەنج و ئازارەکانی کورد لە سووریا بهێندرێت.
لە کۆتاییدا یادی خوالێخۆشبوو نورەدین زازا بە بەرزی ڕادەگرین و هیوای سەرکەوتن بۆ هەموو ئازادیخوازان و نیشتیمانپەروەرانی گەلی کورد و بەدیهاتنی ئامانجەکانی ڕێبازی کوردایەتی دەخوازین.

مسعود بارزانی
8ـی تشرینی یەکەمی 2020

پرسەنامەیەک لە سەرۆك بارزانی - یەوە

ئێوارەی ڕۆژی پێنج شەممە 8ـی تشرینی یەکەمی ٢٠٢٠ سەرۆك مسعود بارزانی لە ڕێگەی تەلەفۆنەوە پەیوەندی بە شێخ مەحموود حەفید زادە کرد.
لەو پەیوەندییە تەلەفۆنییەدا سەرۆك بارزانی سەرەخۆشیی خۆی بە شێخ مەحموود حەفید زادە ڕاگەیاند بۆ کۆچی دوایی کەسایەتی دیار و ناسراوی بنەماڵەی شێخ مەحموود و دەڤەری سلێمانی خوالێخۆشبوو شێخ سالاری حەفید.

پرسەنامەیەک لە سەرۆکی هەرێمی کوردستانەوە

نێچیرڤان بارزانی، سەرۆکی هەرێمی کوردستان، بە بۆنەی کۆچی دوایی کەسایەتیی دیار و ناسراوی سلێمانی، شێخ سالاری حەفید، پرسەنامەیەکی سەرەخۆشی ئاراستەی بنەماڵەی شێخ مەحموودی حەفید زادە کرد. ئەمەش دەقی پرسەنامەکەیە:
بەداخەوە هەواڵی کۆچی دواییی کەسایەتیی دیار و ناسراوی بنەماڵەی شێخ مەحموودی نەمر و سلێمانی، خولێخۆشبوو شێخ سالاری حەفیدمان پێگەیشت.
پرسە و سەرەخۆشی ئاراستەی بنەماڵەی بەڕێزی حەفید زادە دەکەین و هاوبەشی خەمیانین، لە خوای مەزن داواکارین خوالێخۆشبوو بە بەزەیی و میهرەبانیی خۆی شاد بکات و سەبووری و ئارامی بە کەسوکار و خزمان و بنەماڵە بەڕێزەکەی ببەخشێت.

نێچیرڤان بارزانی
سەرۆکی هەرێمی کوردستان
7-10-2020

مەسرور بارزانی سەرەخۆشی لە بنەماڵەی شێخ سالاری حەفید دەکات

مەسرور بارزانی، سەرۆکی حکوومەتی هەرێمی کوردستان لە پەیامێکدا بەبۆنەی کۆچی دوایی شێخ سالاری حەفید کەسایەتی ناسراوی سلێمانی، پرسە و سەرەخۆشی ئاراستەی بنەماڵەکەیان دەکات. ئەمەش دەقی پەیامەکەیە:
بە داخەوە هەواڵی کۆچی دوایی کەسایەتیی ناسراوی شاری سلێمانی (شێخ سالاری حەفید)م بیست. پرسە و سەرەخۆشی لە بنەماڵە بەڕێزەکەی دەکەم. خوای مەزن گیانی بە بەهەشت شاد بکات و ئاراممییش بە کەسوکار و خانەوادەکەی ببەخشێت.

مەسرور بارزانی
سەرۆکی حکوومەتی هەرێمی کوردستان

سەرۆکی حکوومەتی هەرێمی کوردستان و وەزیری وزەی ئەمەریکا پەیوەندییەکی تەلەفۆنیان ئەنجامدا

دەکرێ هەرێمی کوردستان ببێتە سەنتەرێکی گرنگ بۆ وەبەرهێنان لە هەموو ناوچەکانی عێراقدا



هەرێمی کوردستان پێشوازی لە پەڕەپێدانی زیاتری وەبەرهێنانی ئەمەریکی لە هەرێمی کوردستان دەکات بە تایبەتی لە بواری وزە و گازی سروشتیدا

ئێوارەی ڕۆژی هەینی ٩/١٠/٢٠٢٠ مەسرور بارزانی سەرۆکی حکوومەتی هەرێمی کوردستان و دان بروليێت وەزیری وزەی ئەمەریکا، پەیوەندییەکی تەلەفۆنیان ئەنجامدا.
لە پەیوەندییەکەدا، گفتوگۆ دەربارەی پەرەپێدانی پەیوەندییەکانی نێوان هەرێمی کوردستان و وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا کرا، بەتایبەتی دەرفەتەکانی وەبەرهێنانی کۆمپانیا ئەمەریکییەکان لە بواری وزەی هەرێمی کوردستان بە جۆرێك کە لە بەرزەوەندی هەردوولادا بێت.
سەرۆکی حکوومەتی هەرێمی کوردستان، سوپاسی پشتگیریی و هاوکاریی وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکای کرد بۆ هەرێمی کوردستان و حکوومەتی فیدراڵی لە هەموو ڕوویەکەوە.
سەرۆکی حکوومەت ئاماژەی بەوەدا، کە هەرێمی کوردستان پێشوازی لە پەڕەپێدانی زیاتری وەبەرهێنانی ئەمەریکی لە هەرێمی کوردستان دەکات، بە تایبەتی لە بواری وزە و گازی سروشتیدا. هەروەها جەختی لەوە کردەوە، کە دەکرێ هەرێمی کوردستان، ببێتە سەنتەرێکی گرنگ بۆ وەبەرهێنان لە هەموو ناوچەکانی عێراقدا.




ئەنجومەنی وەزیران بڕیاریدا ڕاپۆرتی سێ مانگی جێبەجێکردنی یاسای چاکسازی ڕەوانەی پەرلەمان بکات

وەزارەتی دارایی و ئابووریی ڕاسپێردرا خۆگونجاندن بکات لەگەڵ خشتەی مانگانەی پێدانی مووچە لە لایەن حکوومەتی فیدراڵییەوە

ڕۆژی چوارشەممە ٧/١٠/٢٠٢٠ بە سەرۆکایەتی مەسرور بارزانی سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران و ئامادەبوونی قوباد تاڵەبانی جێگری سەرۆك وەزیران، ئەنجومەنی وەزیرانی هەرێمی کوردستان کۆبوونەوەی هەفتانەی خۆی ئەنجامدا.
لە سەرەتای کۆبوونەوەکەدا، گفتوگۆ دەربارەی ڕێکخستنەوەی خشتەی مانگانەی پێدانی مووچە کرا لە بەر ڕۆشنایی خۆگونجاندن لە گەڵ خشتەی مانگانەی خەرجکردنی بەشێك لە شایستە داراییەکانی هەرێم لە لایەن حکوومەتی فیدراڵییەوە. بۆ ئەم مەبەستەش، ئەنجومەنی وەزیران، وەزارەتی دارایی وئابووری ڕاسپارد، ڕێکاریی کارگێڕیی و دارایی پێویست لەمبارەیەوە بگرێتەبەر.
پاشان لە بڕگەی دووەمی کۆبوونەوەکەدا، د. عەبدولحەکیم خەسرۆ سکرتێری لیژنەی باڵای جێبەجێکردنی یاسای چاکسازیی، ڕاپۆرتی سێ مانگی یەکەمی کەوتنەبواری جێبەجێکردنی یاسای چاکسازی ژمارە (٢) ی ساڵی ٢٠٢٠ خستەڕوو، کە تێیدا بڕیار و پەیڕەو ڕێنماییی و هەنگاوەکانی جێبەجێکردنی یاساکە ڕوونکراونەتەوە، لەگەڵ خستنەڕووی پلانی حکوومەت، بۆ هەنگاوەکانی داهاتووی جێبەجێکردنی بەشەکانی تری یاسای چاکسازی، لە لایەن وەزارەت و دامەزراوە پەیوەندیدارەکانی حکوومەتی هەرێمی کوردستان. ئەنجومەنی وەزیران بڕیاریدا، لە ئایندەیەکی نزیکدا، ڕاپۆرتەکە ڕەوانەی پەرلەمانی کوردستان بکات هەروەك سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران لە ڕاپۆرتی خۆیدا لە بەردەم پەرلەمان، ئاماژەی پێدابوو.

هەولێر و بەغدا لەسەر دروستکردنی ئیدارەیەکی نوێ بۆ شنگال ڕێککەوتن

گوتەبێژی حکوومەتی عێراق: ڕێککەوتنەکە کۆتایی بە باڵادەستی گرووپە دەرەکییەکان دەهێنێت



پەیامی سەرۆکی هەرێمی کوردستان دەربارەی ڕێککەوتنی ئاساییکردنەوەی دۆخی شنگال:

بە گەشبینییەوە لە ڕێککەوتنی نێوان حکوومەتی فیدراڵ و حکوومەتی هەرێمی کوردستان دەڕوانین

داواکارین پابەندی بە جێبەجێکردنی ڕێککەوتنەکەوە بکرێت



گەیشتن بەم ڕێککەوتنە، هەروەها سوپاسی پشتگیری و بەشداریی خاتوو جینین پلاسخارت نوێنەری تایبەتی سکرتێری گشتیی نەتەوە یەکگرتووەکان لە عێراق و ماندووبوونی بۆ گەیشتن بە ڕێککەوتنەکە و هەموو لایەك دەکەین کە یارمەتیدەر و هاوکار بوون. ئەم ڕێککەوتنە هەنگاوێکی نیشتمانیانەی دروستە لە بەرژەوەندیی تەواوی وڵاتدا و دەبێتە هۆی بنیاتنانەوە و پتەوکردنی متمانە لەنێوان حکوومەتی فیدراڵی عێراق و حکوومەتی هەرێمی کوردستاندا، هیواداریین هەنگاوی دیکەی بۆ چارەسەرکردنی تەواوی کێشەکانی نێوان هەردوولای بەدوادا بێت و گەڕانەوەیەکی سەربەرزانە و ئارام و بێ کێشە بۆ خوشك و برایانی ئێزدی و تەواوی خەڵکی شەنگال و سەقامگیری و ئاوەدانکردنەوەی ناوچەکە، دابین بکات.

داواکارین پابەندی بە جێبەجێکردنی ڕێککەوتنەکەوە بکرێت، هەروەها داوا لە هاوبەشە نێودەوڵەتییەکانمان دەکەین بۆ ئاوەدانکردنەوەی شەنگال و ناوچەکە و بووژاندنەوەی ژێرخانیان هاوکارمان بن کە دەبێتە مایەی ئارامی و سەقامگیری و ئاشتیی کۆمەڵایەتی و قووڵکردنەوەی پێکەوەژیان و لێبوردیی لەنێوان پێکهاتەکاندا.

نێچیرڤان بارزانی
سەرۆکی هەرێمی کوردستان
9/10/2020

سەرۆکی هەرێمی کوردستان، نێچیرڤان بارزانی رایگەیاند، بە ئەرێنی و گەشبینییەوە لە ڕێککەوتنی نێوان حکوومەتی فیدراڵی عێراق و حکوومەتی هەرێمی کوردستان بۆ ئاساییکردنەوەی دۆخی شنگال دەڕوانن. ڕۆژی هەینی ٩-١٠-٢٠٢٠، ڕێزدار نێچیرڤان بارزانی لە پەیامێکدا بە بۆنەی ڕێککەوتنی نێوان حکوومەتی فیدراڵی و حکوومەتی هەرێمی لەبارەی ئاساییکردنەوەی دۆخی شنگال و دروستکردنی ئیدارەی هاوبەش لە شارەکەدا، دەستخۆشی لە تیمی دانوستانکاری هەردوولا کردووە بۆ سەرخستنی گفتوگۆکان و گەیشتن بە ڕێککەوتن کردووە و رایگەیاندووە، ئەم کارە ئەنجامی هەستکردن بە بەرپرسیاریەتی، پێکەوەیی و کاری هاوبەشی لایەنە پەیوەندارەکانە. **ئەمەش دەقی پەیامەکەیە:**

بە ئەرێنی و گەشبینییەوە لە ڕێککەوتنی ئەمڕۆی نێوان حکوومەتی فیدراڵی عێراق و حکوومەتی هەرێمی کوردستان بۆ ئاساییکردنەوەی دۆخی شەنگال دەڕوانین. دەستخۆشی لە تیمی دانوستانکاری هەردوولا بۆ سەرخستنی گفتوگۆکان و گەیشتن بە ڕێککەوتن دەکەین. ئەم کارە ئەنجامی هەستکردن بە بەرپرسیاریەتی، پێکەوەیی و کاری هاوبەشی لایەنە پەیوەندارەکانە. سوپاس و پێزانین و دەستخۆشییەکی تایبەت پێشکەش بە بەڕێز سەرۆك وەزیران مستەفا کازمی دەکەین کە ڕۆڵێکی دیاری کاریگەر و یارمەتیدەری بینی بۆ سەرخستنی گفتوگۆکان و گەیشتن بەم ڕێککەوتنە، هەروەها سوپاسی پشتگیری و بەشداریی خاتوو جینین پلاسخارت نوێنەری تایبەتی سکرتێری گشتیی نەتەوە یەکگرتووەکان لە عێراق و ماندووبوونی بۆ گەیشتن بە ڕێککەوتنەکە و هەموو لایەك دەکەین کە یارمەتیدەر و هاوکار بوون. ئەم ڕێککەوتنە هەنگاوێکی نیشتمانیانەی دروستە لە بەرژەوەندیی تەواوی وڵاتدا و دەبێتە هۆی بنیاتنانەوە و پتەوکردنی متمانە لەنێوان حکوومەتی فیدراڵی عێراق و حکوومەتی هەرێمی کوردستاندا، هیواداریین هەنگاوی دیکەی بۆ چارەسەرکردنی تەواوی کێشەکانی نێوان هەردوولای بەدوادا بێت و گەڕانەوەیەکی سەربەرزانە و ئارام و بێ کێشە بۆ خوشك و برایانی ئێزدی و تەواوی خەڵکی شەنگال و سەقامگیری و ئاوەدانکردنەوەی ناوچەکە، دابین بکات.

داواکارین پابەندی بە جێبەجێکردنی ڕێککەوتنەکەوە بکرێت، هەروەها داوا لە هاوبەشە نێودەوڵەتییەکانمان دەکەین بۆ ئاوەدانکردنەوەی شەنگال و ناوچەکە و بووژاندنەوەی ژێرخانیان هاوکارمان بن کە دەبێتە مایەی ئارامی و سەقامگیری و ئاشتیی کۆمەڵایەتی و قووڵکردنەوەی پێکەوەژیان و لێبوردیی لەنێوان پێکهاتەکاندا.

نێچیرڤان بارزانی
سەرۆکی هەرێمی کوردستان
9/10/2020

پەیامێک لە سەرۆکی حکوومەتی هەرێمی کوردستانەوە لە بارەی ڕێککەوتنی ئاساییکردنەوەی بارودۆخی شنگال:

ڕێککەوتن لەبارەی شنگال سەرەتایەکە بۆ جێبەجێکردنی ماددەی 140

ئاساییکردنەوەی دۆخی شنگال ڕۆڵێکی گرنگی دەبێت لەوەی خەڵکی ناوچەکە بڕیار لە چارەنووسی خۆیان بدەن



مەسرور بارزانی سەرۆکی حکوومەتی هەرێمی کوردستان پەیامێکی لە بارەی ئەو ڕێککەوتنە بڵاوکردەوە کە ڕۆژی هەینی 2020/10/9 لە نێوان حکوومەتی هەرێمی کوردستان و حکوومەتی فیدراڵی ئیمزا کرا لە پێناو ئاساییکردنەوەی بارودۆخی شنگال. ئەمەش دەقی پەیامەکەیە:

ڕێککەوتنی ئەمڕۆی نێوان حکوومەتی هەرێمی کوردستان و حکوومەتی فیدراڵی بۆ ئاساییکردنەوەی بارودۆخی شنگال، ئەنجامی کارکردنی جیددی و دانوستانی چەندین مانگی نێوان حکوومەتی هەرێمی کوردستان و حکوومەتی فیدراڵییە، کە یارمەتیدەر دەبێت بۆ گەڕانەوەی سەربەرزانەی ئاوارەکانی شنگال کە ڕووبەڕووی ئازار و مەینەتییەکی زۆربوونەوە لە سەر دەستی تیرۆریستانی داعش. بێگومان ئاساییکردنەوەی دۆخی شنگال، ڕۆڵێکی گرنگی دەبێت لەوەی خەڵکی ناوچەکە بڕیار لە چارەنووسی خۆیان بدەن. هەردوولا ڕێککەوتوون لە سەر ئەوەی، شنگال لە ڕووی ئیداری و ئەمنی و خزمەتگوزارییەوە، بە شێوەیەکی هاوبەش بەڕێوە ببرێت. ئەم ڕێککەوتنەش سەرەتایەکە بۆ جێبەجێکردنی ماددەی 140 ی دەستوور.

دوای ئیمزاکردنی ڕێککەوتنەکە، لەگەڵ سەرۆك وەزیرانی عێراق بەڕێز مستەفا کازیمی، گفتوگۆمان دەربارەی ڕێککەوتنەکە کرد و سوپاسی تیمی هەردوولا دەکەین بۆ بەئەنجام گەیاندنی ئەم ڕێککەوتنە گرنگە. ئەمە بەڵگەیە بۆ ئەوەی، ئەگەر هەماهەنگیی لە نێوان حکوومەتی هەرێمی کوردستان و حکوومەتی فیدراڵی هەبێت، دەتوانین زۆر دەسکەوتی دیکەش بە دەست بهێنین لە سەر بنەمای بەرژەوەندی هاوبەش. ئێمە پشتگیریی لە هەر هەوڵ و دەستپێشخەرییەکی کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی دەکەین لە پێناو بنیاتنانەوەی ئەو ویرانکارییەی، تیرۆریستانی داعش لە شنگال ئەنجامیاندا. لێرەدا بە پێویستی دەزانم سوپاسی خاتوو جینین بلاسخارت نوێنەری تایبەتی سکرتێری گشتی نەتەوە یەکگرتووەکان لە عێراق بکەم، بۆ پشتیگیری و بەشداریکردنی ڕاستەوخۆی لە بە ئەنجام گەیشتنی ئەم ڕێککەوتنەدا.

مەسرور بارزانی
سەرۆکی حکوومەتی هەرێمی کوردستان
2020/10/9


ئەمەریکا:

چاودێری جێبەجێکردنی ڕێککەوتنی نێوان هەولێر و بەغدا لەبارەی شنگال دەکەین

باڵیۆزخانەی ئەمەریکا لە بەغدا رایگەیاند، چاودێری جێبەجێکردنی ئەو ڕێککەوتنە دەکات کە لە نێوان هەردوو حکوومەتی فیدراڵی و حکوومەتی هەرێمی کوردستان لەبارەی دروستکردنی ئیدارەی هاوبەش لە شنگال و ئاساییکردنەوەی دۆخی شارەکە کراوە. باڵیۆزخانەی ئەمەریکا لە بەغدا لە ڕاگەیەنراوێکدا بەناوی وڵاتەکەیەوە پیرۆزبایی لە حکوومەتی عێراق و حکوومەتی هەرێمی کوردستان کرد بۆ گەیشتن بە ڕێککەوتنی هەماهەنگی هاوبەش لە شنگال.

باڵیۆزخانەی ئەمەریکا لە بەغدا لە ڕاگەیەنراوەکەدا تیشکی خستووەتەسەر ئەوەی کە چاودێری جێبەجێکردنی تەواوی ڕێککەوتنەکە دەکەن و هیوای خواستووە کە ئەو هەنگاوە ببێتە هۆی دەستەبەرکردنی ئاسایش و سەقامگیری هەمیشەیی بۆ گەلی عێراق.

نەتەوەیەکگرتووەکان پێشوازیی لە ڕێککەوتنی نێوان هەولێر و بەغدا لەبارەی شنگال دەکات



نێردەی تایبەتی سکرتێری گشتی نەتەوەیەکگرتووەکان بۆ عێراق، جینین هێنیس پلاستخارت دەستخۆشی و پێشوازیی لە ڕێککەوتنی نێوان حکوومەتی فیدراڵی و حکوومەتی هەرێمی کوردستان لەبارەی دروستکردنی ئیدارەی هاوبەش و ئاساییکردنەوەی دۆخی شنگال کرد.

ڕۆژی هەینی پلاستخارت لەسەر لە ڕێککەوتنی نێوان حکوومەتی فیدراڵی و حکوومەتی هەرێمی کوردستان لەبارەی دروستکردنی ئیدارەی هاوبەش و ئاساییکردنەوەی دۆخی شنگال ڕاگەیەنراوێکی بڵاوکردەوە. لە ڕاگەیەنراوەکەدا پلاستخارت وێڕای دەستخۆشیکردنی لە ڕێککەوتنی حکوومەتی فیدراڵی عێراق و حکوومەتی هەرێمی کوردستان سەبارەت بە بارودۆخی شارۆچکەی شنگال لە پارێزگای نەینەوا ئەمەی بە»یەکەمین هەنگاوی گرنگ بە ئاراستەی ئاساییبوونەوە» لە قەڵەم داوە و هیوای خواستووە کە ئەمە ڕێگا بۆ ئایندەیەکی باشتر خۆش بکات.

پلاستخارت هیوای خواستووە کە ئەم ڕێککەوتنە ببێتە مایەی هەڵدانەوەی لاپەڕەیەکی نوێ لە شنگال کە تیایدا بەرژەوەندییەکانی خەڵکی شنگال لە پێشینەدا بن، هەروەها ببێتە مایەی یارمەتیدانی گەڕانەوەی ئاوارەکان بۆسەر ماڵ و حاڵی خۆیان و خێراکردنی پرۆسەی ئاوەدانکردنەوەی شارەکە و باشبوونی دابینکردنی خزمەتگوزارییە گشتییەکان و ڕاشیگەیاندووە کە بۆ سەردانی شاری بەغدا پایتەختی عێراق دەکەن بۆ تەواوکردنی ڕێککەوتنێك لەگەڵ حکوومەتی فیدراڵی لەبارەی ئاساییکردنەوەی دۆخەکە و گەڕاندنەوەی سەقامگیریی بۆ شنگال.

دانیشتووانی شنگال، کە دوای ساڵی 2014 بە هۆی هێرشی داعشەوە ناوچەکەیان چۆڵکردبوو و ئاوارە بوون، داوا دەکەن هێزە چەکدارەکان شارەکەیان چۆڵبکەن و دۆخی مەدەنی و ئاسایی بۆ ناوچەکەیان بگەڕێتەوە. چاوەڕوانیش دەکرێت واژووکردنی ڕێککەوتنی نێوان هەرێمی کوردستان و بەغدا ڕێگە بۆ گەڕانەوەی ئەو ئاوارانە خۆش بکات کە بەشێکی زۆریان لە دۆخێکی ناهەمواری کەمپەکاندا دەژین.



سەرۆکی هەرێمی کوردستان بۆ کۆچی دوایی مەهاباد قەرەداغی شاعیر نووسەر پەیامێکی بڵاوکردەوە:

خاتوو مەهاباد قەرەداغی خزمەتێکی بەرچاوی بە ئەدەبیاتی کوردی کردووە

نێچیرڤان بارزانی سەرۆکی هەرێمی کوردستان بە بۆنەی کۆچی دوایی شاعیر و نووسەر و چالاکوانی مافەکانی ئافرەتان مەهاباد قەرەداغی پەیامێکی هاوپەخەمی بڵاوکردەوە، کە ئەمە دەقەکەیەتی:

بەداخەوە هەواڵی مەرگی شاعیر و نووسەر و چالاکوان مەهاباد قەرەداغی - م پێگەیشت. خاتوو مەهاباد قەرەداغی خزمەتێکی بەرچاوی بە ئەدەبیاتی کوردی کردووە و بەرگریکارێکی دیاری مافی ئافرەتان و ئەلقەیەکی گرنگی خەباتی ژنانی کوردستان بووە لەپێناو دابینکردنی یەکسانیدا. ئێمە کار و چالاکییەکانی بەرز هەڵدەسەنگێنین. پرسە و سەرەخۆشی لە بنەماڵەی هونەرمەند و نووسەر و هاوکاران و ڕۆشنبیران و سەرجەم ئافرەتانی کوردستان دەکەم. لە خوای گەورە داواکارم ڕۆحی شاد بێت و ئارامییش بە هەموو لایەک ببەخشێت.

نێچیرڤان بارزانی
سەرۆکی هەرێمی کوردستان
٢٠٢٠/١٠/١٠

پەیامی سەرەخۆشی سەرۆکی حکوومەتی هەرێمی کوردستان بۆ کۆچی دوایی نووسەر و شاعیر خاتوو مەهاباد قەرەداغی:

خاتوو مەهاباد قەرەداغی ڕۆشنبیرێکی نیشتمانپەروەر و بە هەڵوێست بوو

مەسرور بارزانی سەرۆکی حکوومەتی هەرێمی کوردستان بەبۆنەی کۆچی دوایی نووسەر و شاعیر خاتوو مەهاباد قەرەداغی، پەیامێکی هاوخەمی بڵاوکردەوە، تێیدا هاوخەمی خۆی بە بۆنەی کۆچی دوایی نووسەر شاعیر قەرەداغی دەربڕی کە ئەمەش دەقەکەیەتی:

بە داخێکی زۆرەوە، هەواڵی کۆچی دوایی نووسەر و شاعیر، خاتوو (مەهاباد قەرەداغی)م بیست. خاتوو مەهاباد، ڕۆشنبیرێکی نیشتمانپەروەر و بە هەڵوێست بوو. پرسە و سەرەخۆشی لە بنەماڵە بەڕێزەکەی دەکەم . خوای گەورە گیانی بە بەهەشت شاد بکات و ئارامییش بە کەسوکار و هاوڕێیانی ببەخشێت.

مەسرور بارزانی
سەرۆکی حکوومەتی هەرێمی کوردستان

سەرۆکی حکوومەتی هەرێمی کوردستان سەرەخۆشی لە بنەماڵەی شەهید غازی سالح دەکات

ئێوارەی ڕۆژی هەینی ٩/١٠/٢٠٢٠ مەسرور بارزانی، سەرۆکی حکوومەتی هەرێمی کوردستان، لە پەیوەندییەکی تەلەفۆنیدا، پرسە و سەرەخۆشی لە جەمیل سالح ئالیخان کرد، کە دەکاتە برای غازی سالح ئالیخان، بەرپرسی ئاسایشی گومرکی سەرزێڕێ لە دەڤەری بەرواری باڵا، کە دوێنێ پێنجشەممە، لە لایەن تیرۆریستانەوە شەهید کرا. سەرۆکی حکوومەت هاوخەمی خۆی بۆ بنەماڵەی شەهید دەربڕی و دڵنیای کردنەوە، کە ئەنجامدەرانی ئەم تاوانە بە سزای خۆیان دەگەن و ڕووبەڕووی دادگا دەکرێنەوە.

پەیامی سەرەخۆشی سەرۆکی حکوومەت بۆ کۆچی دوایی نووسەر و ڕۆژنامەنووسی ناسراو عەزیز هەریری

مەسرور بارزانی، سەرۆکی حکوومەتی هەرێمی کوردستان، بە هۆی کۆچی دوایی نووسەر و ڕۆژنامەنووسی ناسراو «عەزیز هەریری» پرسەنامەیەکی ئاراستەی بنەماڵەی کۆچکردوو کرد. ئەمەش دەقی پرسەنامەکەیە:

بە داخەوە هەواڵی کۆچی دوایی نووسەر و ڕۆژنامەنووسیی ناسراو (عەزیز هەریری) م پێگەیشت، دوای چەند ڕۆژێک لە کۆچی دوایی (گۆران)ی کوڕییەوە. پرسە و سەرەخۆشی لە بنەماڵە بەڕێزەکەی دەکەم. خوای مەزن گیانیان بە بەهەشت شاد بکات و ئارامییش بە کەسوکار و خانەوادەکەیان ببەخشێت.

مەسرور بارزانی
سەرۆکی حکوومەتی هەرێمی کوردستان



سەرۆکی حکوومەتی هەرێمی کوردستان سەرپەرشتی کۆبوونەوەیەکی ئەنجومەنی باڵای ئابووری دەکات

سەرۆکی حکوومەت: لایەنە پەیوەندیدارەکان ڕاسپێردران چارەسەریی کێشەی کوالێتی بەنزین و سووتەمەنی هاوردەکراو لە دەرەوەی هەرێمی کوردستان بکەن

گفتوگۆ دەربارەی هێڵەگشتییەکانی پڕۆژە یاسای پاراستنی خاوەندارێتی هزریی کرا

ڕۆژی پێنجشەممە ٨/١٠/٢٠٢٠ بە سەرپەرشتی مەسرور بارزانی سەرۆکی حکوومەتی هەرێمی کوردستان و ئامادەبوونی قوباد تاڵەبانی جێگری سەرۆکی حکوومەت، کۆبوونەوەی ئەنجومەنی باڵای ئابووری هەرێمی کوردستان بەڕێوەچوو.

لە دەستپێکی کۆبوونەکەدا، سەرۆکی حکوومەتی هەرێمی کوردستان، ئاماژەی بەوەدا کە هەرچەندە ئێستا هەرێمی کوردستان و عێراق و جیهان بە گشتی، بە دۆخێکی سەختی ئابووریدا تێدەپەڕن، بەڵام کابینەی نۆیەم بەردەوامە لە کارکردن لە پێناو بووژانەوە و گەشەپێدانی ئابووری و بیناتانی ژێرخانێکی ئابووری بە هێز و سەرکەوتوو، کە هەرێمی کوردستان دەرفەتی ئەوەی هەیە ببێتە سەنتەرێکی بازرگانی گرنگ لە عێراق و ناوچەکەدا، لە پێناو ڕاکێشانی وەبەرهێنانی بیانی بۆ ئەنجامدانی پڕۆژەی ستراتیجی.

لە برگەیەکی کۆبوونەوەکەدا د. ئامانج ڕەحیم سکرتێری ئەنجومەنی وەزیران، ڕاپۆرتی لیژنەیەکی تایبەتی خستەڕوو سەبارەت بە کێشەی کوالێتی بەنزین و سووتەمەنی هاوردەکراو لە دەرەوەی هەرێمی کوردستان. لە کۆبوونەوەکەدا، سەرجەم پێشنیارەکان بۆ چارەسەرکردنی ئەم کێشەیە پەسەندکران، لە نێویاندا گرنگیی یەکخستن و نوێکردنەوەی پێوەر و ستانداردە تەکنیکی و تەندروستی و سەلامەتیی و ژینگەیی پێوانەی کوالیتی سووتەمەنیەکان، لەسەر تاسەری هەرێم، هەروەها ڕێککخستنەوە و پەرەپێدانی تاقیگەکانی ناوەندی پشکنینی کوالیتی سووتەمەنی لە هەرێم و دابینکردنی ئامێری پشکنین و پێداویستییەکانی و ڕاسپاردنی وەزارەتی ناوخۆ و ئاسایشی بازرگانی و تیمەکانی چاودێریی بازرگانی، بۆ بەدواداچوونی بابەتی کوالیتی سووتەمەنی هاوردەکراو، لە دەروازە سنوورییەکان و لە ناو عەمبارەکانی گلدانەوەی سووتەمەنی و بەنزینخانەکان و ڕێگرتن لەو کەسانەی، کە مادەی کیمیایی نەگونجاو بەکاردەهێنن بۆ بەرزکردنەوەی کوالیتی بەنزین بە شێوەیەکی نادروست، کە دەرئەنجامی نەرێنی و خراپی هەیە لەسەر ژیان و سەلامەتی هاوڵاتیان و ژینگەی هەرێمی کوردستان، سەرەڕای لێکەوتە داراییەکانی. ئەنجومەنی وەزیران، لایەنە پەیوەندیدارەکانی ڕاسپارد بۆ وەرگرتنی ڕێکاریی یاسایی تووند بەرامبەر سەرپێچیکاران.

لە کۆبوونەوەکەدا، جەختکرایەوە لەسەر وەرگرتنی باج لەسەر قازانجی کۆمپانیاکانی هاوردەکردنی سووتەمەنی، بە مەرجێک ئەم ڕێکارانە کاریگەری نەبێ لەسەر زیادکردنی نرخی سووتەمەنی بۆ هاوڵاتیانی بەکاربەر.

لە تەوەرێکی تری کۆبوونەوەکەدا، سکرتێری ئەنجومەنی وەزیران، هێڵەگشتییەکانی پڕۆژە یاسای پاراستنی خاوەندارێتی هزریی (حمایە الملکیە الفکریە) خستەڕوو بۆ پاراستنی مافەکانی خاوەندارێتی هزری لە بوارە جیاجیاکانی هونەریی، ئەدەبی، زانستی، بازرگانی و پیشەسازیی، لە پێناوی هاندانی بزاڤی هونەری و زانستی و پاراستنی مافی ئەوانەی لەم بوارانە کاردەکەن. لیژنەی قانونی ئەنجومەنی وەزیران ڕاسپێردرا، پەلە بکات لە پێداچوونەوە بە پڕۆژە یاساکە و ئامادەکردنەوەی بۆ ئەوەی ئەنجومەنی وەزیران پەسەندی بکات تا ڕەوانەی پەرلەمانی کوردستان بکرێت. ئەم یاسایەش ڕۆڵێکی گرنگی دەبێت لە بووژاندنەوەی ئابووری و هاندانی کۆمپانیاکان بۆ پشتیوانیکردنی خاوەن مافە هزرییەکان، هەروەها ڕێگرتن لە هەر دەستدرێژیی و پێشێلکارییەک لەسەر ئەم مافانە و بەرگرتن لە تەقلیدکردن و ساختەکردنی بەرهەمەکان و کێبڕکێی ناڕەوا.

سەرۆکی حکوومەتی هەرێمی کوردستان پیرۆزبایی لە قوتابیانی یەکەمی خوێندنی کوردیی کەرکووک دەکات

مەسرور بارزانی، سەرۆکی حکوومەتی هەرێمی کوردستان، پیرۆزبایی ئاراستەی قوتابیانی یەکەمی خوێندنی کوردیی لە شاری کەرکووک کرد. وەزیری پەروەردەی حکوومەتی هەرێمی کوردستان، ئالان حەمەسەعید ڕایگەیاند، وەک وەزیری پەروەردە بە ناوی «مەسرور بارزانی» سەرۆکی حکوومەتی هەرێمی کوردستان و وەزارەتی پەروەردەی حکوومەتی هەرێم، لە ڕێگەی پەیوەندی تەلەفۆنییەوە پیرۆزبایی لە قوتابییە یەکەمەکانی قۆناغی (شەشەمی ئامادەیی) خوێندنی کوردیی لە پارێزگای کەرکووک کردووە.

وەزیری پەروەردە ڕاشیگەیاند، «پیرۆزبایی لە تەواوی قوتابیان و خوێندکارانی قۆناغی شەشەمی ئامادەیی خوێندنی کوردیی لە ناوچە کوردستانییەکانی دەرەوەی ئیدارەی هەرێم بە هەموو بەشەکانییەوە دەکەین».

ئاماژەی بەوەشدا «لەماوەیەکی نزیکدا وەزارەتەکەیان خەڵاتی ئەو قوتابییە یەکەمانەی کەرکووک دەکات».

نوێنەری حکوومەتی هەرێمی کوردستان لە یەکێتیی ئەورووپا سەردانی وەزارەتی دەرەوەی لوگزامبۆرکی کرد



لە دیدارەکەدا کە لە وەزارەتی دەرەوەی لوگزامبۆرگ بەڕێوەچوو، د. دلاوەر خالید ئاژگەیی نوێنەری حکوومەتی هەرێمی کوردستان و شاندی یاوەری لە لایەن باڵیۆز ئۆلیڤیەر ماس بەڕێوەبەری گشتیی بەشی سیاسیی وەزارەت و کریستیان شتەینباگ بەرپرسی دۆسەی عێراق پێشوازیان لێکرا. لە میانەی دانیشتنەکە د. دلاوەر ئاژگەیی بە وردی باسی دۆخی سیاسی و ئەمنی و ئابووریی هەرێمی کوردستان و پەیوەندییەکانی نێوان هەرێمی کوردستان و بەغدا و گفتوگۆی چارەسەرکردنی کێشەکانی کرد و جەختی لە خواستی هەرێمی کوردستان بۆ چارەسەرکردنی تەواوی کێشەکان لەسەر بنەمای دەستووری عێراق کردەوە و ئاماژەی بە هەوڵەکانی بەردەم هەرێمی کوردستان بۆ بەرەنگاربوونەوەی پەتای کۆرۆنا و تێپەڕاندنی دۆخی ئابووری و دارایی و پرۆسەی چاکسازی لە هەرێمی کوردستان کرد.

لە بەشێکی تری دانیشتنەکە مەترسییەکانی سەرهەڵدانەوەی داعش خرانە بەر باس و گفتگۆ و نوێنەری حکوومەت جەختی لە پێویستی هەرێمی کوردستان بە بەردەوامیی پشتگیریی نێودەوڵەتی بۆ بەرەنگاربوونەوەی تیرۆر کردەوە. پەیوەندییەکانی نێوان هەرێمی کوردستان و لوگزامبۆرگ لە بواری ئابووری و وەبەرهێنان و بازرگانی تەوەرێکی تری کۆبوونەوە بوون و هەردوولا جەختیان لەسەر پەرەپێدان بە پەیوەندییەکان کردەوە بە تایبەتی لە ڕووی پشتگیری لە کەرتی کشتوکاڵ و وەبەرهێنان.

جێگەی ئاماژە پێدانە کە وڵاتی لوگزامبۆرگ وڵاتێکی بچووکی ئەندام لە یەکێتیی ئەورووپا و بێنالۆکسە و لە ڕووی ئابووری و سیستەمی بانک و کارگۆی نێودەوڵەتی ڕۆڵی گرنگی هەیە و یەکێک لەو وڵاتانەیە کە هاوکاری دارایی پێشکەش بە پڕۆژەکانی یەکێتیی ئەورووپا لە هەرێمی کەردستان دەکات.

دەیڤد کۆپلی: ئەمەریکا لە کەرتی بازرگانیشدا ئامادەی پتەوکردنی پەیوندییە لەگەڵ هەرێمی کوردستاندا



دەیڤد کۆپلی جێگری یاریدەدەری وەزیری دەرەوەی ئەمەریکا ڕۆژی چوارشەممە لەگەڵ ژمارەیەک خاوەنکار و ژووری بازرگانی ئەمەریکی لە هەولێر کۆبوونەوە بۆ گفتوگۆکردنی ژینگەی بازرگانی و دەرفەتی وەبەرهێنانی نێودەوڵەتی لە عێراق و هەرێمی کوردستانی عێراق. دەیڤد کۆپلی جەختیکردەوە کە ویلایەتەکردتووەکانی ئەمەریکا خوازیارە وەبەرهێنان بۆ عێراق بهێنێت، بەڵام، توانای ئەنجامدانی ئەوکارە کاریگەرە بە دۆخی ئەمنی و گەندەڵیەوە کونسوڵی گشتی ڕۆب والەرو سەرۆکی ژووری بازرگانی ئەمەریکی-لە هەرێمی کوردستان دوری ئەبوزەید و ڕاوێژکاری پەیوندیە ئابورییەکان لە وەزارەتی بازرگانی و پیشەسازی حکومەتی هەرێمی کوردستان و نوێنەری هەشت کۆمپانیا و خاوەنکار هاوڕێیەتی بەڕێز دەیڤد کۆپلی یان دەکرد. کۆپلی بە ئامادەبوونی ڕاگەیاند ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا ئامادەیە بۆ پتەوکردنی پەیوندی لەگەڵ هەرێمی کوردستان، بەتایبەتی لە کەرتی بازرگانی. هەروەها دەیڤد کۆپلی لە میانی سەردانەکەیدا بۆ هەولێر ژمارەیەک کۆبوونەوەی تری ئەنجامدا، لە ناویشیاندا کۆبوونەوە لەگەڵ سەرکردایەتیی سیاسی لە هەرێمی کوردستاندا.

دەیڤد کۆپلی و کونسوڵی گشی ڕۆب والەر ڕایانگەیاند ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا پابەندە بە پشتیوانی کردنی هەمەجۆرکردنی ئابوری هەرێمی کوردستان و عێراق. کونسوڵخانەی گشتیی ئەمەریکا لە هەولێر کاری لەگەڵ ژمارەیەک ڕێکخراوی ئەمەریکی کردووە، لەناویاندا ژووری بازرگانی ئەمەریکی-لە هەرێمی کوردستان و ئەنجومەنی بازرگانی ئەمەریکا و هەرێمی کوردستان بۆ هێنانی ژمارەیەکی زۆر شاندی بازرگانی ئەمەریکی بۆ هەرێمی کوردستان لەپێناو ناساندنی و خستنەڕووی دەرفەتدا، کە دەرەنجامەکەی بریتی بووە لە کردنەوەی لقی چەندان مارکەی ئەمەریکی و دانانی نووسینگەی فرۆشتن لە هەرێمی کوردستانی عێراق.

دەستەی وەبەرهێنانی حکومەتی هەرێمی کوردستان مکوڕە لەسەر دۆزینەوەی وەبەرهێنەرانی ئەمەریکی بۆ جێبەجێکردنی سەدان پڕۆژەی وەبەرهێنان لەهەرێمی کوردستاندا، کە هەندێکیان پڕۆژەی ستراتیژین، بە گوێرەی ژووری بازرگانی ئەمەریکی لەهەرێمی کوردستاندا. حکومەتی هەرێمی کوردستان ڕایگەیاند کەوا پشتیوانی وەبەرهێنەرانی ئەمەریکی دەکات لە هەرێمی کوردستانی عێراقدا. یەکێک لە ئارمانجەکانی ژووری بازرگانی ئەمەریکی لە هەرێمی کوردستان بوونە بە پردی پەیوەندی لەنێوان بازرگانانی ئەمەریکی و هاوشانەکانیان لە هەرێمی کوردستان. باربرا ئابێڵ، بەڕێوەبەری ژووری بازرگانی ئەمەریکی لە هەرێمی کوردستان گوتی ئێمە لێرەین وەک سەرچاوەیەکی دڵنیایی بۆ بازرگانانی ئەمەریکی، هەروەها گوتی ئەگەر وەڵامەکانیش نەزانین، پەیوەندیمان هەیە بۆ دۆزینەوەی وەڵامەکان. ئێمە پردی پەیوەندی لە نێوان حکومەتی ئەمەریکی و ڕابەرانی خاوەنکار و بازرگان لە هەرێمی کوردستان دروست دەکەین. لە ڕێی بەیەکەوە گرێدانی نوێنەرانی بازرگانی لە ئابووری هەمەلایەنی هەرێمی کوردستان دەتوانین پشتیوانی ئابووریەکی لەسەرپێی خۆی وەستان بکەین.»

لیژنەی ناوچە کوردستانییەکانی دەرەوەی ئیدارەی هەرێم:

لە نزیکەوە چاودێریی جێبەجێکردنی ڕێککەوتنی هەولێر و بەغدا سەبارەت بە شنگال دەکەین

خەبات/ لیژنەی ناوچە کوردستانییەکانی پەرلەمانی کوردستان پەیامێکی سەبارەت بە ڕێککەوتنی هەولێر و بەغدا بڵاوکردەوە، لە بەشێکی پەیامەکەدا ڕایگەیاند: هیوادارین ئەم ڕێککەوتنە ببێتە بناغەیەک بۆ ئاساییکردنەوەی دۆخی تەواوی ناوچە کوردستانییەکان و جێبەجێکردنی ماددەی ١٤٠ی دەستوور. گوتیشی: ئێمە وەکو لیژنە لە نزیکەوە چاودێریی جێبەجێکردنی ئەو ڕێککەوتنە دەکەین.

ئەمەش دەقی پەیامەکەیە:

بەخۆشحاڵییەوە پێشوازی لەو ڕێککەوتنەی نێوان حکوومەتی هەرێمی کوردستان و حکوومەتی ئیتیحادی لەبارەی دۆخی شنگال دەکەین، هیوادارین ئەم ڕێککەوتنە ببێتە بناغەیەک بۆ ئاساییکردنەوەی دۆخی تەواوی ناوچە کوردستانییەکان و جێبەجێکردنی ماددەی (140)ی دەستوور.

ئێمە لە لیژنەی ناوچە کوردستانییەکانی دەرەوەی ئیدارەی هەرێم لە پەرلەمانی کوردستان، وێڕای ئەنجامدانی چەندین کۆبوونەوە لەگەڵ لیژنەی دانوستانکاری حکوومەتی هەرێم، ڕاپۆرتی تایبەتمان لەبارەی ڕەوشی ئەو ناوچانە ئامادەکرد و پێشنیاری دانیشتنی تایبەتی پەرلەمانی کوردستانمان کرد لەسەر ئەو پرسە و لە نزیکەوە چاودێریی ڕەوتی دانوستانەکانمان دەکرد، بۆیە بەپێویستی دەزانین دەستخۆشی لە شاندی دانوستانکاری هەرێم بکەین کە ماندوونەناسانە کاریان دەکرد لەپێناو بەدیهێنانی لێکتێگەیشتنی دوولایەنە لەگەڵ بەغدا و ئەرکی خۆیان بە سەرکەوتوویی بە جێگەیاند، ئێمەش وەکو لیژنە لە نزیکەوە چاودێریی جێبەجێکردنی ئەو ڕێککەوتنە دەکەین. لەگەڵ ئەوەشدا بڕگەکانی ئەم ڕێککەوتنە دەبێتە هۆی دروستکردنی ئیدارەیەکی یەکگرتوو بۆ زاڵبوون بەسەر ئەو کۆسپ و تەگەرانەی لەڕووی ئەمنییەوە لەو ناوچانە بوونیان هەیە.

پیرۆزبایی لە خوشک و برا ئێزدییەکانمان دەکەین بە بۆنەی گەڕانەوەی سەربەرزانەیان بۆ قەزای شنگال وماڵ و حاڵیان، هیوادارین ئەم ڕێککەوتنە دڵنەواییەک بێت بۆیان و کەمێک لە ئازار و مەینەتییەکانیان کەمبکاتەوە، کە بەهۆی تاوانە بێوێنەکانی چەکدارانی داعش بەسەریاندا هاتبوو.

لە کۆتاییدا، وێڕای دەستخۆشی لە حکومەتی عێراق، پێویستە پابەندبن بە ناوەڕۆکی ئەم ڕێککەوتنە و بە ئەرک و بەرپرسیارییەتییان هەڵسن لە قەرەبووکردنەوەی ماددی و مەعنەویی خەڵکی زیانلێکەوتووی ئەو ناوچانە.

لیژنەی ناوچە کوردستانییەکانی دەرەوەی ئیدارەی هەرێم لە پەرلەمانی کوردستان
٢٠٢٠/١٠/١٠

بەشیر حەداد:

ڕێککەوتنی هەولێر و بەغدا لەبارەی ئاساییکردنەوەی شنگال ڕێگەخۆشکەر دەبێت بۆ چارەسەرکردنی کێشەکانی ناوچە کێشەلەسەرەکان



لە ڕاگەیەندراوێکدا بەشیر حەداد جێگری سەرۆکی پەرلەمانی عێراق ڕایگەیاند ئەو ڕێککەوتنەی کە ڕۆژی هەینی لەنێوان بەغدا و هەولێر سەبارەت بە ئاساییکردنەوەی ڕەوشی شارۆچکەی شنگال کراوە، دەبێتە مایەی خێراکردن بۆ گەڕانەوەی ئاوارەکان و پاراستنی سەقامگیری لە ناوچەکە و ئاماژەی بەوەیشداوە گرنگە دۆسیەکانی ئەمنی، کارگێڕی و خزمەتگوزای لە شارۆچکەی شنگال بە هاوبەشی لە نێوان حکوومەتی فیدراڵ و حکوومەتی هەرێمی کوردستاندا بەڕێوەبرێن بۆ ئەوەی بتواندرێت ژێرخانی ئەو شارۆچکەیە کە بەهۆی شەڕەکانی دژ بە داعش وێرانبووە، بنیات بنرێتەوە.

جێگری سەرۆکی ئەنجوومەنی نوێنەرانی عێراق، بەشیر حەداد لە ڕاگەیەندراوەکەدا ستایشی نێردەی نەتەوە یەکگرتووەکانی لە عێراق کردووە کە پاڵپشت و پشتوانی لەو ڕێککەوتنەی کردووە کە ئێوارەی ڕۆژی هەینی ئامادەبوونی سەرۆکوەزیرانی عێراق، مستەفا کازمی کراوە و گوتی: ئەم ڕێککەوتنە ڕێگەخۆشکەر دەبێت بۆ چارەسەرکردنی کێشەکانی سەرجەم ناوچە کێشەلەسەرەکان لەسەرتاسەری عێراق.

شێخ شامۆ: پۆستی قایمقامیەتی شنگالیش مافی کوردە

پێویستە میلیشیا چەکدارەکان لە دەڤەری شنگال دووربکەونەوە و دۆسیەی ئەمنی بکەوێتە دەست پێشمەرگە و سوپای عێراق



ڕاوێژکاری سەرۆکی حکوومەتی هەرێمی کوردستان بۆ کاروباری کوردانی ئێزیدی ڕایدەگەیەنێت کە ڕێککەوتنی نێوان حکوومەتی هەرێم و حکوومەتی عێراق لەسەر شنگال، دەبێتە هۆی گەڕانەوەی ئاوارەکان بۆ شنگال و گەڕانەوەی ئەمن و ئاسایش بۆ ناوچەکە. ڕاوێژکاری سەرۆکی حکوومەتی هەرێمی کوردستان بۆ کاروباری کوردانی ئێزدی، شێخ شامۆ گوتیشی: شنگال وەك دەڤەرێکی گرێدراو بە ماددەی ١٤٠ـەوە، گرنگە ببێتە نموونەیەکی دەستپێکی ڕێککەوتنی نێوان حکوومەتی هەرێمی کوردستان و حکوومەتی عێراق بۆ تەواوی ناوچەکانی ماددەی ١٤٠ و ئاساییکردنەوەی ڕەوشەکە، چونکە ئەم ڕێککەوتنە دەبێتە هۆی گەڕانەوەی ئاوارەکانی شنگال و گەڕانەوەی ئەمن و ئاسایش بۆ ناوچەکە. شێخ شامۆ، گوتیشی: ئەو ڕێککەوتنە بۆ ئاساییکردنەوەی ڕەوشی شنگال، بۆ ئێزدییەکان بابەتێکی چارەنووسسازە، چونکە تا گرووپە چەکدارەکان شنگال چۆڵ نەکەن، ئاسایش و ئارامیی بەرقەرار نابێت، پێویستە میلیشیا چەکدارەکان لە دەڤەری شنگال دووربکەونەوە و دۆسیەی ئەمنی بکەوێتە دەست پێشمەرگە و سوپای عێراق بۆ ئەوەی ئاوارەکان بتوانن بگەڕێنەوە سەر زێدی خۆیان.

لەبارەی هەنگاوەکانی جێبەجێکردنی ڕێککەوتنامەکەش، ڕاوێژکاری سەرۆکی حکوومەتی هەرێمی کوردستان بۆ کاروباری ئێزیدییەکان، شێخ شامۆ گوتی: ڕێککەوتنەکە سیفەتی بەپەلەیان داوەتێ، بە ئامادەبوونی پارێزگاری نەینەوا بووە، چونکە قەزای شنگال لە ڕووی ئیدارییەوە سەر بە پارێزگای نەینەوایە و پێشتریش قەزای شنگال دامودەزگای شەرعی هەبووە و دووبارە دەبێتە ئەم دامودەزگایانە بگەڕێندرێتەوە بۆ شنگال. شێخ شامۆ گوتیشی: بۆ دانانی قایمقامێك ئێزدییەکان بابەتێکی چارەنووسسازە، چونکە تا گرووپە چەکدارەکان شنگال چۆڵ نەکەن، ئاسایش و ئارامیی بەرقەرار نابێت، پێویستە میلیشیا چەکدارەکان لە دەڤەری شنگال دووربکەونەوە و دۆسیەی ئەمنی بکەوێتە دەست پێشمەرگە و سوپای عێراق بۆ ئەوەی ئاوارەکان بتوانن بگەڕێنەوە سەر زێدی خۆیان.

لەبارەی هەنگاوەکانی جێبەجێکردنی ڕێککەوتنامەکەش، ڕاوێژکاری سەرۆکی حکوومەتی هەرێمی کوردستان بۆ کاروباری ئێزیدییەکان، شێخ شامۆ گوتیشی: ڕێککەوتنەکە سیفەتی بەپەلەیان داوەتێ، بە ئامادەبوونی پارێزگاری نەینەوا بووە، چونکە قەزای شنگال لە ڕووی ئیدارییەوە سەر بە پارێزگای نەینەوایە و پێشتریش قەزای شنگال دامودەزگای شەرعی هەبووە و دووبارە دەبێتە ئەم دامودەزگایانە بگەڕێندرێتەوە بۆ شنگال. شێخ شامۆ گوتیشی: بۆ دانانی قایمقامێك هەماهەنگی لەنێوان نەینەوا و هەرێمی کوردستاندا دەبێت، چونکە دەوروبەری نەینەوا هاوپەیمانی کوردستانییە و پۆستی قایمقامی شنگالیش مافی کوردە، لە هەموویشی گرنگتر کە دەستوەردانی دەرەکی لە شنگال نەمینێت و دۆخەکە ئارامبێتەوە. ئەو ڕاوێژکارەی سەرۆکی حکوومەتی هەرێمی کوردستان هیوایشی خواست کە گرووپەکانی شنگال ڕێز لەو ڕێککەوتنە بگرن و گوتیشی: هەرچەندە سیاسەتی ئەوان کەمێك مرۆڤ بێ ئومێد دەکات بەڵام ئەوە بابەتێکی دەستوورییە و پێویستە هەموو لایەك ڕێز لەو ڕێککەوتنە بگرن. لەبارەی ئاوەدانکردنەوە شنگال و شێوازی بونیادنانەوەی ژێرخانی قەزاکە، شێخ شامۆ گوتی: بە پلەی یەکەم ئەرکی عێراقە بۆ ئاوەدانکردنەوەی شنگال بەڵام پێمواید شنگال پێویستی بە میزانییەکی گەورە هەیە بۆ ئەوەی ژێرخانی قەزاکە بونیادبنرێتەوە.

جەبار یاوەر:

لە قۆناغی کۆتایی یەکخستنەوەی یەکجارەکی هێزەکانی پێشمەرگەداین

لەسەرەتای ئەمسااڵوە تا ئێستا داعش نزیکەی ٢٠٠ کردەی تیرۆریستی ئەنجامداوە

سەبارەت بە پرسی یەکخستنەوەی هێزەکانی پێشمەرگە و هەماهەنگییەکانی پێشمەرگە لەگەڵ سوپای عێراق بۆ بەرەنگاربوونەوەی تیرۆریستانی داعش و چەند پرسێکی تر، ئەمیندارى گشتیى وەزارەتى پێشمەرگە، فەریق جەبار یاوەر، ئاماژەی بەوەدا کە ئەوان پێشتریش بڕوایان وابووە کە داعش کۆتایی نەهاتووە، بەڵکو تەنها «دەوڵەتەکەیان» کۆتایی هاتووە و خۆیان ڕێکدەخەنەوە بۆ کردەی تیرۆریستی لە شێوازی جیاجیادا و گوتی: «دوای ئەوەی کە حکوومەتی عێراق لە سەردەمی حەیدەر عەبادی سەرکەوتنی بەسەر ڕێکخراوی تیرۆریستی داعشدا ڕاگەیاند و تەواوی شار و گوندەکانی عێراقیان لە تیرۆریستان پاککردەوە، ئێمە ئەو کاتە گوتمان کە داعش کۆتایی نەهاتووە، بەڵکو تەنها دەوڵەتەکەیان لەناوچووە، بەناو «دەوڵەتی دەوڵەتی ئیسلامی لە شام و عێراق» کە ناوەندەکەی لە موسڵ بوو، دوای ئازادکردنی ئەو پارێزگایە (نەینەوا) لەدەستیان، ئیمارەتەکەیان هەڵوەشایەوە، ئێمە وامان باس کردووە کە بۆ ماوەیەك لاواز دەبێت، بەڵام دواتر ئەگەری هەیە سەرلەنوێ دەست بکەنەوە بە کردە تیرۆریستییەکانیان، هەڵبەت پێشبینیەکەی ئێمە ڕاست دەرچوو، چونکە ئێمە ئامارمان لایە، دەبینین ساڵ بە ساڵ کردە ئەنجام دەدەن،



بۆ نمونە ئاماری 2018مان لایە کە نزیکەی 456 کردەی تیرۆریستیان ئەنجامداوە، لەهەموو ناوچە جێناکۆکەکان بەتایبەت لە دیالە، سەڵاحەددین، کەرکووك، قەرەچۆغ و دەشتی نەینەوا. بەهەمان شێوە لە 2019دا، نزیکەی 300 کردەی تیرۆریستیان هەبووە، ئەم چەند مانگەی پێشتریش لە سەرەتای 2020ـەوە تا ئێستا نزیکەی 200 کردەی تیرۆریستیان هەیە، بۆیە داعش لەناونەچووە تاوەکو سەرهەڵداتەوە، بەڵکو داعش شێوازی کردەی تیرۆریستیی خۆی گۆڕیوە، لەبری شەڕی بەرەیی، شێوازی پارتیزانی بەکار دەهێنێت، بەتایبەت لە دوو ڕۆژی ڕابردوودا کە پەلاماری حەوجەیان داوە، هێزێکی نوێ لە پۆلیسی فیدراڵی لەو ناوچەیە جێگیر کرابوون، ئەوانیش ویستوویانە ئەو هێزە تازە جێگیرکراوەی پۆلیسی فیدراڵی تێکبشکێنن و ناوچەکەیان پێ چۆڵ بکەن، چونکە ئەو ناوچەیە شوێنی تەراتێنی ئەوانە (تیرۆریستانی داعش)، بەتایبەت حەویجە، ڕیاز و عەباسییە، ئەو ناوچانەی کە دەکەونە باشوور و ڕۆژئاوای کەرکووك، ئەم ناوچانەش پێشتر بە شەڕ ئازاد نەکراون لەدەستی داعش، خۆیان چۆڵیان کرد، واتە خەڵکی ناوچەکە زۆریان هەبووە، چەکداری تیرۆریستانی داعش بوون، بڵاوەیان پێکردووە لەو ناوچانە، تا ئێستا ماون، ڕەنگە بەڕۆژ جووتیار بن، بەشەو تیرۆریستی داعش بن، ئەمانە خەڵکی ناوچەکەن و شارەزای ناوچەکەن.

هەوڵ دەدەین ئۆپەراسیۆنی سەربازیی هاوبەش ئەنجام بدەین

ئەمینداری گشتیی وەزارەتی پێشمەرگە، فەریق جەبار یاوەر سەبارەت بە هەماهەنگی هێزە عێراقییەکان لەگەڵ هێزەکانی پێشمەرگە لە ڕووبەڕووبوونەوەی تیرۆریستانی داعشدا ئامارە بەوە دەکات کە تا ئێستا هەماهەنگییەکی تەواویان نییە، تەنها خۆی لە ئاڵوگۆڕی زانیارییدا دەبینێتەوە، یان لەکاتی دروستبوونی گرژی و ئاڵۆزییەکاندا پەیوەندی دەبێت، یان لە شێوەی کۆبوونەوە چەند کۆبوونەوەیەك ئەنجام دەدرێت و گوتی: پرۆسەیەکیان هەیە بۆ هەماهەنگی کە لە سێ بابەت پێکدێت، لەوانە دروستکردنی ناوەندی هەماهەنگی لەنێوان ئەفسەرانی هێزی پێشمەرگە لە پارێزگاکانی دەرەوەی ئیدارەی هەرێم لە پارێزگاکانی دیالە، هەولێر و نەینەوا، دواتر دروستکردنی هێڵی هاوبەش بۆ پارێزگاریکردن لە ناوچەکان، بەتایبەت لە خانەقینەوە تا ڕەبیعە، خاڵی سێیەمیش ئەوەیە کە هەوڵ دەدەین ئۆپەراسیۆنی سەربازیی هاوبەش ئەنجام بدەین، ئەمانە لە پرۆسەی کاری هەماهەنگیدا قسەیان لەسەر کراوە و لێکتێگەیشتنان هەیە بۆی لەهەردوولاوە، بەڵام وەك پرۆسە تا ئێستا جێبەجێ نەکراوە.

هێشتا هەڕەشەیەکی جددی داعش لەسەر ناوچەکە ماوە

جەبار یاوەر لەبارەی ئەگەری کشانەوەی هێزەکانی هاوپەیمانان و ئەمەریکا لە عێراق و جێگیربوونیان لە هەرێمی کوردستان و ئەگەری ئەنجامدانی ڕێککەوتن بۆ مانەوەی ئەو هێزانەی ئەگەر هەیە لە عێراق بکشێنەوە و لە هەرێمی کوردستان جێگیر بکرێن، ئاماژەی بەوەدا کە تا ئێستا هیچ بڕیارێك نییە بۆ جێگیرکردنی هێزێکی دیاریکراو لە هەرێمی کوردستان و گوتی: ئەگەر لە داهاتوودا بڕیار بدرێت کە ئەو هێزانەی لە عێراق دەکشێنەوە لە هەرێمی کوردستان جێگیر دەکرێن ئەوا دەبێت لەسەرەتادا ڕێککەوتن هەبێت لەگەڵ حکوومەتی فیدراڵدا، پاشان لەگەڵ حکوومەتی هەرێمی کوردستان ڕێککەوتن بکرێت، تا ئێستا تەنها بڕیار دراوە بۆ کشانەوەی هێزەکان، بەڵام هیچ کردەیەکی کشانەوە دەستی پێنەکردووە، بەڵام پێگومان کشانەوەی هێزەکانی هاوپەیمانان و ئەمەریکا زیان دەگەیەنێت، بە هەرێم و عێراقیش. ئێمە پێمان باشە بمێننەوە چونکە هێشتا هەڕەشەیەکی جددی داعش لەسەر ناوچەکە ماوە.

گەڕانەوەی هێزی پێشمەرگە بۆ ناوچە جێناکۆکەکان

ئەمینداری گشتیی وەزارەتی پێشمەرگە، فەریق جەبار یاوەر لە وەڵامی پرسیارێکدا کە ئایا هیچ ڕێککەوتنێك لەئارادایە بۆ گەڕانەوەی هێزی پێشمەرگە بۆ ناوچە جێناکۆکەکان؟ گوتی: دەستەواژەی گەڕانەوە نییە، باس لە شێوازی دانیشتنەکان دەکەین، باس لە گەڕانەوە و نەگەڕانەوە ناکەین. لە ساڵی 2019دا، دوو کۆبوونەوەمان لەگەڵ تیمێکی فەرماندەیی ئۆپەراسیۆنە هاوبەشەکانی عێراق ئەنجامدا و لە 2020دا، دوو کۆبوونەوەمان ئەنجامداوە. ئێمە باسی پرۆسەیەك دەکەین هەماهەنگی ئەمنیی و سەربازیی، ئەم پرۆسەیە خۆی لەو ناوچانەدا ئەنجام دەدرێت کە پێیان دەگوترێت ناوچە جێناکۆکەکان، ئەوانەی داعش جموجۆڵیان زیادی کردووە تێیدا. ئەوانیش دوز، چواردەوری کفری، ناوچەکانی باشوور و ڕۆژئاوای کەرکووك، ناوچەکانی قەرەچۆغ و مەخموورە لەگەڵ ناوچەکانی دەشتی نەینەوا. ئێمە باس لە پرۆسەیەکی هەماهەنگی دەکەین، ئێستا باس لە پرۆسەیەکی هاوبەش باس دەکەین، هێڵی بەرگریی هاوبەش باس دەکەین، پرۆسەکەمان بەم ناوەوەیە، نەوەك گەڕانەوە یان نەگەڕانەوە. لەئێستادا تێگەیشتنێکی هاوبەش هەیە لەسەر ئەو هەماهەنگییانە، ماوەتەوە ئەوەی لە کۆبوونەوەی ئایندەدا کە ڕەنگە لەم چەند ڕۆژەی داهاتوو، کۆبوونەوەیەکیان لە بەغدا هەبێت کە پێدەچێت ئالییەتەکە دابڕێژین، ئالیەتی جێبەجێکردنی ئەو لێکتێگەیشتنە هاوبەشە لەسەر ئەم پرسانە. ئەمەریکا و بەریتانیاو هۆڵەندا ڕۆڵێکی گەورە دەگێڕن لە یەکخستنەوەی تەواوی هێزەکانی پێشمەرگە

ئەمینداری گشتیی وەزارەتی پێشمەرگە، فەریق جەبار یاوەر سەبارەت بە چۆنیەتی هاوکاریکردنی هەریەك لە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا، شانشینی یەکگرتوو و شانشینی هۆڵەندا بۆ یەکگرتنەوەی هێزەکانی پێشمەرگە ڕایگەیاند کە هەریەك لەو وڵاتانە لە 2018ـەوە بەشدارن لە پرۆژەیەکی 35 خاڵی بۆ چاکسازیی هەمەلایەنە لەنێو هێزەکانی پێشمەرگەدا، یەکێك لەو خاڵانەش چۆنیەتی یەکخستنی هەموو هێزەکانی پێشمەرگەی کوردستانە و گوتی: ئەوان ڕۆڵێکی گەورە دەگێڕن لەمەدا لە چۆنیەتی ئامادەکردنی ئەم ڕێکخستنەدا، ئەوان هاوکارییان دەکەن لە مەشق، هاوکاری دابینکردنی جلوبەرگی یەکپۆشی بۆ پێشمەرگە، یەك وەجە جلوبەرگی یەکپۆشیان بۆ هێزەکانی پێشمەرگە هێناوە و دابەشی دەکرێت و دواتر هاوکاریان دەکەن بۆ چەکدارکردنی لیواکان، پرۆسەیەك هەیە بۆ چەکدارکردنی تەواوی لیواکانی هێزی پێشمەرگە، بەڵام لەدوای یەکخستنەوەیان، جگە لەوانە هاوکارییان دەکەن، ئەوان مووچەی ئەو هێزانە دەدەن کە لە جەنگدان، بەتایبەت ئەوانەی لە هێڵی بەرگرییدان دژبە داعش.



نوکس تایمز بۆ (خەبات):

ڕێککەوتنی هەولێر و بەغدا لەبارەی شنگال هەواڵێکی دڵخۆشکەرە بۆ هەموو ئازادیخوازانی جیهان

خەبات – مەریوان نەقشبەندی

بەرپرسێکی پێشوی ئیدارەی ئەمەریکا لەسەر ڕێککەوتنی نێوان حکوومەتی هەرێمی کوردستان و حکوومەتی عێراق بۆ ڕۆژنامەی خەبات قسەی کرد و گوتی: ڕێککەوتنی هەولێر و بەغدا لەسەر شنگال هەواڵێکی دڵخۆشکەرە بۆ هەموو ئازادیخوازانی جیهان.

نوکس تایمز کە چەند ساڵێك بەرپرسی دۆسێی کەمینەکان بوە لە وەزارەتی دەرەوەی ئەمەریکا لە لێدوانێکی تایبەت بۆ ڕۆژنامەی خەبات دەڵێ: هەواڵی ڕێککەوتنی هەردوو حکومەتی هەرێمی کوردستان و عێراق لەسەر ئاسایکردنەوەی بارودۆخی شنگال هەواڵێکی دڵخۆشکەرە و من ماوەیەکی زۆر لەسەر ڕەوشی ئێزیدییەکان زانیاریم کۆدەکردەوە و هەنگاوێکی لەم شێوەیە بە چوونەدەرەوەی چەکدارە ناپاسایی و لە یاسادەرچووەکان لەم دەڤەرە زۆر گرنگە بۆ گەڕانەوەی ئێزیدییەکان و خەڵکی شنگال و دەوروبەری بەشێوەیەکی گشتی، نوکس تایمز لە دریژەی لێدوانەکەی بۆ ڕۆژنامەی خەبات گوتی: ئەم ڕێککەوتنەی هەولێر و بەغدا لەسەر شنگال بەڵام ئاسایکردنەوەی شنگال بەڵام پێمواید شنگال پێویستی بە میزانییەکی گەورە هەیە بۆ ئەوەی ژێرخانی قەزاکە بونیادبنرێتەوە.

عێراق.. دوو سەرکردەی داعش لە بەغدا دەستگیرکران

ووزارەتی ناوخۆی عێراق دەستگیرکردنی دوو سەرکردەی ڕێکخراوی تیرۆریستی داعشی لە ڕۆژئاوای بەغدا ڕاگەیاند. دەزگای هەواڵگری سەربە وەزارەتی ناوخۆ لە ڕاگەیەنراوێکدا ئاماژەی بەوە کردووە کە تیمێکی هەواڵگری ناوخۆ بەناوی ئەمیری ویلایەتی فەلوجە بەنازناوی ئەبو ئیسلام و بەرپرسی سەربازیی بەنازناوی ئەبو غوفران لە قەزای ئەبو غریب ڕۆژئاوای بەغدا، دەستگیرکرد. لە ڕاگەیەنراوەکەدا ئاماژە بەوە دراوە کە ئەو دوو تیرۆریستە بەتۆمەتی ئەنفالمبوونیان لە ڕێکخراوی تیرۆریستی داعش داواکراوبونە و لەکاتی دەستگیرکردنیاندا دەستگیراوە بەسەر بۆمبی لکێنراو و بڕێك تەقەمەنیدا. ئەوەش خراوەتە ڕوو، کە ئەو دوو کەسە بەڕپرس بوونە لە تەقاندنەوەی پایسکلێکی بۆمبڕێژکراو و بۆمبێکی چێنراو کە ڕۆژی پێنجی تشرینی یەکەم لە شاری فەلوجە ڕوویداوە و بووە هۆی بریندارببوونی ژمارەیەك پۆلیس و هاوڵاتیی. مانگی کانونی یەکەمی ساڵی 2017، هێزە عێراقییەکان بە پاڵپشتیی هاوپەیمانیی نێودەوڵەتیی دژبە داعش و دوای سێ ساڵ لە شەڕی سەخت دژبە چەکدارانی ڕێکخراوی تیرۆریستیی داعش، کۆنترۆڵکردنەوەی تەواوی ئەو ڕووبەڕیان ڕاگەیاند کە بە یەك لەسەر سێیی خاکی عێراق هەژماردەکرا کە داعش لە هاوینی 2014 کۆنترۆڵی کردبوو. وێڕای ئەوەی سەرکۆماری عێراق پێشوودا بڕیاری دابوو لە 9ی دیسەمبەری ساڵی 2017دا، سەرکەوتنی بەسەر ئەو ڕێکخراوەدا ڕاگەیاند و هێزەکانی عێراق لە ناوچەکانیان شکست پێهێناوە و شارەکانیان ئازادکردووە، بەڵام شانە نووستووەکانی ڕێکخراوەکە تاکو ئێستا بەردەوامن لەسەر هێرشەکانیان.

حکوومەتی هەرێمی کوردستان پێویستییەکانی خوێندن بۆ شنگال دابین دەکات



بەرپرسێك لە بەڕێوەبەرایەتیی پەروەردەی شنگال، ئاشکرای کرد کە هەموو پێویستییەکانی خوێندن و خۆپارێزیی قوتابیان لە پەتای کۆرۆنا، لەلایەن حکوومەتی هەرێمی کوردستانەوە دابین دەکرێ و پەروەردەی عێراق هاوکارییان ناکات.

دوێنێ، شەهاب ئەحمەد، بەرپرسی کارگێڕیی لە بەڕێوەبەرایەتیی پەروەردەی شنگال، بە (باسنیوز)ی ڕاگەیاند، کە ئەمساڵ حکوومەتی هەرێمی کوردستان پێویستییەکانی خۆپاراستنی لە پەتای کۆرۆنا بۆ هەموو قوتابخانەکانی شنگال دابین کردووە و ساڵانەش پەرتووکیان بۆ دابین دەکا و ئەمسالیش بە هەمان شێوەی پێشتر بۆیان دابین کراوە.

ئەوەیشی ئاشکرا کرد، کە بڕیار دراوە ٢٥ قوتابخانەی کوردی لە شنگال بکرێتەوە، کە پێشتر ١٨ قوتابخانەی کوردی لە شنگال هەبوون، ئێستەش ١٠ هەزار قوتابی بە زمانی کوردی دەخوێنن، لە ئێستاشدا دەستیان بە خۆئامادەکاری کردووە بۆ کردنەوەی دەروازەی قوتابخانەکان، کە بڕیارە چوارشەممەی دادێ ٢٠٢٠/١٠/١٣، بکرێنەوە.



هەڵەبجە... قاچاخچییەک بە بڕێک دەرمانی نایاساییەوە دەستگیرکرا

لەراگەیەنراوێکی بەڕێوەبەرایەتی ئاسایشی شارەزوور هاتووە: هێزەکانی ئاسایش لە (بازگەی دەرەشیش) سەر بە بەشی بازگەکانی بەڕێوەبەرایەتیان لە ڕێککەوتی (٢٠٢٠/١٠/٧) تۆمەتبارێکیان بەناوی (ك.ب.ع) دەستگیر کردووە، کە ژمارەیەك لە دەرزی و حەب و چارەسەری پزیشکی تایبەت بە نەخۆشی شەکرە و چەند نەخۆشیەکی کەی پێبوە کە بەشێوەیەکی نایاسایی و دوور لەرینایە تەندروستیەکان لە وڵاتی ئیرانەوە هێناویەتی، بەمەبەستی ساغکردنەوەی لە سنوری پارێزگای هەڵەبجە.

لەکۆتایی ڕاگەیەندراوەکەشدا ئاماژە بەوە دراوە، بۆ ئەو مەبەستە بەبڕیاری دادوەری لێکۆڵینەوەی ئاسایشی شارەزوور بە پێی ماددەی (٢٤٠/ی.س) تۆمەتباری ناوبراو ڕادەگیرێت و پەڕاوی لێکۆڵینەوەی بۆ سزادانی دەکرێتەوە و لێکۆڵینەوەی زیاتر لەمبارەوە بەردەوامە.

کەرکووک... ژنە پەرستارێک لە لایەن هاوپیشەکەیەوە هەوڵی کوشتنی دەدرێت



خەبات – ئارام شێرکۆ:

ژنە پەرستارێك لەلایەن هاوڕێیەکی هاوپیشەیەوە بە چەقۆ هێرشی دەکرێتە سەر و هەوڵی کوشتنی دەدرێت و لە سەربڕین رزگاری دەبێت، لەئێستادا گواستراوەتەوە بۆ نەخۆشخانەی ئازادی و باری تەندروستی ناجێگیرە.

تۆمەتبارەکەیش لە لایان هێزە ئەمنیەکانەوە دەستگیرکراوە .

سەرچاوەیەك لەپۆلیسی کەرکووك لە لێدوانێکی تایبەت گوتی: ئەمشەو کاتژمێر ١٠ شەو ژنە پەرستارێك لەکاتی چوونی بۆ ماڵی پیاوێکی هاوڕێ و هاوپیشەی لە گەڕەکی ئیمام قاسم، هەوڵی کوشتنی دەدرێت بەڵام دواتر هێزە ئەمنیەکان فریای دەکەون و ژنەکە دەگوازنەوە بۆ نەخۆشخانە و تاوانبارەکەیش دەستگیر دەکەن .

سەرچاوەکە گوتیشی، کە هاوپیشەی یەکترن و پەیوەندی خۆشەویستیش لەنێوانیاندا هەبووە. کێشە لەنێوانیان دروستبووە و لەلایەن هاوڕێیکەیەوە دراوەتە بەر چەقۆ و دواتر هەوڵی سەربڕینی دراوە.

بەڕێوەبەری سووتەمەنیی هەولێر:

مانگی داهاتوو دەست بە دابەشکردنی نەوت دەکرێت



دەیانەوێت ئەمسائڵ هەموو خەڵکی کوردستان نەوت وەربگرێت.

بەڕێوەبەری سووتەمەنیی هەولێر گوتیشی: کە نەوتەکە یەکلا بووەوە، ئەوکات دەست بە دابەشکردنی نەوتی سپی لە هەموو هەرێمی کوردستان دەکرێت و سەرەتاش لە ناوچە کوردستانییەکان دابەش دەکرێت. دەشڵێ: نرخەکەی بە هەمان ئەو نرخە دەبێت، کە حکوومەتی هەرێم و عێراق دابینی دەکەن و لە مانگی داهاتووشدا دەست بە دابەشکردنی نەوت دەکەین.

بەرپرسی لقی دوو:

هەڵوێستی نیشتیمانپەروەرانەی هونەرمەندان لە ڕۆژانی خەباتی شاخ و شار لەبیرناکەین



ڕۆژی سێ شەممە ٦ ی تشرینی یەکەمی ٢٠٢٠، بە ئامادەبوونی ئەحمەد کانی ئەندامی ئەنجومەنی سەرکردایەتی و بەرپرسی لقی دووی پارتی دیموکراتی کوردستان و هەڤاڵانی کارگێڕی لق و بەڕێوەبەری گشتی ڕۆشنبیری و هونەر، لقی دووی پارتی دیموکراتی کوردستان ڕێوڕەسمێکی بۆ ڕێزگرتن لە ٨ هونەرمەندی بە ئەزموونی شاری هەولێر ڕێکخست.

لە وتەیەکدا بەو بۆنەوە، بەرپرسی لقی دوو، وێڕای نیشاندانی پەرۆشی خۆی و هەڤاڵانی کارگێڕی لقی دوو بۆ خزمەتکردنی تەواوی هونەرمەندانی بە ئەزموون لە شاری هەولێر، ئاماژەی بەوە کرد کە ئەو هونەرمەندانەی ساڵانێکی درێژ خزمەتیان بە هونەری کوردی و دۆزی گەلەکەیان کردووە، وەك ئەستێرەیەکی دەرەوشاوەی ئاسمانی کوردستانن کە لە ڕۆژانی سەختی خەباتی شاخ و شاردا ئاوێنەی هەستی پەنگخواردووی گەنجانی نیشتیمانپەروەری کوردستان بوون، جەختیشی کردەوە کە هونەرمەندانی خاوەن هەڵوێست و نیشتیمانپەروەری وڵات لەبیر ناکەن و لە هەنگاوەکانی داهاتووشدا ڕێز لە تەواوی ئەو هونەرمەندانە دەگرن کە بوونەتە ناسنامە و ناونیشانی هونەری شاری هەولێر لە بواری جیاوازەکانی هونەر و جەختیشی کردەوە کە کوردستان دەوڵەمەندە بە نووسەر و ڕۆشنبیر و ئەدیب و هونەرمەندی گەورە و ئەوان بوونەتە هێمای پێشکەوتنی وڵات. پاشان هەریەك لە هونەرمەندانی میوزیك ژەن ڕوان عەدنان جەمال و ڕێبوار عەبدوللا بە ژەنینی چەند پارچە میوزیکێك بەشداری ڕێوڕەسمەکەیان کرد،هونەرمەند سەلاح ڕەئوفیش لە وتەیەکدا بەناوی تەواوی هونەرمەدان، سوپاسی لقی دووی پارتی دیموکراتی کوردستانی کرد و کورتەیەکی لەبارەی هەڵوێستی نیشتیمانی و خزمەتی هونەری هونەرمەندانی شاری هەولێری کرد، لەگەڵ ئەوەشەدا پارچە میوزیکێکی پێشکەش بە ئامادەبووان کرد.

لە هەرێمی کوردستاندا هەڵسەنگاندن و پێداچوونەوە بە ڕێکارەکانی بەرەنگاربوونەوەی کۆرۆنا دەکرێت



هەڵکشانێکی دیکە لە باڵاوبوونەوەی پەتای کۆرۆنا هەیە، بۆیە ئێمە ئێستا لە وەرزی پاییزین و زستانمان لەپێشە، پێویستمان بە تووندکردنەوەی ڕێکارەکان هەیە بەتایبەتی لەسەر ئاستی تاکەکەسی. لەدوای باڵاوبوونەوەی پەتای کۆرۆنا لە هەرێمی کوردستان، لە ناوەڕاستی مانگی ئایارەوە تووشبوون بە کۆرۆنا بەردەوام، لە بەرزبوونەوەدا بووە، بەجۆرێك لەماوەی ئەم مانگەدا بەتێکڕا ڕۆژانە زیاتر لە ٦٠٠ کەس تووشی ئەو پەتایە بوون.

هەرێمی کوردستان، لە سەرەتای باڵاوبوونەوەی پەتای کۆرۆنا، یەکێك بوو لەو شوێنانەی بەگوتەی شارەزایان بە باشترین شێوە ڕێگەی لە باڵاوبوونەوەی پەتای کۆرۆنا گرت بەهۆی تووندی ریکارەکانی باڵاوبوونەوەی کۆرۆنا، بەڵام لەگەڵ ئاسانکردنی ڕێکارەکان، ژمارەی تووشبووان بەردەوامە لە بەرزبوونەوە. بەگشتی بەپێی ئامارەکانی وەزارەتی تەندروستی، تائێستا ٥٤ هەزار و ٣٥٧ کەس لە هەرێمی کوردستان تووشی کۆرۆنا بوون، لەو ژمارەیەش ١٩٤٩ کەسیان گیانیان لەدەستداوە.

وەزیری تەندروستی هەروەها ڕایگەیاند: هاوڵاتی پێوستە خۆی و ماڵ و منداڵی لە شوێنی دەوامکردن، لەناو بازاڕ و لەو شوێنانەی گەڕاونەتەوە دۆخی ئاسایی، بپارێزێت؛ ئەمەش بە بەستنی ماسك و دووركەوتنەوە دەکرێت، چونکە ڕەوشی ئێستا وادەخوازێت. لە ئەوروپا و وڵاتانی دیکەش جارێکی دیکە ئەو ڕێکارانە بەشێکی لەسەر داموەدزگاکانی حکومەتی هەرێمی کوردستانە، بەڵام بەشی سەرەکیی لەسەر ئەستۆی هاوڵاتییە.

بەهۆی هەڵکشانی ژمارەی تووشبووانی کۆرۆنا لە هەرێمی کوردستان، لە چەند ڕۆژی داهاتوودا کۆبوونەوەیەکی فراوان دەکرێت بۆ هەڵسەنگاندن و پێداچوونەوە بە ڕێکارەکانی بەرەنگاربوونەوەی ئەو پەتا جیهانییە لە هەرێمی کوردستان.

دوێنێ، وەزیری تەندروستی، لەگەڵ فرسەت سۆفی، پارێزگاری هەولێر بۆ چاودێریکردن و ئاگادارکردن لە ڕەوشی تەندروستی، سەردانی شەقڵاوەی کرد و لە کۆنگرەیەکی ڕۆژنامەوانیشدا ئاشکرای کرد، هەڵسەنگاندن و پێداچوونەوە بۆ ڕێکارەکانی ڕووبەڕووبوونەوەی کۆرۆنا لە هەرێمی کوردستان دەکەن.

د. سامان بەرزنجی، وەزیری تەندروستی گوتی لە بەرنامەدایە لە ڕۆژانی داهاتوودا کۆبوونەوەیەکی لیژنەی پلاندانان لەگەڵ بەڕێزان پارێزگارەکان و سەرپەرشتیاری ئیدارەکان بکەین، بۆ هەڵسەنگاندن و پێداچوونەوە بەو ڕێکارانەی وەکو مەرجی تەندروستی دانراوون بۆ ئاساییبوونەوەی ژیان، بەدڵنیاییەوە (جێبەجێکردنی)

زیاتر لە پەنجا پڕۆژە بۆ قەزای ئاکرێ پێشنیاز کراوە




مازن محەمەد، قایمقامی قەزای ئاکرێ، بە مانۆپەڕی فەرمیی پارتی دیموکراتی کوردستانی ڕاگەیاند: ئیدارەی قەزای ئاکرێ خەریکی ئامادەکردنی لیستێکی ئەو پڕۆژانەیە، کە پێویستن بۆ خەڵکی ئاکرێ و لەگەڵ فەرمانگە پەیوەندیدارەکانی ئاکرێ لیستەکە ئامادە دەکرێت و دواتر پێشکەشی حکوومەتی دەکەین بۆ ئەوەی ڕەزامەندی لەسەر جێبەجێکردنیان بدرێت، هەموو پڕۆژەکانیش خزمەتگوزارین و لە بەرژەندیی هاوڵاتییانی ئاکرێن.

قایمقامی ئاکرێ دەڵێت: لەو لیستەی پێشکەشی حکوومەت دەکەین پڕۆژە ستراتیژی و پڕۆژەی ئاسایی لەخۆ دەگرێت، بەڵام ئێمە دەمانەوێ زیاتر گرینگی بە ڕێگاوبانەکان بدرێت بۆ نموونە بە دووسایدکردنی ڕێگای ئاکرێ گەلی زنتا بۆ ناحیەی دینارتە، هەروەها دروستکردنی ئۆقەڕپاس لە دەروازەی ئاکرێ و شەقامی بازانەیی نێو سەنتەری ئاکرێ.

مازن محەمەد ئاماژەی بۆ ئەوە کرد: هەندێك لەو پڕۆژانەی دەمانەوێ جێبەجێ بکرێن پڕۆژەی ستراتیژین بۆ قەزای ئاکرێ و پارەی زۆریان دەوێت بۆ جێبەجێکردنیان، بەڵام دوای جێبەجێکردنیان ئاکرێ گۆڕانکاریی بەسەردا دێت و دەچێتە قۆناغێکی دیکەی ئاوەدانکردنەوە و گەشەکردن.

مهاباد قەرەداغی نووسەر و شاعیری کورد کۆچی دوایی کرد



ڕۆژی هەینی مەهاباد قەرەداغی نووسەر و شاعیری کورد پاش چەند ڕۆژێک مانەوەی لە نەخۆشخانە بە هۆی ڤایرۆسی کۆرۆنـاوە کۆچی دوایی کرد. مهاباد قەرەداغی لەدایکبووی ١٩٦٦ ی شارۆچکەی کفری ناوچەی گەرمیان لە هەرێمی کوردستان بوو. یەکەم کۆمەڵە شیعری خۆی لە ١٩٨٠ بڵاوکردووەتەوە. لە نێوان ساڵانی ١٩٨٠ - ١٩٨١ لە لایەن ڕژێمی بەعسەوە دەستگیرکراوە. لە ١٩٨٣دا ڕوویکردووەتە دەرەوەی وڵات و لە سوید ماوەتەوزە، لە بواری میدیا، شیعر،ئەدەب، پرسەکانی تووندوتیژی، مافی ئافرەتان، کاری کردووە و چەندین بەرهەمی چاپ و بڵاوکردووەتەوە.

لە رابردوودا بۆ ماوەیەک ڕاوێژکاری سەرۆکوەزیرانی هەرێمی کوردستان بووە، بۆ کاروباری ئافرەتان.

پرسەنامەی مەکتەبی سیاسی پارتی دیموکراتی کوردستان بۆ کۆچی دوایی (مەهاباد قەرەداغی)

بەڕێزان خانەوادەی نووسەر و شاعیر(مەهاباد قەرداغی)

خەمباربووین بە بیستنی هەواڵی کۆچی دوایی کەسایەتی و کادیری دڵسۆز و نیشتمانپەروەر، نووسەر و شاعیر (مەهاباد قەرەداغی) ئەندامی دەستەی ڕێکخراوە جەماوەری و پیشەییەکانی پارتیمان، بەو بۆنە خەمناکەوە پرسە و سەرەخۆشی خۆمان ئاراستەی نێوەی بەڕێز و کەسوکار و بنەماڵە تێکۆشەرەکەتان و تەواوی خزم و دۆست و ئاشنایانتان دەکەین، خۆمان بەهاوبەشی خەمتان دەزانین.

خوالێخۆشبوو مەهاباد قەرەداغی(مەهاباد قەرەداغی) ئەندامی دەستەی ڕێکخراوە جەماوەری و پیشەییەکانی پارتیمان، بەو بۆنە خەمناکەوە پرسە و سەرەخۆشی خۆمان ئاراستەی نێوەی بەڕێز و کەسوکار و بنەماڵە تێکۆشەرەکەتان و تەواوی خزم و دۆست و ئاشنایانتان دەکەین، خۆمان بەهاوبەشی خەمتان دەزانین. خوالێخۆشبوو(مەهاباد قەرەداغی) کەسایەتیەکی لێهاتوو و چالاکی بواری مافەکانی ئافرەتان بوو و هەروەها لە ڕووی بزاڤی ڕۆشنبیری و ئەدەبی و جەماوەریدا دڵسۆزانە و لەخۆبردوانە خزمەتی کردوە و، وەکو نووسەر و وەرگێڕیش خاوەنی کۆمەڵێک بەرهەمی ئەدەبی و ڕۆشنبیریی بەپێزە..

جارێکی دیکە پرسە و سەرەخۆشی خۆمان دووپات دەکەینەوە و داواکارین لە خوای گەورە خوالێخۆشبوو بەبەهەشتی بەرین شاد بکات و ئێوەش لە خەم و ئازار و کۆستی دیکە بە دوور بن...

انا لله وانا الیه راجعون

مەکتەبی سیاسی پارتی دیموکراتی کوردستان

بەڕێزان خانەوادەی نووسەر و شاعیر (مەهاباد قەرەداغی)

بەداخ وپەژارەیەکی زۆرەوە هەواڵی کۆچی دوایی نووسەر و شاعیری دیاری گەلەکەمان (مەهاباد قەرەداغی)مان بیست، بەو بۆنە خەمناکەوە پرسە و سەرەخۆشیان ئاراستەی خانەوادە و کەسوکار و بنەماڵە بەڕێزەکەیان و هاوڕێ و هەڤاڵانی خوالێخۆشبوو دەکەین و، خۆمان بە هاوبەشی خەمیان دەزانین.

خوالێخۆشبوو (مەهاباد قەرەداغی) لە ساڵی (١٩٦٦) لە شارۆچکەی کفری لەدایک بووە، هەر لەتەمەنێکی زووەوە دەستی بە نووسینی شیعر کردووە، بەهۆی هەڵوێستە نەتەوەیی و بەرهەم و نووسینەکانیەوە چەند جارێک دووچاری گرتن و زیندانیکردن بۆتەوە. (مەهاباد قەرەداغی) کەسایەتیەکی بەتوانا و شارەزا و چالاک بوو لە بواری بزاڤی ڕۆشنبیری و ئەدەبیدا و لە ساڵی (١٩٩١) بۆتە ئەندامی یەکێتی نووسەرانی کورد و، پاشان لە ساڵی (٢٠٠٥) لە هەندەرانەوە دەگەڕێتەوە بۆ کوردستان و دەبێتە ڕاوێژکار بۆ کاروباری ئافرەتان و یەکسانیی لە سەرۆکایەتی ئەنجوومەنی وەزیران، هەروەها ئەندامی دەستەی ڕێکخراوە جەماوەری و پیشەییەکانی پارتیمان بوو. خوالێخۆشبوو خاوەنی دەیان بەرهەمی ئەدەبی و ڕۆشنبیرییە لەبواوە جیاجیاکانی ڕۆشنبیری ومەعریفی، کار و بەرهەم و بەخششەکانی لەم بوارانەدا دیار و بەرچاون، ئومێدەوارین هاوسۆزیی و هاوخەمیی نووسەر و ڕۆشنبیران و هاوڕێ و هەڤاڵانی بیێتە مایەی دڵنەوایی و سەبووری هەموو لایەک. جارێکی دیکە پرسە و سەرەخۆشی خۆمان دووپات دەکەینەوە و لە خوای گەورە داواکارین سەبووری بە هەموو لایەک ببەخشێت وگیانی کۆچکردوویش بە بەهەشتی بەرین شاد بکات.

انا لله وانا الیه راجعون

دەزگای ڕۆشنبیری و ڕاگەیاندنی پارتی دیموکراتی کوردستان

بەڕێزان خانەوادەی نووسەرو چالاکوان مەهاباد قەرەداغی

بەداخەوە هەواڵی کۆچی دوایی خاتوو (مەهاباد قەرادەغی)مان پێگەیشت، مەهاباد خان ژنێکی بوێرو ڕۆشنبیرو داکۆکیکارێکی سەرسەختی پرسی مافەکانی ئافرەت و یەکسانیی جێندەری بوو، کە زیاتر لەنیوەی تەمەنی لەپێناو خزمەتکردن و بەدیهێنانی ئامانجەکانی ئەو پرسە تەرخان کردبوو، هاوتەریب لەگەڵ ئەوە نووسەرێکی بەتواناو خاوەن هەڵوێست و نیشتمانپەروەر بوو. لەدەستدانی ئەم خاتوونە خەسارەتێکی گەورەیەو شوێن پەنجەی هەمیشە لەپرسی ئافرەت و یەکسانیی جێندەرەی و ئەدەبیاتی کوردیدا بەزیندوویی دەمێنێتەوە. پرسەو سەرەخۆشیی خۆمان ئاراستەی خانەوادەو هاوڕێیانی دەکەین، لەیەزدانی مەزن داواکارین ڕەوانی بەبەهەشت شاد بکات و سەبووری بەکەسوکاری و خۆشەویستانی ببەخشێت.

لیژنەی داکۆکیکردن لە مافی ئافرەت لەپەرلەمانی کوردستان



دوێنێ لە ڕێوڕەسمێکدا، کە ژمارەیەک لە نووسەران و ڕۆژنامەنووس و هاوڕێیانی ڕەوان شاد مهاباد قەرەداغی ئامادەبوون، مامۆستا سەلام عەبدوڵڵا سەرنووسەری خەبات چەپکە گوڵی لەسەر گڵکۆی نووسەر و شاعیر مهاباد قەرەداغی دانا. هەروەها بەشداربووانی ڕێوڕەسمەکەش چەپکە گوڵیان لەسەر گڵکۆی شاعیر دانا.

پرسەنامە

بەناوی خودای بەخشندە و میهرەبان

بەڕێزان خانەوادەی فواد ئاڵتونچی

بە دڵگرانیەکی زۆرەو هەواڵی کۆچی دوایی پێشمەرگەی دڵسۆز و بەوەفای شۆڕشی ئەیلوول و کەسایەتی دیاری شاری کەرکوك(فواد محەمەد جمعە) ناسراو بە (فواد ئاڵتونچی)مان پێگەیشت. پرسە و سەرەخۆشی ئاراستەی خانەوادە بەڕێز و نیشتیمانپەروەکەتان و تەواوی خزم و دۆست و هاوەڵانی خوالێخۆشبوو دەکەین، خۆمان بە هاوبەشی خەمتان دەزانین. لە خودای مەزن داواکارین گیانی خوالێخۆشبوو فواد ئاڵتونچی بەر ڕەحمەتی خۆی بخات و بە بەهەشتی بەرینی شاد بکات، ئارامی و دڵنەوایی بە ئێوە و کەسوکارتان ببەخشێت.

.....

بەڕێز عەقید بەندەر عەلی موراد

بە دڵگرانیەکی زۆرەوە هەواڵی کۆچی دوایی کەسایەتی دیاری شاری خانەقین (جەوهەر عەلی موراد)ی براتانمان پێگەیشت. پرسە و سەرەخۆشی ئاراستەی خانەوادە بەڕێزەکەتان و تەواوی خزم و دۆست و ئاشنایانتان دەکەین، خۆمان بەهاوبەشی خەمتان دەزانین.

لە خودای گەورە داواکارین گیانی خوالێخۆشبووی براتان بەر ڕەحمەتی خۆی بخات و بە بەهەشتی بەرین شاد بکات، دڵنەوایی و ئارامیش بە ئێوە و کەسوکارتان ببەخشێت.

.....

بەڕێزان خانەوادەی ئەحمەد ئیسماعیل هەڵشۆیی

بەدڵگرانیەکی زۆرەوە هەواڵی کۆچی دوایی پێشمەرگەی شۆڕشی ئەیلوول (ئەحمەد ئیسماعیل هەڵشۆیی)مان پێگەیشت. پرسە و سەرەخۆشی ئاراستەی خانەوادە بەڕێز و نیشتیمانپەروەرەکەتان و تەواوی خزم و دۆستانتان دەکەین، خۆمان بە هاوبەشی خەمتان دەزانین. لە خودای دلۆقان داواکارین گیانی خوالێخۆشبوو ئەحمەد ئیسماعیل هەڵشۆیی بەر ڕەحمەتی خۆی بخات و بە بەهەشتی بەرینی شاد بکات، دڵنەوایی و ئارامیش بە ئێوە و کەسوکارتان ببەخشێت.

.....

بەڕێزان، خانەوادەی مەهاباد قەرەداغی

بەدڵگرانیەکی زۆرەو هەواڵی کۆچی دوایی پێشمەرگە و شاعیری دیاری میللەتەکەمان خاتوو(مەهاباد قەرەداغی)مان پێگەیشت. خاتوو مەهاباد قەرەداغی وەك خاوەن قەڵەمێکی بوێر لە کایەی ڕۆشنبیری و دونیای شیعر و بەرگریکردن لە پرسی ئافرەتاندا هەمیشە ناوێکی پرشنگدار دەبێت لە مێژووی میللەتەکەیدا. بەم بۆنە خەمناکەوە، پرسە و سەرەخۆشی لە خانەوادە بەڕێزەکەی و تەواوی خزم و دۆست و ڕۆشنبیرانی کوردستان دەکەین، خۆمان بە هاوبەشی خەمتان دەزانین. لە خودای مەزن داواکارین گیانی خوالێخۆشبوو مەهاباد قەرەداغی بەر ڕەحمەتی خۆی بخات و بە بەهەشتی بەرینی شاد بکات، ئارامی و دڵنەوایی بە ئێوە و کەسوکارتان ببەخشێت.

.....

بەڕێزان، خانەوادەی غازی ساڵح ئالیخان

بەدڵگرانیەکی زۆرەوە هەواڵی تیرۆرکردنی (غازی ساڵح ئالیخان) بەڕێوەبەری ئاسایشی سەرزێیان پێگەیشت. پرسە و سەرەخۆشی ئاراستەی خانەوادە بەڕێز و نیشتیمانپەروەکەتان و تەواوی خزم و دۆست و ئاشنایانتان دەکەین، خۆمان بەهاوبەشی خەمتان دەزانین. لە خودای گەورە داواکارین گیانی خوالێخۆشبوو غازی ساڵح ئالیخان بەر ڕەحمەتی خۆی بخات و بە بەهەشتی بەرین شاد بکات، دڵنەوایی و ئارامیش بە ئێوە و کەسوکارتان ببەخشێت.

.....

بەڕێزان، خانەوادەی سەید عەلی زینۆیی،

بەدڵگرانیەکی زۆرەوە هەواڵی کۆچی دوایی کەسایەتی دیار و پێشمەرگەی شۆڕشی ئەیلوول(سەید عەلی زینۆیی)مان پێگەیشت. پرسە و سەرەخۆشی لە خانەوادە بەڕێز و نیشتیمانپەروەکەتان و تەواوی خزم و دۆست و ئاشنایانتان دەکەین، خۆمان بەهاوبەشی خەمتان دەزانین. لە خودای مەزن داواکارین گیانی خوالێخۆشبوو سەید عەلی زینۆیی بەر ڕەحمەتی خۆی بخات و بە بەهەشتی بەرین شاد بکات، دڵنەوایی و ئارامیش بە ئێوە و کەسوکارتان ببەخشێت.

انا لله و انا الیه راجعون

بارەگای بارزانی

****

بەڕێزان خانەوادەی عوسمان کوێخا ڕەزا شینکی

بەداخەوە هەواڵی کۆچی دوایی پێشمەرگەی شۆڕشی مەزنی ئەیلوول، خوالێخۆشبوو (عوسمان کوێخا ڕەزا شینکی) ناسراو بە (عوسمان ڕەشاش)مان پێگەیشت. بەو بۆنە خەمناکەوە پرسە و سەرەخۆشی ئاراستەی ئێوەی بەڕێز و کەسوکار و بنەماڵە تێکۆشەرەکەتان دەکەین و هاوبەشی خەمتانین. لەخودای گەورە داواکارین دڵنەوایی و ئارامی بە هەموو لایەك ببەخشێت و گیانی هەڤاڵی کۆچکردوویش بەبەهەشتی بەرین شاد بکات.

.....

بەڕێزان خانەوادەی ئەحمەد ئیسماعیل هەڵشۆیی

خەمباربووین بە بیستنی هەواڵی کۆچی دوایی پێشمەرگە و پێشمەرگەی شۆڕشی مەزنی ئەیلوول، خوالێخۆشبوو (ئەحمەد ئیسماعیل هەڵشۆیی). بەو بۆنە خەمناکەوە پرسە و سەرەخۆشی ئاراستەی ئێوەی بەڕێز و کەسوکار و بنەماڵە تێکۆشەرەکەتان و هاوبەشی خەمتانین. لەخودای گەورە داواکارین سەبوری و ئارامی بە ئێوە ببەخشێت و گیانی کۆچکردوویش بەبەهەشتی بەرین شاد بکات.

.....

بەڕێزان خانەوادەی حوسێن عەزیز سورچی

بەداخەوە هەواڵی کۆچی دوایی کەسایەتی دەڤەری هەریر و تێکۆشەر و نیشتمانپەروەر، خوالێخۆشبوو (حوسێن عەزیز سورچی)مان پێگەیشت. بەو بۆنە خەمناکەوە پرسە و سەرەخۆشی ئاراستەی ئێوەی بەڕێز و کەسوکار و بنەماڵە تێکۆشەرەکەتان دەکەین و هاوبەشی خەمتانین. لەخودای گەورە داواکارین دڵنەوایی و ئارامی بە هەموو لایەک ببەخشێت و گیانی هەڤاڵی کۆچکردوویش بە بەهەشتی بەرین شاد بکات..

انا لله وانا الیه راجعون

مەکتەبی سیاسی پارتی دیموکراتی کوردستان

****

بۆ کۆچی دوایی ئەدیب و شاعیری ناسراو (ع.ع.شەونم)

بەداخ و پەژارەیەکی زۆرەوە هەواڵی کۆچی دوایی ئەدیب و شاعیری ناسراوی گەلەکەمان مامۆستا(عەلی عەبدوڵڵا)ناسراو بە(ع.ع.شەونم)مان بیست، بەو بۆنە خەمناکەوە پرسە و سەرەخۆشی خۆمان ئاراستەی خانەوادە و کەسوکار و بنەماڵە بەڕێزەکەیان و سەرجەم ئەدیب و ڕۆشنبیرانی کوردستان دەکەین. مامۆستا(ع.ع.شەونم) کەسایەتیەکی ڕۆشنبیر و ئەدیبێکی دیار و شارەزا بوو، هەروەها شاعیر و ئاوازدانەر و زمانزان و مێژوونووسێکی نیشتمانپەروەر بوو و، خاوەنی چەندین بەرهەمی ئەدەبی و ڕۆشنبیرییە لە بواری شیعر و ڕێزمان و پەندی پێشینان و، کاریگەری و جێدەستی لە بواری ئەدەبیی و ڕۆشنبیریی دا دیار و بەرچاوە، ئومێدەوارین هاوسۆزیی و هاوخەمیی نووسەران و ڕۆشنبیران بیێتە مایەی دڵنەوایی و سەبووری بنەماڵە بەڕێزەکەی و هەموو لایەك. جارێکی دیکە پرسە و سەرەخۆشی خۆمان دووپات دەکەینەوە و لەخودای گەورە داواکارین سەبووری بەهەموو لایەك ببەخشێت وگیانی کۆچکردوویش بەبەهەشتی بەرین شاد بکات..

.....

بەڕێزان خانەوادەی نووسەر و ڕۆژنامەنووس (عەزیز هەریری)

دڵگران بووین بە بیستنی هەواڵی کۆچی دوایی نووسەر و ڕۆژنامەنووس(عەزیز هەریری) کە پاش ماوەیەکی کەم لە کۆچی دوایی کاکە(گۆران)ی کوڕی، بەداخەوە خۆشی دواماڵئاوایی لێکردین، بەو بۆنە خەمناکەوە پرسە و سەرەخۆشی خۆمان ئاراستەی ئێوەی بەڕێز و کەسوکار و بنەماڵەکەتان دەکەین و خۆمان بە هاوبەش و شەریکی خەمتان دەزانین. خوالێخۆشبوو(عەزیز هەریری) کەسایەتیەکی دڵسۆز و نیشتیمانپەروەر و کادیرێکی دیاری بواری ڕاگەیاندنی پارتیمان بوو، هیواخوازین هاوخەمیی دڵسۆزان و دۆستانی بیێتە مایەی دڵنەوایی و سەبووری خانەوادە تێکۆشەرەکەتان و لە خەم و خەفەتتان کەم بکاتەوە. دووبارە پرسە و سەرەخۆشی خۆمان دووپات دەکەینەوە و ئومێدەوارین لە خەم و ئازار و کۆستی دیکە بە دوور بن و جێگای کۆچکردوویش بەبەهەشتی بەرین بیێت.

.....

هەڤاڵ و میدیاکاری بەڕێز محەمەد جەبەلی

خەمبار بووین بە بیستنی هەواڵی کۆچی دوایی باوکی بەڕێزتان، خوالێخۆشبوو (جەبەلی فەقێ ئیدلبی). بەو بۆنە خەمناکەوە پرسە و سەرەخۆشی ئاراستەی ئێوەی بەڕێز و کەسوکار و بنەماڵە تێکۆشەرەکەتان دەکەین و هاوبەشی خەمتانین.

لە خودای گەورە داواکارین دڵنەوایی و ئارامی بە هەموو لایەك ببەخشێت و گیانی باوکی کۆچکردوویشتان بە بەهەشتی بەرین شاد بکات.

انا لله وانا الیه راجعون

دەزگای ڕۆشنبیری و ڕاگەیاندنی پارتی دیموکراتی کوردستان

لەسەر سەرپێچیی کارەبا لە هەشت مانگدا زیاتر لە سێ هەزار کەس سزا دراون



بەڕێوەبەری گشتیی کارەبای هەولێر ڕایگەیاند: لە ماوەی هەشت مانگی ڕابردوودا زیاتر لە سێ هەزار سەرپێچیکار بە بڕی زیاتر لە ملیارێك دینار سزا دراون و هەڵمەتەکەش بەردەوامە و چاوپۆشی لە هیچ کەسێك ناکرێ.

ئەندازیار حوسێن حەمەد، بەڕێوەبەری گشتیی کارەبای هەولێر بە(باسنیوز)ی ڕاگەیاند: هەڵمەتی بڕینی سەرپێچییەکانی سەر تۆڕی کارەبای نیشتیمانی لە سنووری پارێزگای هەولێر بەردەوامە و جگە لە ناو شاری هەولێر هەڵمەتەکە لە شار و چارۆچکەکانیش دەستپێکردووە، لە ماوەی هەشت مانگی ڕابردووشدا سێ هەزار و ٦٦٤ هاوڵاتی سزادراون و هەزار و ٧٣٢ سەرپێچیکاریش کارەبایان بڕاوە. ڕوونیشیکردەوە هەڵمەتەکە جگە لە هاوبەشی ماڵان، هاوبەشانی کۆمپانیا و هوتێل و نەخۆشخانە و شوێنە گشتییەکانیش دەگرێتەوە، بەم هۆیەشەوە لە ماوەی ئەنجامدانی هەڵمەتەکەشدا سەرپێچیکاران بەبڕی ملیارێك و ٤٥٤ ملیۆن دینار سزادراون، بەشێکی زۆری ئەو کەسانەی سەرپێچییان ئەنجامداوە خۆیان سەردانی بەڕێوەبەرایەتییەکانی کارەبایان کردووە بۆ بڕینی سەرپێچییەکانیان.

جەختیشکردەوە چاوپۆشی لەهیچ کەس ناکەین و سەرەتا هەڵمەتەکەمان لەو گەڕەکانە دەستپێکرد کە دانیشتووانەکەی دەوڵەمەند و بەرپرسن.

کونفرانسەک ل دور هوکارێن نەڤەگەریانا ئاوەرەیان بو دەڤەردارێا شنگالێ هاتەسازکرن



ڕۆژا ٧-١٠-٢٠٢٠ ل هولا ئوتێلا ژیان ل دهۆکێ ب ئامادەبونا ماجد سەید ساڵح جێگرێ پارێزگەرێ دهۆکێ، نونەرێ پارێزگەری و نەجم جبوری پارێزگەرێ نەینەوا و کەسایەتیێن شنگالی ل دهۆك و نەینەوا و نونەرێن ڕێکخراوێن UN و NGOڕێکخراوا (پرومیدیاسیون) سێیەمین کونفرانسێ تایبەت ل دور هوکار و ئاستەنگێن دهێنە پێش نە ڤەگەریانا ئاوارەیان بو دەڤەردارێا شنگالێ سازکر.

دکونفرانسیدا پەیڤێن جودا جودا هاتنە خاندن ژوانا پەیڤا پارێزگەرێ نەینەوا و پەیڤا نونەرێ پارێزگەرێ دهۆکێ وپەیڤا وەزارەتا نافخویا کوردستانێ .

د هەموو پەیڤاندان چەند هوکار هاتنە دیارکرن کو دبنە ڕێگر ئاوارەبێن شنگال نەشێن ڤەگەرنە سەر جهو وارێن خو.

جێگرێ پارێزگەرێ دهۆکێ بنافێ پارێزگەرێ دهۆکێ و کارگێریا پارێزگەهێ دەست خوشی ل ڕێکخەرێن کونفراسی کر و دیارکر کو برینا خەلکێ شنگالێ زور یا کورە و دڤێت هەموو هەول بهێنەدان برینێن وان بهێنە دەرمانکرن و هەر تشتەکێ دشیاندابیت بو بهێتە کرن وئیدارا شەرعی بهێتە ڤەگەراندن و شنگالی بخو کاروبارێن خو برێڤەبەن و ژێرخانا شنگال وەدەردورێن وێ بهێتەئافاکرن و قەرەبویا ئاوارەیان و زیانڤێکەفتیا بهێتە کرن و هەموو خزمەتگوزاری بو دەڤەرێ بهێنە دابینکرن بو وێ یەکێ خەلك بشێت ب ئاەزومەندیا خو ڤەگەریتە سەر جهو وارێن خو و بەرهەڤیا پارێزگەهێ نیشان دا بو هەر هەڤکاری و ئاسانکاریەکێ دگەل لایەنێن پەیوەندیدار بو هاریکاریکرنا ئاوارەیان. پاش گەنگەشێن تێروتەسەل ژلایێ بەرهەڤبویێن کونفراسی ل سەر هوکارێن نەڤەگەریانێ هاتنە کرن وپێشنیار بو چارەسەرکرنێ هاتنە بەرچاڤکرن.



بەڕێوەبەرایەتی نشینگەی هەولێر:

هەر کۆمپانیایەک کەسانی بیانی لایان کار بکات دەبێت سەردانی نشینگە بکەن

لە ڕاگەیەندراوێکدا بەڕێوەبەرایەتی نشینگەی هەولێر بڵاویکردووەتەوە، ئاگاداری سەرجەم کۆمپانیاکان و خاوەن کارەکانی سنووری پارێزگای هەولێر دەکەینەوە کە هەر کەسێکی بیانی کە لایان کار دەکات و نشینگەی زیاتر لە دوو ساڵ بەسەرچووە یاخود نشینگەیان دەرنەهێناوە یاخود بە فیزا هاتوونەتە هەرێمی کوردستان تائێستا بەبێ نشینگەن، پێویستە لە ماوەی مانگێك دوای بڵاو بوونەوەی ئەم ئاگادارییە سەردانی بەڕێوەبەرایەتی نشینگە بکەن بە مەبەستی دەرهێنان یاخود نوێکردنەوەی نشینگەکانیان، بە پێچەوانەوە ڕێکاری یاسایی لەگەڵ کۆمپانیاو خاوەنکارەکان دەگیرێتە بەر بۆ ئاگاداری هەموو لایەك.

مەسرور بارزانی و حکومەتەکەی چییان بۆ خەڵکی کوردستان کردووە؟

بە گەواهی و ستایشی ڕێکخراوی تەندروستی جیهانی و زۆرێک لە ڕێکخراوەکانی جیهانی و ناوخۆیی پەیوەندیدار، حکومەتی مەسرور بارزانی زۆر سەرکەوتوو بووە لە ڕووبەڕووبوونەوەی بڵاوبوونەوەی پەتای کۆرۆنا لە هەرێمی کوردستاندا





کاروان محەمەد سینو

ئەم سەردێرەی سەرەوە دەکرێ بڵێین پرسیاری هەموو خەڵکی کوردستانە بە دۆست و نەیارانی مەسرور بارزانییەوە. ئاشکرایە کە هەموو خەڵکی کوردستان و ئۆپۆزسیۆنەکانی حکومەتی مەسرور بارزانی (کابینەی نۆیەم) دەزانن کە ئەمڕۆ کوردستان و عێراق و تەواوی جیهان بە چ دۆخێکی نالەباری ئابوور و سیاسی و تەندروستی تێ دەپەڕێت؟!، کە بۆتە ئەگەری گەورەترین قەیرانی سیاسی و ئابووری جیهان دوای دارمانی ئابووری گەورە (Great Depression) ساڵی ١٩٢٩ کەلە ئەمریکا دەستی پێکرد و دواتر ئەورووپا و تەواوی جیهانی گرتەوە. بۆیە لێرەدا پرسیار ئەوەیە، ئایا لەم بارودۆخە نالەبارەی ئێستادا، مەسروربارزانی و حکومەتەکەی چییان بۆ خەڵکی کوردستان کردووە؟، چۆن ڕووبەرووی ئەم قەیرانە سیاسی و ئابووریە بوونەوتەوە؟!، تاچ ڕادەییەك لەم ڕووبەرووبوونەوەدا سەرکەوتوو بوونە؟.

لەم نووسنەمدا هەوڵدەدەم هەندێك ڕاستی حاشاهەڵنەگر بۆ خەڵکی کوردستان و هەموو لایەنە سیاسییەکانی بەشدار و ئۆپۆزسیۆنی حکومەتی مەسرور بارزانی بخەمەڕوو، بۆ ئەوەی چیدی لەلایەنە نەیارانی مەسرور بارزانییەوە یاری بەهەست و عاتیفەی خەڵکی کوردستان نەکرێ و چەواشەنەکرێن و خەڵك و شەقام لەخزمەتی ئەجێندا و مەرامی بەرتەسکی حزبایەتی خۆیان بەکاریان نەهێنن و سواری مەوجی خواست و داواکارییەساده و ڕەواکانی خەڵکی کوردستان نەبن و لەبەرژەوەندی بەرتەسکی حزبایەتی خۆیان بەکاری نەهێنن، کە ڕۆژ نییە خواستەکانی شەقام نەکەن بە بنێشتەخۆشەی خۆیان و لە میدیا و ڕاگەیاندنە چاواشەکارەکانیان دەی جوون و دەی جوونەوە. ڕاستییەکان دەخەمە ڕوو بۆ ئەوەی چیدی ئەوانەی خۆیان بە نوێنەری کوردستان دەزانن لە پەرلەمانی عێراقدا پاشقۆڵ لەسیاسەتی حکومەتی کوردستان نەگر و خۆیان و کورسی و پۆستەکانی خۆیان لە نێو پەرلەمانی عێراقدا نەخەنە بەر فڕۆشتن و هەڕاج کردن بۆ ئەجندای لایەنەی سیاسییەکانی ناو پەرلەمانی عێراق.

ئاشکرایە کە پاش ساڵێك لە حوکمڕانی حکومەتی مەسرور بارزانی (کابینەی نۆیەم)، کوردستان و عێراق و تەواوی جیهان دووچاری قەیرانێکی تەندروستی بوو (پەتای ڤایرۆسی کۆرۆنا) کە ئەمەش بووە ئەگەر دارمانی پێشبین نەکراوی سیستمی تەندروستی و ئابووری هەموو وڵاتانی جیهان و بەتایبەت سێکتەری نەوت و ووزە و دابەزینی نرخی نەوت بۆ ئاستێك کە هەرگیز لە مێژوودا ڕووی نەداوە. ئەمەش کاریگەری نەرێنی هەبووە لەسەر چەندین قەیرانی سیاس و ئابووری لە تەواوی وڵاتانی جیهان. بێشك کوردستانیش بەدوور نەبوو لەم قەیرانە ئابووری و سیاسیانە، بەتایبەت کە ئابوور و داهاتی هەرێمی کوردستان بەشێوەیەکی سەرەکی پشتی بەستووە بە بەرهەم هێنان و فڕۆشتین نەوت، لەهەمان کاتیشدا حکومەتی فیدراڵی عێراق بەردەوام بووە لە بڕین و دواخستنی بودجە و مووچە و شایستە داراییەکانی هەرێمی کوردستان. ئەمەش ئاستەنگ و بەربەست و تەحەدایەکی گەورە بوو بۆ حوکمڕانی و دابین کردنی بژێوی ژیانی خەڵکی کوردستان لەلایەن حکومەتی هەرێمی کوردستانەوە. بەڵام سەرەڕای هەموو ئەم قەیران و ئاستەنگ بەربەستانە، بەپێی توانا و ئەو ئیمکانیاتانەی لەبەردەست دابووە، مەسرور بارزانی و حکومەتەکەی لەئاستی بەرپرسێتدا بوون بەرامبەر پاراستن و خزمەتکردنی خەڵکی کوردستان و بەردەوام بوون لە دابین کردنی مووچەی فەرمانبەران و جێبەجێ کردنی پڕۆژەی خزمەتگوزار و چاکسازی لە بواری جیاجیاکاندا و ڕووبەڕوو بوونەوەی پەتای ڤایرۆسی کۆرۆنا و گوفتوگۆ و دانوستان لەگەڵ حکومەتی فیدراڵ (بەغدا) بۆ دەستەبەرکردنی ماف و شایستەکانی هەرێمێ کوردستان لەچوار چێوەی دەستووری عێراق دا.

لە بواری چاکسازیدا مەسرور بارزانی چی کردووە؟

چاکسازی دەستەواژەیەکی گشتگیرە و چەندین بەش و سێکتەر و بوار و تەوەر لەخۆی دەگرێت، دەکرێ چاکسازی حکومەتی مەسرور بارزانی لە دوو بەشی سەرەکیدا بخەینەڕوو، یەکەم چاکسازی داریی، دووەم چاکسازی کارگێڕی.

یەکەم: چاکسازی دارایی، لەبواری چاکسازی داریدا حکومەتی مەسرور بارزانی هەڵساوە بە پێکهێنانی لیژنەیەکی باڵا بۆ پێداچوونەوە و بەسیستماتیك کردنی چۆنیەت وەرگرتنی باج بە شێوەیەکی دادپەروەی و گرتنەبەری ڕێکارە یاسایی و کارگێڕییەکان بۆ ڕێگری کردن لە خۆدزینەوە لە پێدانی باج، ئێستا لیژنەباڵاکە و چەندین لیژنەی لاوەیکی لەبواری کارکردنداو هەڵساون بە دانانی باج لەسەر کۆمپانیاکانی پەیوەندی و ئینتەرنێت (کۆڕەك، ئاسیاسێل، زین ئەل عێراق.. هتد) و کۆمپانیاکانی گەیاندن و هەروەها پڕۆژەکانی وەبەرهێنان. شایانی باسە تاکوئێستا ٤٩کۆمپانیای بواری گەیاندن و کۆمپانیای فڕۆکەونی عێراق ئاگادار کراون کە پابەندبن بە پێدانی باج و ٧کۆمپانیای دیکەش لەسەر پێنەدانی باج دراونەتە دادگا. هەروەها گەورە کۆمپانیاکانی بواری (نەوت، کارگەکانی چیمەنتۆ،ئاسن، وێستگەکانی وەبەرهێنانی کارەبا و پەیوەندی و گەیاند) هەموویان پابەندکراون بە پێدانی باج لەسەر بنەمای بڕی بەرهەم هێنان و فڕۆشتن و بڕ] قازانج کردنیان. لەلایەکی دیکەشەوە حکومەتی مەسرور بارزانی هەڵساوە بە هەڵوەشاندن و ڕاگرتنی هەموو ئەو فەرمان و نوسراوانەی (لێخۆشبوونی باج) لە هەرسەرچاوەیەك دەرچووبون. بەم شێوەیە کۆکردنەوە و وەرگرتنی باج دەبێتە ئەگەری داهاتێکی بەرچاو بۆ حکومەتی هەرێم کە بتوانێ لە بواری کانی خزمەتگوزاری و دابینکردنی بژێوی ژیانی خەڵکی کوردستاندا خەرج بکات.

هەروەها حکومەتی مەسروربارزانی هەڵساوە بە ڕێکخستن و پێداچوونەوەی یەکخستن و پێکەوە لکاندنی ئەو یەکە ئیداریانەی کە ئەرك و چالاکییەکانیان هاوشێوەن، ئەم هەنگاوانە بوونە ئەگەری ڕێکخستنەوەی کاروچالاکی و کەمکردنەوەی خەرجییەکان.

لە 14 مانگی تەمەنی خۆیدا، چۆن حکومەتی مەسرور بازانی دوانزە بەسەر فەرمانبەرانی کوردستان دابەش کردووە؟!

بێگومان بڵاوبوونەوەی پەتای کۆرۆنا و دابەزینی نرخی نەوت لەسەر ئاستی جیهان و نەناردنی شایستە داراییەکانی کاروبار و گرێبەستەکانی گومرگ و دەروازەکانی سنور و نەهێشتنی دیاردەی قاچاغی لە دەروازەسنوورییەکاندا و چاکسازی لە بوری ڕێکخستنەوە و زیادکردنی داهات و کەمکردنەوەی خەرجییەکان بەگشتی و چاکسازی لەخەرجییەکان و مووچە و خانەنشین و بەخشینی ئیمتیازات بەپێی یاسای (ژمارە٢ ساڵی٢٠٢٠)، وێرای چاکسازی لە بواری کەمکردنەوەی خەرجییەکانی کۆمپانیاکانی نەوت و خەرجییەکانی بەکاربردن (تشغیلی).

دووەم: چاکسازی کارگێڕی، لە بواری چاکسازی کارگێڕیدا حکومەتی مەسرور بارزانی هەڵساوە بەکردنەوەی چەندین فەرمانگەی خزمەتگوزاری پێویست لە شوێنی پێویست و پێداچوونەوەی پەیکەری سەرجەم وەزارەت و دامودەزگاکانی حکومەتی هەرێمی کوردستان و بچوك کردنەوە و دارشتنەوەی قەبارەی یەکە کارگێرییەکان بەرەچاو کردنی سروشتی کار و چالاکییەکانیان و هەڵوەشاندنەوە و یەکخستن و پێکەوە لکاندنی ئەو یەکە ئیداریانەی کە ئەرك و چالاکییەکانیان هاوشێوەن، ئەم هەنگاوانە بوونە ئەگەری ڕێکخستنەوەی کاروچالاکی و کەمکردنەوەی خەرجییەکان.

لە 14 مانگی تەمەنی خۆیدا، چۆن حکومەتی مەسرور بازانی دوانزە بەسەر فەرمانبەرانی کوردستان دابەش کردووە؟!

بێگومان بڵاوبوونەوەی پەتای کۆرۆنا و دابەزینی نرخی نەوت لەسەر ئاستی جیهان و نەناردنی شایستە داراییەکانی هەرێمی کوردستان لەلایەن حکومەتی فیدراڵییەوە بووە ئەگەری ئەوەی کە کوردستان و حکومەتی مەسرور بارزانی ڕووبەڕووی دۆخێکی سەختی دارایی و ئابووری ببێت، بەڵام هەر لەسەرەتای دەستپێکی حوکمڕانی خۆیدا حکومەتی مەسرور بارزانی لە هەڵمەتێکی ڕووبەڕووبوونەوەی قەیراندا و لە چوارچێوەی پڕۆسەی چاکسازیدا دەستی کرد بە کەمکردنەوەی خەرجییەکان و زیادکردنی داهات بە ئاراستەی پشت نەبستن بە تاکە سەرچاوەی داهات (نەوت) و گرنگیدان بە سێکتەرەکانی کشتوکاڵ و پیشەسازی و گەشتوگوزار و هاندانی وەبەرهێنانی ناوخۆیی و بیانی، هەڵبەت ئەم هەنگاوەی مەسرور بارزان بۆ دابینکردنی مووچەی فەرمانبەران بوو. بۆیە لەم بارودۆخە نالەبارەدا حکومەتی مەسرور بارزانی سەرکەوتوو بووە لە دابین کردنی مووچەی فەرمانبەران و تاکو ئێستا (نوسینی ئەم گوتارە) لەماوەی چوارەدە مانگی تەمەنی خۆیدا (کەلە ١٨ی٧ی٢٠١٩دەست بەکاربووە) حکومەتی مەسرور بارزانی توانیویەتی دوانزە مووچە بەسەر فەرمانبەرانەدا دابەش بکات، شەش مووچە لە ساڵی ٢٠١٩ و شەش مووچەی دیکە لە هەرێمی کوردستان لەلایەن حکومەتی فیدراڵییەوە بووە ئەگەری ئەوەی کە کوردستان و حکومەتی مەسرور بارزانی ڕووبەڕووی دۆخێکی سەختی دارایی و ئابووری ببێت، بەڵام هەر لەسەرەتای دەستپێکی حوکمڕانی خۆیدا حکومەتی مەسرور بارزانی لە هەڵمەتێکی ڕووبەڕووبوونەوەی قەیراندا و لە چوارچێوەی پڕۆسەی چاکسازیدا دەستی کرد بە کەمکردنەوەی خەرجییەکان و زیادکردنی داهات بە ئاراستەی پشت نەبستن بە تاکە سەرچاوەی داهات (نەوت) و گرنگیدان بە سێکتەرەکانی کشتوکاڵ و پیشەسازی و گەشتوگوزار و هاندانی وەبەرهێنانی ناوخۆیی و بیانی، هەڵبەت ئەم هەنگاوەی مەسرور بارزان بۆ دابینکردنی مووچەی فەرمانبەران بوو. بۆیە لەم بارودۆخە نالەبارەدا حکومەتی مەسرور بارزانی سەرکەوتوو بووە لە دابین کردنی مووچەی فەرمانبەران و تاکو ئێستا (نوسینی ئەم گوتارە) لەماوەی چوارەدە مانگی تەمەنی خۆیدا (کەلە ١٨ی٧ی٢٠١٩دەست بەکاربووە) حکومەتی مەسرور بارزانی توانیویەتی دوانزە مووچە بەسەر فەرمانبەرانەدا دابەش بکات، شەش مووچە لە ساڵی ٢٠١٩ و شەش مووچەی دیکە لە

وێرای قەیرانی دارای و ئابووری کوردستان، بەڵام حکومەتی مەسرور بارزانی بەردەوام بووە لە پێشکەشکردنی پڕۆژەی خزمەتگوزاری و ستراتیجی بۆ خەڵکی کوردستان



ڕەهەندێن پشتی هاتنا سەرۆکێ حکومەتێ بۆ پەرلەمانی

گولیزار ڕەشید سندی*

هاتنا بەرێز مەسروور بارزانی، سەرۆکێ حکومەتا هەرێما کوردستانێ، بۆ پەرلەمانێ کوردستانێ مەزنترین دەستکەفتا ڤێ خۆلا پەرلەمانی بوو، ژبەرکوو ئێکەم جارە هەردوو دامەزراوە دهێنە دیتن د ئێك چەپەر دا بۆ ڕووبەڕووبوونا قەیرانان، و پێکڤە دڤێن تەحەدییا یاستەنگان بکەن، جودا ژ وان هەمووان یەوێن بەحس ل سەرەدانا سەرۆکێ حکومەتێ دکرن ژبۆ پەرلەمانی، دبیت یەم دبن ڕۆناهیا کارێن پەرلەمانی، ڕەهەندێن پشتی سەرەدانی بەڕچاڤ بکەین، ئێك ژوان، یەوا چاڤەڕێ دکەین ژی ڤێ خۆلا پەرلەمانیدا، بریارە د پێشەرۆژێ دا ڕاپۆرتەکا ور و ب داتا و زانیاری و ژ یالیێ حکمەتا هەرێما کوردستانێ یاراستەیی پەرلەمانی بهێتە کرن، د وێ ڕاپۆرتێ دا ب هووپری و تەڤاهیا وان پێنگاڤان دیارکەبن کو حکومەتێ د ماوەیێ ساڵەك و ٣ی هەیڤا دا یەنجام داین، یەڤە ژی دەستکەفتەکی گرنگە بۆ ڤێ خۆلا پەرلەمانی، ژ یالییەکی ڤە پەرلەمان دێ یاگەهەژ هویرکارێین کارێ حکومەتێ هەبیت، و ژ یالییەکی دی ڤە هەردوو دامەزراوە پەرلەمان و حکومەت ڕۆلەکی بهێز هەبیت، ئێک ژێ وەك یاسادانان و یا دی وەك جێبەجێکرنا پێنگاڤێن چاکسازیێ بەرەڤ دامەزراوەکرنا کوردستانێ بلەز بکەن، گرنگییا ڤێ ڕاپۆرتێ دهندێ دایە بۆ پەرلەمانی ڕۆن بیت بودجەیێ کوردستانێ جاوا دهێتە خەرج کرن و داهات و خەرجی چەند بووە، ڕەنگە پەرلەمان هەڤکارەکی باشێ حکومەتێ بیت، و دەستا بێختە سەر برینی، ودیاری کەت ل کێرێ پێدڤییە خەرجی بهێتە کێمکرن و کێڤە داهای زێدە بکەین، بەشەکی دی یێن ڕەهەندێن پشتی سەرەدانا بەرێز مەسروور بارزانی بریارە جڤاتا وەزیران ڕاپۆرتەکە دی ل سەر دەرئەنجامێن سێ هەیڤێن یێکەمێن یاساییا چاکسازیێ بهنێرتە پەرلەمانی، ژبۆ پەرلەمانی گەلەکە گرنگە بزانیت د قۆناغا یێکی یا یاساییا چاکسازیێ دا چی هاتییە کرن؟ چاکسازیی د چی دا بوو؟ و ئەو چاکسازییە چەند داهاتی ڤەدگەرێنت بۆ حکومەتێ؟ و ب تایبەت یەوێ پەیوەندیێ یا ب بایژمەتریییا فەرمانبەرانڤە هەیە، چونکی پەرلەمانی دڤێت بۆ وان ڕۆن بیت، و د ڤی بیاڤی دا چی هاتییە کرن. بەشەکە ژ وان پێنگاڤێن چاڤەڕێنە حکومەت بهاڤێژیت، دەرئەنجامێ یەوێ گفتووگۆیا کو بریارە ل گەل بەغدایێ بهێتە کرن، یێک ژ هێلێن گشتی یێن کابینەیا حکومەتێ یەڤ پرسە بووە، و دگۆتارا سەرۆکێ حکومەتێ ژی بۆ پەرلەمانی جەخت ل سەر وێ چەندێ هاتە کرن، یەوا پێدڤییە ڕێککەفتنەکە کۆنکریتی ل گەل بەغدا بهێتە کرن، و دەرئەنجامێن وێ ڕێککەفتنێ ل پەرلەمانی دیار بکەین، گرنگە یەڤ ڕێککەفتنە ل سەر پەرلەمانی د سێکتەرێ نەڤ و وزێ ژی دا ڕەنگڤەدەت، حکومەتێ دڤی بیاڤی دا دڵیایی دا یە پەرلەمای کو ل گەل تەمامبوونا ڕاپۆرتا (دیلۆت) بۆ پرسا داتاکرنا فڕۆشتنا نەفتێ ڕادەستی پەرلەمانی بکەن. هەر چەندە بەریا نها هەماهەنگی دنافبەرا پەرلەمان و سەرۆکایەتییا پەرلەمانی و حکومەتێ دا هەبوو، بەلێ دڤێت یەڤە بهێتە شۆرکرن بۆ لیژنەیێن تایبەتمەندێن پەرلەمانی و خۆشبەختانە د کابینەیا نەهێ یا حکومەتێ دا، یێک ڕاپۆرتا تێرو تەسەل هاتییە دڤی بیاڤی دا هاتییە بەڵاڤ کرن، د هەمان دەمدا ل سەر پرسا پاراستنا یاراممییا کوردستانێ پەرلەمانی چاڤدێریا پێنگاڤێن هەردوو حکومەتێن عیراق و کوردستانێ دکەت، یەوا بۆ پەرلەمانی گرنگ، دڤێت حکومەتا عیراقێ ڕێزێ ل نافچەیێن سنووری بگرت، ب تایبەتی نافچەیێن گەرم، ب هەر جۆرەکی نابیت یەوا ل سنووریّ هەولێری ڕوویدایی دووبارە بیتەڤە مەترسی بۆ سەر بالیۆزخانە و دیبلۆماتکاران دروست نەبیت، ڕەنگە بەشەکی دی یێ هاتنا سەرۆکێ حکومەتێ بۆ پەرلەمانی پەیوەندی ب وێ یەکێ هەبیت، کو گەلەك پرسێن دی هەینە ل پەرلەمانی کورد دڤێت ب هەڤبەشی ل گەل حکومەطێ پێنگاڤ بۆ بهێنە هاڤێتن، یێک ژوان دەستووریّ هەرێما کوردستانێ یە کو بەریا نها و خۆلا بەرێ یا پەرلەمانی دا کار ل سەر هاتییە کرن و لیژنە ژی بۆ هاتییە دروستکرن، گرنگە د ڤێ خۆلا پەرلەمانی دا کوردستان بیتە خودان دەستووریّ خۆ ژبلی ڤێ چەندێ ژی پڕۆژە یاساییا فەرمانگەها پەیوەندییّن دەرڤە یەب پڕۆژە یاساییانە ڤالاهییەکا یاسایی یا هەی، ل گەل پڕۆژە یاساییا یاڤ و یاڤڕیژان و بوارێن دی یێن پڕۆژەییّن چاکسازیێ و ب تایبەت ل سەر مال و ملکێن گشتی و دەروازەییّن سنووری و یێکخستنا زێرەڤانێن تایبەت بهنێرنە پەرلەمانی یەوا گرنگە پەرلەمانی یەولەویەت داوە حکومەطێ سەرپشک بیت ژبۆ هنارتنا پڕۆژەیان رەنگە د پێشەرۆژی دا بەرهەمێ ڤێ بهێتە دیتن. یەوێن من ل سەری بەحسکرین گەلەك پرسێن یێداری و دامەزراوەیی بوون، بەلێ ڕەهەندێن دی یێن سیاسیی پشتی سەرەدانی یەوبوون یەوێن هاتینە کرن پێنگاڤێن گرنگ بوون، بۆ چەسپاندنا دیموکراتیێ و پەرەنسیپێن حکومێی ڕەشید و ب پێنگاڤ پێنگاڤ هاڤێتن بۆ شەفافییەت و دەرکەفتنا وەزیفەیا ڕاستەقییەیا پەرلەمانی د چاڤدێریکرنا حکومەتێ دا و یەو ڕاستییە ژی سەلماند حکومەت بەرهەڤە بۆ لێپرسین و چاڤدێریکرنێ. بەشەکی دی ژی یێ وێ سەرەدانێ یەوبوو رایا گشتی خۆشحال بوو، کو پرسا هاتنا سەرۆکێ حکومەتێ پەرلەمانی بووە نەریت، دبیت یەو بخۆ جارەکا دی بێتە پەرلەمانی و یەڤەژی پەیامەک بوو دایە یۆپۆزسیۆنێ.

* ئەندامی پەرلەمانی کوردستان

ساڵی٢٠٢٠دا (بۆ زیاتر بەرچاو روونی بڕوانە خشتەکە)، هەروەها بڕیارە لەم هەفتەیەشدا موچە دابەشبکرێ. سەرەڕای ئەوەی ئێستاش بودجە و موچەی هەرسێ مانگی (پێنج و شەش و حەوت) لەلای حکومەتی فیدراڵییەوە بۆ هەرێمی کوردستان نەنێردراوە، کەچی حکومەتی مەسرور بارزانی بەم شێوەی خوارەوە دوازنزە موچە بەسەر فەرمانبەرانی حکوومەتی کوردستان دابەش بکات:

لە دەستپێکی حوکمڕانی حکومەتی مەسرور بارزانی ٣ موچەی پێشتر نەدرابوو ، ئەم ٣ موچەیە بە قەرز مانەوە. حکومەتی مەسرور بارزانی کە لە ناوەڕاستی مانگی ٧ی ٢٠١٩ دەستبەکاربوو، ئەوکات حکومەتی هەرێم سێ مانگی موچەی پێشووتر بە قەرز و لەسەری مابووەوە، چونکە حکومەتی عێراق (ئەوکات) پاشگەز ببووە وپابەند نەبوو بەناردنی موچە و بودجەی ئەو سێ مانگەی هەرێمی کوردستان. شایانی باسە ئەوەی عێراق دەشێنارد، تەنیا ٥١٪ی موچەی موچەخۆرانی هەرێم بووە، نەك تەواوی موچە. لەساڵانی پێشووتریش حکومەتی فیدراڵ بە هیچ شێوەیەك تەواوی موچەی فەرمانبەرانی

مووچەی مانگەکانی ٥، ٦،٧ی ساڵی ٢٠٢٠یان بەتەواوی نەناردووە. ئەمەی ئێستاش دەتێرێت لە ٤٥٠ ملیار دیناوە کەمیان کردووەتەوە بۆ ٣٢٠ ملیار دینار، بەڵام حکومەتی هەرێم تاکو ئێستا ١٢ مانگ مووچەی دابەشکردوو بەسەر فەرمانبەرانی کوردستاندا بە پشت بەستن بە داهاتی ناوخۆ. شایانی باسە حکومەتی هەرێم مانگانە پێویستی بە ٨٩٣,٩٠٨,٠٠٠,٠٠٠ هەشت سەد و نەوەت و سێ ملیار و نۆسەد و هەشتا ملیۆن دینار بۆ دابەشکردنی موچەی فەرمانبەرانی کوردستان.

لە رووبەڕووبەرووبوونەوەی پەتای ڤایرۆسی کۆرۆنا، مەسرور بارزانی چی بۆ خەڵکی کوردستان کردوو؟

ئاشکرایە هەرلەسەرەتای بڵاوبوونەوەی ڤایرۆسی کۆرۆنا لە هەرێمی کوردستاندا،بەسەرپەرشت و چاودێری راستەوخۆی مەسرور بارزانی، حکومەتی هەرێم دەستی کرد بە جێبەجێ کردنی ڕێکار و ڕێنماییەکانی خۆپارستن لە پەتای کۆرۆنا، بە گەواهی و ستایشی ڕێکخراوی تەندروستی جیهانی و زۆرێك لە

گیان لەدەست دەدەن و دەبنە قوربانی هەڵوێستی نەیاری ئەو تاقمە گێرەشێوێن و چەواشەکارە، بۆیە ئەمڕۆ پێویستە پەرلەمانی کوردستان و داواکاری گشتی و لایەنە یاسایی و پەیوەندی دارەکان ئەو تاقمە چەواشەکار و گێرەشێوێنە بخاتە بەر باری لێکۆڵینەوە و لێپرسینەوە و بەرپسیارەتی هەڵوێستە کوشندەکانیان دژ بەخەڵکی کوردستان.

بۆ رووبەڕووبوونەوەی ڤایرۆسی کۆرۆنا حکومەتی مەسرور بارزانی چەندی بڕیار و ڕێکار و چالاکی ئەنجام داوە لەوانە: خەرج کردنی زیاتر لە ٢٨ملیار دینار (تاکو ئەمڕۆ) بۆ رووبەرروو بونەوەی پەتای کۆرۆنا و ١٥٩ئامێری هەناسەی دەستکرد ئێستا لە کاردایە و ٢٧ئامێری دیکە ئامادە کراون و ٨٥ ئامێری ڤێنتەلەیتەری (ئامێری هەناسەی دەستکر) نوێ کڕدراون. لەلایەکی دیکەشەوە ٤٠شۆێنی تایبەت لە نەخۆشخانەکان جیاکراوەتەوە و ئامادەکراون بۆ چارەسەرکردنی توشبووانی کۆرۆنا لەگەڵ دابین کردنی ئامێری پێویست و کەلوپەلی پێویست بۆ دکتۆر و ستافی نەخۆشخانەکان. هەروەها حکومەتی مەسرور بارزانی هەڵساوە بە ئامادە کردنی ٣٤٠٠ بوتڵی پلازمای وەرگیراو بۆ چارەسەر کردنی

حکومەتی مەسرور بارزانی بەردەوامە لە پرۆژەی خزمەتگوزاری و ستراتیجییەکان

وێرای قەیرانی دارای و ئابووری، بەڵام حکومەتی مەسرور بارزانی بەردەوامە لە پێشکەشکردنی پرۆژی خزمەتگوزاری و ستراتیجی بۆ خەڵکی کوردستان و هەمەجۆر کردنی سەرچاوەکانی داهات دوور لە پشتبەستن بە بەرهەمی نەوت وەك تاکە سەرچاوەی داهاتی هەرێمی کوردستان، لەم رووەوە حکومەتی مەسرور بارزانی چەندین پرۆژەی ئەنجام داوە. لەوانە دروست کردنی چەند ناوچەیەکی پیشەسازی خۆراك بەهاوکاری کەرتی تایبەت لە شاری دهۆك بە گوژمەی ٧٠ملیار دینار و کارکردن بۆ دروستکردنی ١١ناوچەی پیشەسازی هاوشێوەی ناوچەی پیشەسازی دهۆك لە شارەکانی هەولێر، سلێمانی، هەڵەبجە، گەرمیان و کارکردن بۆ دروستکردنی ٥سایلۆی گلدانەوەی دانەوێڵە لە شارەکانی دهۆك و هەڵەبجە و زاخۆ و کفری و هەریر کە هەر سایلۆیێك نزیکەی ٢٠ملیار دیناری تێدەچێت.

لەلایەکی دیکەشەوە حکومەتی مەسرور بارزانی گرنگی داوە بە سەرچاوە ئاوییەکانی کوردستان و بۆ ئەم مەبەستە نزیکە ٣٣ملیار دیناری تەخان کردووە بۆ تەواوکردنی ١٢پرۆژەی بەندداو لە هەرێمی کوردستاندا، هەروەها وێستگەی هەڵمی بۆ بەرهەم هێنانی کارەبا لە شارۆچکەی خەبات خاوەتەکار کە بەهۆیەوەی ٨٤٣ مێگاواتی کارەبای هەرێمی کوردستان زیاد بووە. ئەمە و پرۆژەی شەقامی سەدەمەتری شاری سلێمانی بەدرێژایی ١٤٦کیلۆمەتر گوژمەی ٤٠٠ملیار دینار خراوەتە واری جێبەجێ کردن و هەروەها لە ئێستادا کاردەکرێ لەسەر پرۆژەی شەقامی ١٥٠مەتری شاری هەولێر و رێگای جوتسایدی هەولێر/دهۆك (گۆپاڵ) بەدرێژایی ٦٠کیلۆمەتر کەلەقۆناغی کۆتایدایە، لەهەمان کاتدا کاردەکرێ لە دروستکردنی رێگای کەلار/سلێمانی و تاکو ئێستا رێژەی ٣٦٪ی ئەم رێگایە جێبەجێ کراوە، وێرای ئەوەی نوژەنکردنەوەی تەواوی رێگاوبانەکانی هەرێمی کوردستان هەر لەزاخۆ تاکو گەرمیان کە ٧٩پرۆژەی لەخۆگرتبوو بە گوژمەی ٤٣ملیار دینار و تەواوکردنی ٢٢پرۆژەی دیکەی بە بڕی ١١٠ملیار دینار.

لەرووی دانوستان و بەدەستهێنانی مافەدەستوورییەکانی خەڵکی کوردستان، مەسرور بارزانی چی کردووە؟

٢- ئامێری کۆمپرێسەری هەوا بێ ژمارە دروستکراوی ناوخۆ مۆدیلی ٢٠١٧ جۆری سوتەمەنی کارەبا، توانای کارەبایی ٤ K.W تێبینی ٤,٠٠٠,٠٠٠
٣- ئامێری دروستکردنی چپس بێ ژمارە دروستکراوی سوری مۆدیلی ٢٠١٤ جۆری سوتەمەنی کارەبا، توانای کارەبایی ٥٠ K.W تێبینی ٣٠,٠٠٠,٠٠٠
٤- خەباتەی تێکەلکردنی دانی گەنمەشامی + کۆگای زیەت بێ ژمارە دروستکراوی سوری مۆدیلی ٢٠١٤ جۆری سوتەمەنی کارەبا، توانای کارەبایی K.W ٥ تێبینی ٢٠,٠٠٠,٠٠٠
٥- ئامێری داگرتن بێ ژمارە دروستکراوی سوری مۆدیلی ٢٠١٤ جۆری سوتەمەنی کارەبا و هەوا توانای کارەبایی K.W ٥ تێبینی ١٠,٠٠٠,٠٠٠
٦- ئامێری داگرتن بێ ژمارە دروستکراوی سوری مۆدیلی ٢٠١٤ جۆری سوتەمەنی کارەبا و هەوا توانای کارەبایی K.W ٥ تێبینی ١٠,٠٠٠,٠٠٠
٧- سورکردنەوەی گەنمەشامی بێ ژمارە دروستکراوی سوری مۆدیلی ٢٠١٤ جۆری سوتەمەنی کارەبا، توانای کارەبایی K.W ٥ تێبینی ١٠,٠٠٠,٠٠٠
٨- ئامێری وشک کردنەوەی چپس بێ ژمارە دروستکراوی سوری مۆدیلی ٢٠١٤ جۆری سوتەمەنی کارەبا، توانای کارەبایی K.W ٠,٣ تێبینی ٥,٠٠٠,٠٠٠
٩- ئامێری لێدان و تێکەلکردنی تام و مواد بێ ژمارە دروستکراوی سوری مۆدیلی ٢٠١٤ جۆری سوتەمەنی کارەبا، توانای کارەبایی K.W ١ تێبینی ٥,٠٠٠,٠٠٠
١٠- سایلۆ+ئامێری تێکەلکردنی پێکهاتەکان بێ ژمارە دروستکراوی سوری مۆدیلی ٢٠١٤ جۆری سوتەمەنی کارەبا و غاز، توانای کارەبایی K.W ٨ تێبینی ١٢,٠٠٠,٠٠٠
* * *
فەرمانگەی دادنووسی (یەکەمی هەولێر)
ئاگاداری
بەروار: ٢٠٢٠/١٠/٧
بەپێ ئەو داواکارییەی کە پێشکەش کراوە بۆ ئەم فەرمانگەیە لەلایەن (هالە اسماعیل عبدالکریم) لە بەرواری ٢٠٢٠/١٠/٦ کە داوای تۆمارکردنی ئامێرەکانی کردووە دەگرێتەوە بۆ خۆی وێنەستا دانداراوە لە (پ.باشوور) و وسفەکانی لە خوارەوەدا دیاریکراوە, بۆیە ئەوکەسەی پەیوەندی بەمە و کەلوپەلە وەسفکراوەکان هەیە پێویستە ڕێوشوێنی یاسایی بگرێتەبەر بۆ سەلماندنی و گەواهیەک پیشانی ئەم فەرمانگەیە بدات بەمەبەستی ڕاگرتنی تۆمارکردن لەماوەی پازدە ڕۆژدا, واتە ڕۆژێک دوای بڵاوکردنەوەکە, وە تۆمارکردنەکە بەدواکەوتوو دادەنرێت تاکاتی یەکلاکردنەوەی داواکەو نارازیبوون بۆماوەی حەوت ڕۆژ لەلایەن دادگای پەیوەندیدار, بە پێچەوانەوە کەلوپەلەکانی تۆمار دەکرێت بەناوی داواکاری تۆمارکردنەکە بەگوێرەی یاسا دادنووسی ژمارە (٣٣)ی سالی ١٩٩٨ و بڕوانامەی تۆمارکردنیشی پێ دەدرێت.
دادنووس / شوان فوزی زکی
ئامێرەکان:
١- ئامێری کەتەری برینی ئاسن/ دروستکراوی تورکی/ مۆدیلی ٢٠٢٠ جۆری سوتەمەنی کارەبا / توانای کارەبایی K.W٧,٥، مقەس و پرێس هاوپێچ.
* * *
فەرمانگەی دادنووسی دەشتی هەولێر
کارگێری و خۆیەتی
ژمارە/ ٢٢٦
ڕێکەوت/ ٢٠٢٠/١٠/٨
بڵاوکردنەوەی هۆشداری
داوا لە بەڕێزتان دەکەین بەبلاوکردنەوەی ئەم هۆشدارییە کە لە فەرمانگەکەمان ئەنجام دراوە ژمارەی گشتی ١٤٢٧٧ تۆمار ٧٢ ڕێکەوتی ٢٠٢٠/١٠/٤ لەنێوان مسعود نزیر محمد و فرهاد عبدالله کریم و بەپێی اشعاری موختاری گەرەکی نیشتمان لە سنووری بنکەی پۆلیسی دارەتوو کە شوێنی نیشتەجێ فرهاد عبدالله کریم دیار نیە بەهۆیەوە داواتان لێ دەکەین لە ڕۆژنامەکەتان بڵاوبکرێت بەمەبەستی ئاگادار کردنی ناوبراو\
دادنووس/ مسعود سلیمان علی
* * *
بەڕێوەبەرایەتی گشتی شارەوانیەکانی هەولێر
لیژنەی فرۆشتن و بەکرێدانی
دووەم لە بەڕێوەبەرایەتی
گشتی شارەوانییەکانی هەولێر
ژمارە ١٢/١٠٠
ڕێکەوت/ ٢٠٢٠/٩/٣٠
ئاگاداری
لیژنەی سەرەوە هەڵدەستێ بە بەکرێدانی (١٩) دوکانی دروست کراو لە سنوری شارەوانی کەسنەزان لەسەر بەشێک زەوی ژمارە ١/٢٦٣٧ ک ٩٥ کەسنەزان بەکرێی سالانەی ٣٠٠,٠٠٠ سێ سەد هەزار دینار بۆ هەر دوکانێک وە بۆ ماوەی (٣) ساڵ بەزیادکردنی ئاشکرا ئەو کەسەی نیازی بەشداربوونی هەیە لە زیادکردنی ئاشکرا با سەر لە سەرۆکایەتی شارەوانی کەسنەزان بدات مزایدە کە ئەنجام دەدرێت لە ڕێکەوتی ٢٠٢٠/١١/٩ کاتژمێر (١٢:٣٠) دوانزەو نیوی نیوەڕۆ لە ڕۆژی دیارکراو کرێگرتەش دەبێ بارمتەی یاسایی بە ڕێژەی (٢٠٪) لە کرێی خەملێندراو لەگەڵ خۆی بهێنێ هەروەها کرێی بڵاوکردنەوە و خەرجی تریش دەکەوێتە ئەستۆی خۆی.
ئەندازیار
نەبەز محی الدین نافذ
بەڕێوەبەری گشتی شارەوانیەکانی
هەولێر/ بەوەکالەت
* * *
بەڕێوەبەرایەتی گشتی شارەوانیەکانی هەولێر
لیژنەی فرۆشتن و بەکرێدانی
دووەم لە بەڕێوەبەرایەتی
گشتی شارەوانییەکانی هەولێر
ژمارە ١٤/١٠٠
ڕێکەوت/ ٢٠٢٠/١٠/٥
ئاگاداری
لیژنەی سەرەوە هەڵدەستێ بە بەکرێدانی (٣٥) شوێنی مولکی شارەوانی دروستکراو لەسەر بەشێک لە پارچە زەوی ژمارە ١/١٠٧ ک ٦٣ هەنجیرۆک لە سنوری شارەوانی خەبات بەم شێوەی کە لە خوارەوە دیاری کراوە ئەو کەسەی نیازی بەشداربوونی هەیە لە زیادکردنی ئاشکرا با سەر لە سەرۆکایەتی شارەوانی کەسنەزان بدات مزایدە کە ئەنجام دەدرێت لە ڕێکەوتی ٢٠٢٠/١١/١٧ کاتژمێر (١١:٣٠) یانزە و نیوی نیوەڕۆ لە ڕۆژی دیارکراو کرێگرتەش دەبێ بارمتەی یاسایی بە ڕێژەی (٢٠٪) لە کرێی خەملێندراو لەگەڵ خۆی بهێنێ هەروەها کرێی بڵاوکردنەوە و خەرجی تریش دەکەوێتە ئەستۆی خۆی. ١- ژمارەو جۆری مولک و شوێن/ ٢٠ شوێنی پێشانگای ئۆتۆمبێل لە مولکی شارەوانی، ڕووبەری زەوی بە م٢ ١٥٠٠م٢ ، کرێی سالانەی خەملێندراو بۆ ١م٢ ١٥٠٠ هەزارو پێنج سەد دینار. ماوەی بەکرێدان ٣ سال بەزیادکردنی ئاشکرا.
٢- ژمارەو جۆری مولک و شوێن/ ١٠ شوێنی سکرابی لە مولکی شارەوانی، ڕووبەری زەوی بە م٢ ٢٢٥م٢ ، کرێی سالانەی خەملێندراو بۆ ١م٢ ٢٠٠٠ دوو هەزار دینار. ماوەی بەکرێدان ٣ سال بەزیادکردنی ئاشکرا.
٣- ژمارەو جۆری مولک و شوێن/ ٥ شوێنی کەرەستەی بیناسازی لە مولکی شارەوانی، ڕووبەری زەوی بە م٢ ١٢٠٠م٢ ، کرێی سالانەی خەملێندراو بۆ ١م٢ ٢٠٠٠ دوو هەزاردینار. ماوەی بەکرێدان ٣ سال بەزیادکردنی ئاشکرا.
ئەندازیار
نەبەز محی الدین نافذ
بەڕێوەبەری گشتی شارەوانیەکانی
هەولێر/ بەوەکالەت
* * *
دادگای کەتنی دەشتی هەولێر
ژمارە: ٢٦٣/ک/ ٢٠٢٠
ڕێکەوت: ٢٠٢٠/٩/٢٧
بۆ/ تۆمەتباری هەڵاتوو/ (کوردو دوغان جعفر)
ئاگادارکردنەوە
لەئەنجامی دادگایی کردن لە داوای ژمارە: ٢٦٣/ک/ ٢٠٢٠ لە ڕێکەوتی ٢٠٢٠/٩/٢٧ لەبەر ئەوەی شوێنی نیشتەجێبوونت نادیارە بۆیە بە پشت بەستن بە مادەی ١٤٣/ لە یاسای بنەماکانی دادگاکردنی سزایی. دادگاکەمان بریاری دا لە ڕێگای دوو ڕۆژنامەی ناوخۆیی ئاگادارت بکاتەوە بە مەبەستی ئامادەبوونت لەبەردەم ئەم دادگایە لە کاتژمێر (٩) ی بەیانی لە بەرواری ٢٠٢١/١/١١ بە مەبەستی دادگایی کردنت بە پێی مادەی (٤٤٦) لە یاسای (سزا) بە پێچەوانەوە خۆت بەرپرسیاری بەپێی یاسا.
دادوەر/ عبدالله عثمان خضر
* * *

بەڕێوەبەرایەتی گشتی تۆمارکردنی کۆمپانیاکان
بەڕێوەبەرایەتی کۆمپانیاکانی هەولێر
هۆبەی یاسایی
ژمارە: ١١٤٩٢
ڕێکەوت: ٢٠٢٠/١٠/٨
بڕیاری پاکتاوکردنی کۆمپانیای (نور المعارف) بۆ
(بازرگانی پەراوگە و نوسینگە و ئەندازە/ سنوردار)
پاڵپشت بەناوەڕۆکی بڕیاری دەستەی گشتی کۆمپانیای (نور المعارف) بۆ (بازرگانی پەراوگە و نوسینگە و ئەندازە/ سنوردار) لە ڕێکەوتی (٢٠٢٠/٩/٣٠) تایبەت بەدانانی کۆمپانیا لەژێرپاکتاوکردن و دانانی بەڕێزان (دلیر حمد حسین) بەپاکتاوکاری کۆمپانیای نابراو, من بەڕێوەبەری کۆمپانیاکانی هەولێر بریاری ناوبراوی سەرەوەم پەسەندکرد بەمەرجێک بڵاوبکرێتەوە بەپێی ئەحکامی ماددەی (١٦٠) لەیاسای تۆمارکردنی کۆمپانیاکان ژمارە (٢١) ساڵی ١٩٩٧ی هەموارکراو.
ئەم بریارە نووسراوە لەبەرواری ٢٠٢٠/١٠/٨
پشتیوان مصطفی قادر
بەڕێوەبەری کۆمپانیاکانی هەولێر

ئاگاداری
ئاگاداری گشت لایەک دەکەینەوە کۆمپانیای (Easy Order) بۆ (بازرگانی گشتی/ سنوردار) بڕیاری پاکتاوکردنی کۆمپانیای داوە، بۆیە هەر کەسێک یان هەر لایەنێک مافێکی لەسەر کۆمپانیا هەیە با لە ماوەی یاسایی دا ئاگاداری پاکتاوکار بکاتەوە لە (پارێزگای هەولێر)
پاکتاوکار/ پارێزەر/ ڕەوەز وریا حمید
ناونیشان/ هەولێر/ شوقەکانی زانیاری
ژ. مۆبایل/ ٠٧٥٠٥٤٦٦١٢٩

بەڕێوەبەرایەتی گشتی تۆمارکردنی کۆمپانیاکان
بەڕێوەبەرایەتی کۆمپانیاکانی هەولێر
هۆبەی یاسایی
ژمارە: ١١٤١٢
ڕێکەوت: ٢٠٢٠/١٠/٧
بڕیاری پاکتاوکردنی کۆمپانیای (Easy Order)
بۆ (بازرگانی گشتی/ سنوردار)
پاڵپشت بەناوەڕۆکی بڕیاری دەستەی گشتی کۆمپانیای (Easy Order) بۆ (بازرگانی گشتی/ سنوردار) لە ڕێکەوتی (٢٠٢٠/٩/٢٦) تایبەت بەدانانی کۆمپانیا لەژێرپاکتاوکردن و دانانی بەڕێزان (ڕەوەز وریا حمید) بەپاکتاوکاری کۆمپانیای نابراو, من بەڕێوەبەری کۆمپانیاکانی هەولێر بریاری ناوبراوی سەرەوەم پەسەندکرد بەمەرجێک بڵاوبکرێتەوە بەپێی ئەحکامی ماددەی (١٦٠) لەیاسای تۆمارکردنی کۆمپانیاکان ژمارە (٢١) ساڵی ١٩٩٧ی هەموارکراو.
ئەم بریارە نووسراوە لەبەرواری ٢٠٢٠/١٠/٧
پشتیوان مصطفی قادر
بەڕێوەبەری کۆمپانیاکانی هەولێر

ئاگاداری
ئاگاداری گشت لایەک دەکەینەوە کۆمپانیای (M.H.A.Z) بۆ (بازرگانی گشتی/ سنوردار) بڕیاری پاکتاوکردنی کۆمپانیای داوە، بۆیە هەر کەسێک یان هەر لایەنێک مافێکی لەسەر کۆمپانیا هەیە با لە ماوەی یاسایی دا ئاگاداری پاکتاوکار بکاتەوە لە (پارێزگای هەولێر)
پاکتاوکار/ پارێزەر/ هیمن علی کورده
ناونیشان/ هەولێر/ نوبل ستی
ژ. مۆبایل/ ٠٧٥٠٤٤٦٢٢٦٩

بەڕێوەبەرایەتی گشتی تۆمارکردنی کۆمپانیاکان
بەڕێوەبەرایەتی کۆمپانیاکانی هەولێر
هۆبەی یاسایی
ژمارە: ١١٣٠٣
ڕێکەوت: ٢٠٢٠/١٠/٦
بڕیاری پاکتاوکردنی کۆمپانیای (M.H.A.Z)
بۆ (بازرگانی گشتی/ سنوردار)
پاڵپشت بەناوەڕۆکی بڕیاری دەستەی گشتی کۆمپانیای (M.H.A.Z) بۆ (بازرگانی گشتی/ سنوردار) لە ڕێکەوتی (٢٠٢٠/١٠/٥) تایبەت بەدانانی کۆمپانیا لەژێرپاکتاوکردن و دانانی بەڕێزان (هیمن علی کورده) بەپاکتاوکاری کۆمپانیای نابراو, من بەڕێوەبەری کۆمپانیاکانی هەولێر بریاری ناوبراوی سەرەوەم پەسەندکرد بەمەرجێک بڵاوبکرێتەوە بەپێی ئەحکامی ماددەی (١٦٠) لەیاسای تۆمارکردنی کۆمپانیاکان ژمارە (٢١) ساڵی ١٩٩٧ی هەموارکراو.
ئەم بریارە نووسراوە لەبەرواری ٢٠٢٠/١٠/٦
پشتیوان مصطفی قادر
بەڕێوەبەری کۆمپانیاکانی هەولێر

ئاگاداری
ئاگاداری گشت لایەک دەکەینەوە کۆمپانیای (نور المعارف) بۆ (بازرگانی پەراوگە و نوسینگە و ئەندازە/ سنوردار) بڕیاری پاکتاوکردنی کۆمپانیای داوە، بۆیە هەر کەسێک یان هەر لایەنێک مافێکی لەسەر کۆمپانیا هەیە با لە ماوەی یاسایی دا ئاگاداری پاکتاوکار بکاتەوە لە (پارێزگای هەولێر)
پاکتاوکار/ پارێزەر/ دلیر حمد حسین
ناونیشان/ هەولێر/ ژووری پارێزەران
ژ. مۆبایل/ ٠٧٥٠٤٦٤٣٣٦٥

بەڕێوەبەرایەتی گشتی شارەوانییەکانی هەولێر
لیژنەی فرۆشتن و بەکرێدانی
دووەم لە بەڕێوەبەرایەتی
گشتی شارەوانییەکانی هەولێر

ژمارە ١٣/١٠٠
ڕێکەوت/ ٢٠٢٠/١٠/٥

ئاگاداری

لیژنەی سەردەوە هەڵدەستێ بە بەکرێدانی (٢١) شوێنی مولکی شارەوانی بۆ دانانی تابلۆی ڕێکلام لە سنووری شارەوانی عەنکاوە و کرێی سالانەی خەملێنەراو بۆ ١م٢ ٤٠،٠٠٠ چل هەزار دینار بۆ ماوەی ٣ ساڵ بە زیادکردنی ئاشکرا بەم شێوەی کە لە خوارەوە دیاری کراوە ئەو کەسەی نیازی بەشداربوونی هەیە لە زیادکردنی ئاشکرا با سەر لە سەرۆکایەتی شارەوانی خەبات بدات مزایدەکە ئەنجام دەدرێت لە ڕێکەوتی ٢٠٢٠/١١/١٢ کاتژمێر ١٢:٣٠) دوانزە و نیو نیوەڕۆ لە ڕۆژی دیاریکراو کرێگرتەش دەبێ بارمتەی یاسایی بە ڕێژەی (٢٠٪) لە کرێی خەملێنەراو لەگەڵ خۆی بهێنی هەروەها کرێی بڵاوکردنەوە و خەرجی تریش دەکەوێتە ئەستۆی خۆی.

١- ژمارەو جۆری مولک و شوێن/ بینایەی کۆنە ئاشی خەبات لەسەر بەشێک لە پارچە زەوی ژمارە ١/١٠٧ ک ٦٣ هەنجیرۆک لە سنووری شارەوانی خەبات. ڕووبەری زەوی ١٥٠م٢ کرێی سالانە و خەملێنەراو بۆ ١ م٢ ٤٠٠٠ چوار هەزار دینار ماوەی بە کرێدان ٣ ساڵ بە زیادکردنی ئاشکرا.

ئەندازیار
نەبەز محی الدین نافذ
بەڕێوەبەری گشتی شارەوانییەکانی
هەولێر/ بەوەکالەت

***

دادگای بەرایی بە رانیە

ژمارە/ ١٥٣/ب الموحدة/ ٢٠٢٠
بەرواری/ ٢٠٢٠/١٠/٦

ئاگاداری

بۆ داوالێکراو/ ادریس محمد رسول-رانیە-کێوەرەش – شوێنی نیشتەجێ بوونت نادیارە لە کاتی ئێستادا ئەم دادگایە لە بەرواری ٢٠٢٠/١٠/٦ لەسەر داوای داواکار عشان محمد رسول لە داوای ژمارە/ ١٥٣/ب الموحدة/ ٢٠٢٠ بریای خۆی دەرکرد بە غیابی پابەندکردنت بەپێدانی بڕی ١٢٠٠،٠٠٠ یەک ملیۆن و دوو سەد هەزار دینار وەکو قەرەبوو وە لەبەر ئەوەی ئێستا شوێنی نیشتەجێ بوونت نادیارە بەپێی پشتگیری موختاری گەرەکی کێوەرەش بۆیە دادگا بریاری دا بەهۆی دوو ڕۆژنامەی ناوخۆییەوە ئاگادارت بکاتەوە و مافی ناردزایی و تانەلێدانت هەیە لە بریاری ئامادە بۆ کراو لە ماوەی یاسایی بە پێچەوانەوە بریارەکە پلەی کۆتایی وەردەگرێت بەپێی یاسا.

دادوەر/ چیمەن عمر حمد

***

دادگای بەرایی هەولێر/٤

ژمارە/ ٨٧١/ب/٢٠٢٠/٤
ڕێکەوت/ ٢٠٢٠/١٠/٨

جاردان

بۆ/ داوالێکراوان (شرکه کابیتال للاستثمار المحدودة) داواکار (شرکه ماس غلوبل انرجی/دهوک) داوای ژمارە ٨٧١/ب/٢٠٢٠/٤ی لەم دادگایە تۆمارکردووە لەسەرتان وە لەبەر ئەوەی شوێنی دانیشتنت نادیارە بەپێی یاداشتی موختاری پارێزگای هەولێر/ گەرەکی کاریزان) بۆیە دادگا بریاری دا بە پێراگەیاندنت بە دوو ڕۆژنامەی ناوخۆی ڕۆژانە بۆیە دەبێت ئامادەبیت خودی خۆت یاخود بریکاری یاساییت لە دابینی ڕۆژی ٢٠٢٠/١١/١٧ بەپێچەوانەوە دابینی ئەنجام دەدرێت دەرهەقت بەپاشملە.

دادوەر/ کاوە صدیق حسین

***

وەزارەتی کشتوکال و سەرچاوە ئاو
بەڕێوەبەرایەتی گرێبەستەکان

ژمارە/ ٥٧٥٢
ڕۆژ/ ٢٠٢٠/١٠/٦

وەزارەتی کشتوکال و سەرچاوەکانی ئاو ئاگاداری گشت کۆمپانیا بیانی و ناوخۆکان دەکات کە سەردانی بەڕێوەبەرایەتی گرێبەستەکان لە دیوانی وەزارەت بکەن بە مەبەستی وەرگرتنی تەندەری تایبەت بە پرۆژەی دابین کردنی ستیکەر سەربڕخانەکانی پەلەوەر لە پارێزگاکانی هەرێمی کوردستان کە تەواوی مەرجەکانی لە تەندەر نووسراوە ماوەی فرۆشتنی تەندەر لە ڕۆژی چوارشەممە لە ڕێکەوتی ٢٠٢٠/١٠/٧ دەست پێدەکات و دوا ڕۆژ بۆ وەرگرتنەوەی تەندەرەکان ڕۆژی چوارشەممە ٢٠٢٠/١٠/٢١ کاتژمێر ١٢ی پێشنیوەڕۆ تەندەرەکان دەبێت لەناو زەرفێکی داخراو بیت ناو و ناونیشان و ژمارەی مۆبایلی کۆمپانیای لەسەر نووسراو بێت و پێشکەش بە لیژنەی تایبەت بکرێت لەبەر بەڕێوەبەرایەتی گرێبەستەکان وەزارەت پابەند نابێت بە کەمترین نرخ لە کاتی نەبوونی مەرجە هونەرییەکان نرخی تەندەریش بریتییە لە ٧٥٠٠٠ حەفتا پێنج هەزار دیناری بە کرێی بڵاوکردنەوەی ئەم ئاگادارییە دەکەوێتە ئەستۆی ئەو کۆمپانیایەی کە تەندەرەکەی بۆ دەکەوێتەوە.

مەرجەکانی:

١- هێنانی پاکانەی باجی دەرامەت بۆ ساڵی ٢٠٢٠ بەناوی پرۆژەکە پێشکەش بە وەزارەت بکرێت بە نەهێنانی تەندەرەکە پشتگوێ دەخرێت.

٢- هێنانی دەستەبەری بانکی بەشێوەی چەکی پەسەندکراو یان خطاب ضمان لە بانکە حکومییەکانی هەرێمی کوردستان بە بری ٢٥،٠٠٠،٠٠٠ بیست و پێنج ملیۆن دینار.

٣- هیچ تەندەرێک لە دوای کاتی دیاری کراوەوە ناگرێت و سندوقی تەندەر دادەخرێت.

٤- ئەو کۆمپانیا و بەڵێندەرانەی کە بەشداری دەکەن پێویستە تایبەتمەند بێت بە چاپی سکۆریتی.

بێگەرد تاڵەبانی
وەزیری کشتوکال و سەرچاوەکانی ئاو

***

سەرۆکایەتی زانکۆی پۆلیتەکنیکی سلێمانی
کۆلیجی تەکنیکی ئینفۆرماتیک
هۆبەی کارگێڕی/ یاسایی

ژمارە: ٧٧٢
ڕێکەوت: ٢٠٢٠/١٠/٦

بانگەواز

پشت بەست بە ماددەی (٨) لەیاسای فرۆشتن و بەکرێدانی مولک و سامانی دەوڵەت ژمارە (٣٢) ساڵی (١٩٨٦)ی هەموارکراو داواکارین لەبەڕێزتان ڕەزامەندی بفەرموون بە بڵاوکردنەوەی بانگەوازی فرۆشتنی کەل و پەلی لەکارکەوتووی کۆلیجی تەکنیکی ئینفۆرماتیک بەشێوەی (زیادکردنی ئاشکرا) هەر کەس و لایەنێک ئارەزووی بەشداریکردنی هەیە سەردانی (کۆلیجی تەکنیکی ئینفۆماتیک/ هۆبەی دارایی) لەگەرەکی چوارچرا بکات بۆ ماوەی (١) یەک مانگ لەبەرواری بڵاوکردنەوەی لە ڕۆژنامەی ناوبراو لە کات ژمێر (٩) تا کات ژمێر (١٢) مەبەستی وەرگرتنی لیستی کەل و پەلی لەکارکەوتووی کۆلێج لەگەڵ دانانی بارمتە بەڕێژەی لە ١٠٪ سەدا دە کرێی بڵاوکردنەوەی ئەم ئاگادارییە دەکەوێتە سەر ئەو کەسەی کە زیادکردنە ئاشکراکەی بۆ دەردەچێت.

د. ڕوناک محمد عبدالله
ڕاگر بەوکالەت
٢٠٢٠/١٠/٦

***

ب. گشتی ڕاگەیاندن و چاپ و بڵاوکردنەوەی خۆیەتی

ژمارە: ٨٦٨
ڕێکەوت: ٢٠٢٠/٩/٢٩

بۆ بەڕێزان (سالم محمود خالند/ ئاراز جلال احمد/ ئیڤان عزیز میخە)
ئاگادارکردنەوە (اخطار)

دوابەدوای فەرمانی کارگێڕیمان ژمارە (٣٠٣٥ لە ٢٠١٥/٨/٤) و (١٢٤٦ و لە ٢٠١٩/٨/٢٩) و (٣٦١١ لە ٢٠١٥/١٠/١٩) وە فەرمانی وەزاری ژمارە (٦٠٥٤ لە ٢٠١٥/٨/٣) و (٤٦٨٩ لە ٢٠١٩/٨/٢٧) و (٧٨٨١ لە ٢٠١٥/١٠/٧) دوای تەواوبوونی مۆڵەتی بێ مووچەی ناوبراوان کە وەریانگرتبوو، لەبەر نە گەڕانەوەیان بۆ سەر کار ئاگاداریان دەکەینەوە کە دەبێ لەماوەی (٧) حەوت ڕۆژ ئەگەر لە ناوەوەی هەرێم بێت وە بۆ ماوەی (١) یەک مانگ ئەگەر لە دەرەوەی هەرێم بیت بەپێچەوانەوە کۆتایی بەراژەکەی دیت بەپێی ماددەی ٣٧ لەیاسای مەدەنی ژمارە ٢٤ ساڵی ١٩٦٠.

١- سالم محمود خالند ناونیشان/ س. پیشەیی پێشکەوتوو

٢- ئاراز جلال احمد ناونیشان/ تۆژەری کۆمەڵایەتی پێشکەوتوو

٣- ئیڤان عزیز میخە ناونیشان/ تێبینەری هونەری

شێروان عەولا خورشید
بەڕێوەبەری گشتی ڕاگەیاندن و چاپ و بڵاوکردنەوە/ بەوەکالەت

***

دادگای بەرایی شەقڵاوە

ژمارە: ١٨٣/ب/٢٠١٩
ڕێکەوت: ٢٠٢٠/٩/٢٩

جاردان

داواکار/ شێروان قادر ابوبکر بریکاری پارێزەر (توانا رشید عزیز)

کەسی سێیەم لە تەک داوالێکراوی یەکەم/ (نینا و افیل و هفال و لیفارو لید) منداڵانی (جلیل نیسان)

داواکار داوای بەرایی ژمارە (١٨٣/ب/٢٠١٩) لەم دادگایە لەسەرت تۆمارکردووە تیایدا داوای پووچەڵ کردنەوەی قەید مولک (ابطال قید) دەکەن لەبەر ئەوەی شوێنی دانیشتنت نادیارە بەپێی ڕوونکردنەوەی موختاری قەزای شەقلاوە گەرەکی بێترمە بۆیە بە دوو ڕۆژنامەی ناوخۆیی ڕۆژانە بریاری سەرەوەت پێ ڕادەگەیەنین کە لە ڕۆژی دابینی (٢٠٢٠/١٠/١٣) خۆت ئامادەبیت یان بریکارت بەپێچەوانەوە دابینی ئەنجام دەدرێت بە پاشملە و ناشکرا.

دادوەر/ ڕشاد خالد عمر

***

دادگای کەتنی هەولێر/٣

ژمارە/٣٢٦/ ك٢٠٢٠/٣
ڕێکەوت/ ٢٠٢٠/٩/٢٩

بۆ تۆمەتباری هەڵاتوو/ عمار غانم وحید
ئاگادارکردنەوە

لەبەر ئەوەی شوێنی نیشتەجێت نا دیارە بۆیە بە پشت بەستن بە ماددە /١٤٣ لە یاسای بنەماکانی دادگاکردنی سزایی. دادگاکەمان بریاری دا لە ڕێگای ڕۆژنامەی ناوخۆیی ئاگادارتان بکاتەوە بە مەبەستی ئامادەبوونتان لەبەردەم ئەم دادگایە لە کاتژمێر (٩) ی بەیانی لە بەروارى ٢٠٢٠/١١/٢٢ بە مەبەستی دادگایی کردنتان بە پێی مادەی (٤٥٦) لە یاسای (سزا) بە پێچەوانەوە خۆت بەرپرسیاری بەپێی یاسا.

دادوەر/ بهزاد جهاد فائق

***

دادگای کەتنی هەولێر/٣

ژمارە/١٣٧/ ك٢٠٢٠/٣
ڕێکەوت/ ٢٠٢٠/٩/٢٩

بۆ تۆمەتباری هەڵاتوو/ نوشیر حسن عزیز
ئاگادارکردنەوە

لەبەر ئەوەی شوێنی نیشتەجێت نا دیارە بۆیە بە پشت بەستن بە ماددە /١٤٣ لە یاسای بنەماکانی دادگاکردنی سزایی. دادگاکەمان بریاری دا لە ڕێگای ڕۆژنامەی ناوخۆیی ئاگادارتان بکاتەوە بە مەبەستی ئامادەبوونتان لەبەردەم ئەم دادگایە لە کاتژمێر (٩) ی بەیانی لە بەروارى ٢٠٢٠/١١/٢٢ بە مەبەستی دادگایی کردنت بە پێی مادەی (٢٦١) لە یاسای (سزا) بە پێچەوانەوە خۆت بەرپرسیاری بەپێی یاسا.

دادوەر/ بهزاد جهاد فائق

***

دادگای کەتنی هەولێر/٣

ژمارە/٣٩٢/ ك٢٠٢٠/٣
ڕێکەوت/ ٢٠٢٠/٩/٢٩

بۆ تۆمەتباری هەڵاتوو/ رزگار حمد عثمان
ئاگادارکردنەوە

لەبەر ئەوەی شوێنی نیشتەجێت نا دیارە بۆیە بە پشت بەستن بە ماددە /١٤٣ لە یاسای بنەماکانی دادگاکردنی سزایی. دادگاکەمان بریاری دا لە ڕێگای ڕۆژنامەی ناوخۆیی ئاگادارتان بکاتەوە بە مەبەستی ئامادەبوونتان لەبەردەم ئەم دادگایە لە کاتژمێر (٩) ی بەیانی لە بەروارى ٢٠٢٠/١١/٢٢ بە مەبەستی دادگایی کردنت بە پێی مادەی (٤٤٦) لە یاسای (سزا) بە پێچەوانەوە خۆت بەرپرسیاری بەپێی یاسا.

دادوەر/ ئومید محسن حمدامین

***

دادگای کەتنی هەولێر/٤

ژمارە/٥٧٥/ ك٢٠٢٠/٤
ڕێکەوت/ ٢٠٢٠/٩/٢٩

بۆ تۆمەتباری هەڵاتوو/ ئومید رشاد حمد
ئاگادارکردنەوە

لەبەر ئەوەی شوێنی نیشتەجێتان نا دیارە بۆیە بە پشت بەستن بە ماددە /١٤٣ لە یاسای بنەماکانی دادگاکردنی سزایی. دادگاکەمان بریاری دا لە ڕێگای ڕۆژنامەی ناوخۆیی ئاگادارتان بکاتەوە بە مەبەستی ئامادەبوونتان لەبەردەم ئەم دادگایە لە کاتژمێر (٩) ی بەیانی لە بەروارى ٢٠٢٠/١١/٢٢ بە مەبەستی دادگایی کردنتان بە پێی مادەی (٤٥٦) لە یاسای (سزا) بە پێچەوانەوە خۆت بەرپرسیاری بەپێی یاسا.

دادوەر/ ئومید محسن حمدامین

***

دادگای کەتنی هەولێر/٤

ژمارە/٥٧٨/ ك٢٠٢٠/٤
ڕێکەوت/ ٢٠٢٠/٩/٢٩

بۆ تۆمەتباری هەڵاتوو/ مامە واحد شین
ئاگادارکردنەوە

لەبەر ئەوەی شوێنی نیشتەجێتان نا دیارە بۆیە بە پشت بەستن بە ماددە /١٤٣ لە یاسای بنەماکانی دادگاکردنی سزایی. دادگاکەمان بریاری دا لە ڕێگای ڕۆژنامەی ناوخۆیی ئاگادارتان بکاتەوە بە مەبەستی ئامادەبوونتان لەبەردەم ئەم دادگایە لە کاتژمێر (٩) ی بەیانی لە بەروارى ٢٠٢٠/١١/٢٢ بە مەبەستی دادگایی کردنتان بە پێی مادەی (٤٤٦) لە یاسای (سزا) بە پێچەوانەوە خۆت بەرپرسیاری بەپێی یاسا.

دادوەر/ ئومید محسن حمدامین

***

دادگای کەتنی هەولێر/٣

ژمارە/٢٨١/ ك٢٠٢٠/٣
ڕێکەوت/ ٢٠٢٠/٩/٢٩

بۆ تۆمەتباری هەڵاتوو/ کارزان یاسین طه
ئاگادارکردنەوە

لەبەر ئەوەی شوێنی نیشتەجێتت نا دیارە بۆیە بە پشت بەستن بە ماددە /١٤٣ لە یاسای بنەماکانی دادگاکردنی سزایی. دادگاکەمان بریاری دا لە ڕێگای ڕۆژنامەی ناوخۆیی ئاگادارتان بکاتەوە بە مەبەستی ئامادەبوونتان لەبەردەم ئەم دادگایە لە کاتژمێر (٩) ی بەیانی لە بەروارى ٢٠٢٠/١١/٢٢ بە مەبەستی دادگایی کردنت بە پێی مادەی (٤٥٧) لە یاسای (سزا) بە پێچەوانەوە خۆت بەرپرسیاری بەپێی یاسا.

دادوەر/ بهزاد جهاد فائق

***

DNO
EST - 1971

کۆمپانیای (DNO) کە لە بواری گەران و بەرهەمهێنانی نەوت کار دەکات، پێویستی بە کارمەندی (ناوخۆ) هەیە بەپێی ئەم بوارو مەرجانەی کە لە خوارەوە هاتوون :

Job Title	Senior Stimulation & Completions Engineer
Work Location	Dubai Office
Application Closing date	7 Days from the date of this announcement

Additional Details and requirements
Job Summary: To design, plan, coordinate and support the execution of stimulation interventions in naturally fractured carbonates to optimize production and injection in a safe and cost-effective way. To read more details on the responsibilities of this job, please visit our website **Required Qualifications & Experience:** • Minimum education: Bachelor's Degree in Engineering (Petroleum or equivalent). • Minimum of 20+ years as a total experience in oil and gas industry, including good length of experience in Stimulation engineering for oil and gas wells. • Significant experience with naturally fractured carbonates. • Experience with multistage completion. • Supervisory experience in the field as well as in an office-based environment for planning and executing daily operations support. • Experience with coiled tubing and interventions.

Notes for interested Candidates
Please submit your application by visiting our website (https://dno.easycruit.com)

DNO Iraq AS
Empire Business Complex, Building C2, Floor 3, Erbil, Kurdistan Region of Iraq
Org. no 988 714 526 **Office** +964 66 252 9950/ +47 22 01 56 64/6 65
dno.no

DNO
EST - 1971

کۆمپانیای (DNO) کە لە بواری گەران و بەرهەمهێنانی نەوت کار دەکات، پێویستی بە کارمەندی (ناوخۆ) هەیە بەپێی ئەم بوارو مەرجانەی کە لە خوارەوە هاتوون :

Job Title	Operations Drilling Engineer-3 months fixed term
Work Location	Dubai Office
Application Closing date	7 Days from the date of this announcement

Additional Details and requirements
Job Summary: The Operations Drilling Engineer is responsible for well engineering and operations support for one or more rigs including preparing Basis of Designs, Drilling Programs and Procedures, AFE's and End of Well Reports as well as input to Well Proposals. To read more details on the responsibilities of this job, please visit our website **Required Qualifications & Experience:** • The Operations Drilling Engineer must have a bachelor's or master's degree in a relevant subject, preferably Petroleum Engineering. • Minimum of 15 years' experience in Drilling Engineering with proven success in a relevant Drilling Engineer role. • Competent user of Landmark drilling engineering software. • Experienced with MPD and UBD operations. • Familiar with Well Integrity concepts including application of NORSOK D010. • Experienced in onshore operations.

Notes for interested Candidates
Please submit your application by visiting our website (https://dno.easycruit.com)

DNO Iraq AS
Empire Business Complex, Building C2, Floor 3, Erbil, Kurdistan Region of Iraq
Org. no 988 714 526 **Office** +964 66 252 9950/ +47 22 01 56 64/6 65
dno.no



چی دەبێت ئەگەر واشنتن باڵیۆزخانەی خۆی لە بەغدا دابخات؟

مینا ئەلعریبی

ئەمریکا، پێشهاتێکی ترسناکی تازەی بەسەر دیمەنی عێراقدا هێنا، ئەویش بە هەڕەشەکردن بە داخستنی باڵیۆزخانەکەی لە بەغدا، بەمەش گوشارێکی تازەی خستە سەر حکومەتەکەی، مستەفا کازمی، سەرۆك وەزیرانەوە. مایك پۆمپیۆ، وەزیری دەرەوەی ئەمریکا بە، بەرهەم سالح، سەرۆکی عێراق راگەیاند، ولاتەکەی بە ئاراستەی داخستنی باڵیۆزخانەکەی هەنگاو دەنێت، ئەگەر هێزەکانی عێراق، نەتوانن باڵیۆزخانەی ئەمریکا و نێردەکانی دیکەی دیبلۆماسی بپارێزن، دوای زیادبوونی دەستدرێژییە بەردەوامەکان بۆ سەر نێردە دیبلۆماسییەکان و ئەو تیمە لۆجیستیانەی، پشتیوانی لەوان و هێزی هاوپەیمانان دەکەن. ئەو بڕیارە بەڵگەیە لەسەر ئەوەی، واشنتن،پاساوەکانی حکەمەتی عێراقی، بۆ بەردەوامی ئەو هێرشانە و شکستهێنانی لە زاڵبوون بەسەر ئەو گرووپە چەکدارانە، لە مانگەکانی رابردوودا قبوڵ نییە. داخستنی باڵیۆزخانە ئامادەیە بۆ ئەوەی، واشنتن، متمانەی بەتوانای هێزەکانی عێراق نییە، کە هەر خۆی مەشقی پێکردووە، دەریشی دەخات، بەرپرسانی ئەمریکا، پێیان وانییە، رەوشی ئاسایش لە عێراق، بە ئاراستەی راست هەنگاو دەنێت. بەڵام هاوزەمان لەوانەیە بەڵگەش بێت لەسەر ئەوەی، واشنتن، بیەوێت لێکۆڵینەوە لە ئەگەری فراوانکردنی بژاردەکانی لە رووبەڕووبوونەوەی میلیشیاکاندا بکات، بێ ئەوەی هیچ کەلێنێکی تەناهی جێبهێڵێت. کاتێك دۆناڵد ترەمپ، سەرۆکی ئەمریکا، لێکۆڵینەوە لە بژاردەکانی لە رووبەڕووبوونەوەی میلیشیاکاندا دەکات، بەردەوام لێکۆڵینەوەیەك بۆ ئەگەرەکانی وەڵامدانەوەی ئەمریکا هەیە، لەوانە ئەگەری لێدانی بەرژەوەندییەکانی ئەمریکا، لەسەرووی هەموشیانەوە، باڵیۆزخانەی ئەمریکا. دەرەنجام دەردەکەوێت، کارگێڕی ئەمریکا لە ئەگەری دووبارەبوونەوەی سیناریۆی هێرشکردنە سەرنێردە دیبلۆماسییەکەی دەترسێت، هاوشێوەی ئەوەی بەسەر نێردەکەی لە بەغازی داهات لە ساڵی 2012 دا. هەڵکوتانە سەر چواردەوری باڵیۆزخانەی ئەمریکا لە بەغدا لە کانونی یەکەمی رابردووداً، تیشکی خستە سەر ئەو مەترسییە، کە لەوانەیە چەند تاکێکی سەر بە حەشدی شەعبی لە پشتییەوە بن، کە راستەوخۆ مووچە لە خەزێنەی عێراقەوە وەردەگرن، لەوکاتەی لایەنی دیکە نوێنەریان لە پەرمانی عێراقدا هەیە. لێدوانە یەك لەدوای یەکەکانی میلیشیاکانی وەکو کەتائیبی ئەهلل حەق و حزبوڵڵا، بەوەی دەیانەوێت ئەمریکا لە عێراق دەرپەڕێنن، کە هێزەکانیان لە نێو حەشدی شەعبی دایە و دەبێت سەر بەهێزە چەکدارەکانی ژێر فەرمانی سەرۆك وەزیراندا بن، بەڵگەیەکی دیکەیە لەسەر ئەو ناکامیە ریشەیەی لە پێکهاتەی تەناهی ولاتدا هەیە. لەوکاتەی دەنگۆیەکانی داخستنی باڵیۆزخانەی ئەمریکا خێراتر دەبێت، وەکو گواستنەوەی باڵیۆزی ئەمریکا لە بەغداوە بۆ هەولێر- کە پێناچێت راست بێت- هێزە سیاسییەکانی عێراق، لە هەوڵی چارەکردنی رەوشەکە دان. هەفتەی رابردوو، بەرهەم سالح، سەرۆکی عێراق، لەگەڵ، مستەفا کازمی، سەرۆك وەزیران، محەمەد حەلبوسی، سەرۆکی پەرلەمان و فایەق زێدان، سەرۆکی دادگای باڵا، کۆبوونەوە و پاشان بڵاوکراوەیەکیان راگەیاند، کە تێیدا هاتبوو: ((پشتیوانی لە هەوڵەکانی حکومەت، بۆ هێشتنەوەی چەك لە دەستی دەوڵەت، ڕێگەگرتن لە کردنە ئامانجی نێردە دیبلۆماسییەکاندا دەکەن، ئەوانەی بەرپرسیاریەتی پاراستن و سەلامەتی دەزگا و تاکەکانیان دەکەوێتە سەر ئەستۆی عێراقەوە)). ئەو قسانە گرنگن، بەڵام هیچ گۆڕانکارییەك لە هەڵوێستی فەرمی ئەو لایەنانەدا ناکات.

سەرۆك وەزیران، فوئاد حوسێن، وەزیری دەرەوە بە نوێنەری خۆی راسپارد، سەردانی تاران بکات، بە هیوای ئەوەی بە جۆرێك هێورکردنەوە بگەڕێتەوە. وەڵامی سەرۆکی ئێران، لێدوانێکی فەرمی بوو کە تێیدا هاتبوو: ((بوونی ئەمریکا زیان بە ئاسایشی ناوچەکە دەگەیەنێت)). بەدڵنیایەوە تەهران لەو قۆناغەدا، دەستی یارمەتی بۆ حکومەتی عێراق بۆ هێشتنەوەی ئەمریکییەکان درێژ ناکات، بەڵکو بە هەموو توانای کار بۆ دەرپەڕاندنیان دەکات، بۆ ئەوەی خۆی بێتە بە هەژموونترین هێز. لە لایەکی دیکەوە، موقتەدا سەدر، بڵاوکراوەیەکی دەرکرد و تێیدا، رەتکردنەوەی کردنە ئامانجی نێردە دیبلۆماسییەکانی رایگەیاند، بۆ ئەوەی دەرفەت بە خۆی و هێزەکانی بدات، دوور لە میلیشیاکان هەڵسوکەوت بکەن، ئەوانەی کازمی بە هێزی (لە یاسا دەرچوو) ئاماژەیان بۆ دەکات. ئەو دوو بەرەکییەی بەرۆکی هێزە چەکدارەکانی شیعەی گرتووە، لەو قۆناغەدا لە چڕبوونەوە دایە و رەنگدانەوەی پشێوی ناوخۆیی ئەو گرووپانەیە، کە لەوانەیە دەرفەتی دروستبوونی هاوپەیمانی نیشتمانی تازە، بۆ رەتکردنەوەی کردنە ئامانجی بەرژەوەندییەکانی عێراق بڕەخسێنێت، تاکو چیتر دامودەزگاکانی بەر دووبەرەکی زیاتر نەکەوت. مستەفا کازمی، کە دوو مانگ پێش ئێستا، سەردانێکی سەرکەوتووی بۆ کۆشکی سپی کرد، ئەمڕۆکە بەهۆی جوولەکردنی ئەمریکاوە، خۆی لەنێو تەنگژەیەکدا دەبینێتەوە. ئەگەر ئێستا لەدژی میلیشیاکان بجوولێتەوە، بە لاواز دەردەکەوێت و وا دێتە پێش چاو، بە ماکی گوشارەکانی ئەمریکا دەجوولێتەوە، هەرچەندە لە یەکەمی رۆژی بوونی بە سەرۆك وەزیران، لە هەوڵی ئەوەدا بووە، چەك لە دەستی دەوڵەتدا بهێڵێتەوە. ئەگەر هیچ جوولەیەکی بەهێز نەکات، بۆ خۆ دوورخستن لە ئەگەری ڕووبەڕووبوونەوەیەك لە نێوان لایەنە چەکدارەکاندا، واشنتن، باڵیۆزخانەکەی خۆی دادەخات، بەمەش هەڵوێستی کازمی لەبەردەم گرووپە چەکدارەکانی ئامانج لێی پاڵنانە بە حکومەتەکەی کازمی، بۆ ئەوەی بە هەتەری لەگەڵ هەڕەشەی تەناهی لە ولاتدا مامەڵە بکات، لەوانەیە هەر خۆی ڕەوشی تەناهی ئاڵۆزتر بکات، مەگەر واشنتن، ڕێگە بۆ ستراتیژیەتێکی تەواو، بە هاوکاری لەگەڵ حکومەتی عێراق، بۆ دانانی سنووریك بۆ میلیشیاکان خۆش بکات. کەس پێشبینی نەدەکرد، ئەمریکا، قاسم سلێمانی، سەرکردەی فەیلەقی قودسی سەر بە سوپای پاسداران و ئەبو مەهدی موهەندیس، سەرکردەی حەشدی شەعبی، لە 3 کانونی دووەمدا بکاتە ئامانج، بەڵام ئەوەی کرد و توانیشی کارتەکەکان لەو گۆڕەدا تێکەڵاو بکات. ئایا هیچ جوولەیەکی دیاریکراو بۆ کردنە ئامانجی سەری میلیشیاکان دەکات، ئەوانەی کە بە ئاشکرا نیازی خۆیان بۆ بەرەنگاربوونەوەی حکومەتی عێراق و هێزەکانی نێودەوڵەتی، ئەوانەی لە نێو ولات دان، بە گوێرەی داواکاری ئەو حکومەتە رادەگێنن؟ ئەگەر هیچ ڕێوشوێنێکی دیکەش لەدوای داخستنی باڵیۆزخانەکەی نەگرێتە بەر، تەهران و گرووپەکانی پاشکۆی، سەرکەوتنێکی میدیایی و کردەییان لەو گۆڕە بەدەست هێناوە، واش دەردەکەوێت، واشنتن، بە هۆی فشاری ئەو گرووپانەوە کشاوەتەوە. بڕیاری داخستن ئەوەندە ئاسان نییە و بە شەو و ڕۆژێکیش ڕوو نادات، بەڵکو پێشبینی دەکرێت، چەندین هەفتە بخایەنێت. بێجگە لەوەی باڵیۆزخانەی 12 ولاتی دیکە لە عێراق، لە ڕووی لۆجیستی و ڕێوشوێنی تەناهییەوە، بە شێوەیەکی زۆر پشت بە ئەمریکا دەبەستن، لەوانەیە ئەوانیش باڵیۆزخانەی خۆیان بکێشێننەوە، ئەگەر واشنتن، باڵیۆزخانەکەی خۆی لە بەغدا دابخات. هەموو ئاماژەکان بەڵگەن لەسەر ئەوەی، ئەگەر بڕیاری داخستنی باڵیۆزخانە دەربچێت، باڵیۆزخانە وا بە خێرایی ناگەڕێتەوە. لەوکاتەی داوا لە ئەمریکییەکان دەکەین لە بڕیاردان پەلە نەکەن، لەسەر حکومەتی عێراقیشە زوو بکەوێتە خۆی، تاکو هەتەری خۆی لە ڕووبەڕووبوونەوەی میلیشیاکان نیشان بدات، ئەویش لە میانی لغاوکردنی هەتەری ئەو لایەنانەی، بە ئاشکرا یاری بە ئاسایشی باڵیۆزخانە، لەوەش زیاتر بە ئاسایشی عێراقەوە دەکەن.

و: ڕەمزی میرەکانی

سەرچاوە: www.aawsat.com



مانشێت

دۆچە ڤیلە:



هەریەکە لە ئەرمینیا و ئازەربایجان لەسەر وەستاندنی شەڕ لە کاراباخ و ئاڵوگۆڕگردنی دیل و تەرمی کوژراوان و دەستپێکردنی دانوستان ڕێککەوتن.

ئینديپێندێنت:



هێنری کیسنجەری وەزیری دەرەوەی پێشووتری ئەمەریکا هۆشداری دا لەوەی ئەگەر ئەمەریکا و چین سنووریك بۆ ململانێکانیان دانەنێن ، دوور نیە جیهان جەنگێکی دیکەی جیهانی بەخۆیەوە ببینێ.

ئۆبزێرڤەر:



ئەمیندارى گشتى ناتۆ رایگەیاند هاوکات لەگەڵ کێشانەوەی هێزەکانی ئەمەریکا، ناتۆش هێزەکانی لە ئەفغانستان دەکێشێتەوە.

یۆرۆ نیوز:



لە ئەنجامی تەقینەوەی تانکەرێکی سووتەمەنی لە گەڕەکی ئەبوشاکر لە ناوەڕاستی بەیروت ، چوار کەس گیانیان لەدەست دا و دەیان کەسی دیکە بریندار بوون.

ڕۆژنامەی نەلشەرقولئەوسەت:



بە مەبەستی کۆنترۆڵکردنی بڵاوبوونەوەی ڤایرۆسی کورۆنا ،حکومەتی ئەڵمانیا بەنیازە داوای یارمەتی لە شارەزایانی سوپا و پەیمانگای ڕۆبرت کوخ بکات.

کەنالی ئار تی:



سەرۆکی تایوان رایگەیاند ئەوان بەنیازی ئەنجامدانی گفتوگۆی جیدین لەگەڵ چین ، دووپاتیشی کردەوە کە تایوان هەمیشە وەك فاکتەرێکی سەقامگیریی ناوچەکە دەمێنێتەوە.

پێناسەی ولاتان

ناميبيا

ناوی فەرمی : کۆماری نامیبیا.

کیشوەر : ئەفریقیا.

پێگەی جوگرافی: لە باکور ئەنگۆلا و زامبیا ، لە ڕۆژهەڵات بۆتسوانا و لە باشوور باشووری ئەفریقیا هەن.

سیستم : کۆماری.

پایتەخت : ویندهۆك.

ژمارەی دانیشتوان : 2.4 ملیۆن کەس.



ڕووبەر: 825.418 کیلۆمەتر دووجا.

ئاین : مەسیحی .

دراو : دۆلاری نامیبی.

زمان: ئەڵمانی ، ئینگلیزی ، چەند زمانێکی ناوخۆیی ئەفریقی.

ڕێکەوتی ئەندامێتی لە نەتەوە یەکگرتووەکان: 23-4-1990.



ژمارەی شاخەوانیی ئافرەت لە هەرێم روو لە زیادبوونە

سەرۆکی گرووپی شاخەوانی:

سەرەڕای بڵاوبوونەوەی کۆرۆنا، بەڵام ژمارەیەکی زۆر وەرزش دۆست بەشداری لە گرووپە شاخەوانییەکاندا دەکەن





خەبات: سلێمانی

ژمارەی ئەو ئافرەتانەی بەشدارن لەو گرووپە شاخەوانییە زیاتر ئەوانەن کە تەمەنیان لەسەرو 40 ساڵییەوەیە ئەویش لەبەر ئەوەیە کە زۆرێک لە هاووڵاتیان بەتایبەت ئافرەتان بۆ ئەوەی لە تەمەنەکانی سەرو 40 ساڵیدا تووشی نەخۆشییە دڕێژخایەنەکان نەبن و لەشوولارێکی تەندروستیان هەبێت زیاتر بەشداری دەکەن لە وەرزشی شاخەوانیدا.

گرووپی شاخەوانی هەزارمێر، بەئامادەبوونی زیاتر لە 500 شاخەوان، لەگوندی شیلانەی قەزای دوکان سەر بە پارێزگای سلێمانی بەسەر شاخەکانی ناوچەکەدا هەڵگەران.

بەسەرکردنەوەی شاخەکانی کوردستان

پەیمان بەرزنجی وەک ئافرەتێک کە ئێستا گرووپێکی شاخەوانی دروست کردووە باس لەوە دەکات کە ئەو هەر لە منداڵییەوە خولیای شاخەوانی هەبووە، بەڵام ماوەی 5 ساڵە توانیوێتی لەگەڵ کۆمەڵێک هاوڕێیدا گرووپێکی شاخەوانی دروست بکەن و هەفتانە چیاو شاخەکانی هەرێمی کوردستان بەسەر دەکەنەوە وەک وەرزشێکی سەرکێشانە.

ناوبراو باس لەوە دەکات کە ساڵانە ژمارەی ئەندامانی ڕێکخراوەکەیان ڕوو لەهەڵکشانەوەو دەڵێت، «ئەمساڵ سەرەڕای بڵاو بوونەوەی پەتای کۆرۆنا، بەڵام زیاتر ژمارەیەکی زۆر وەرزشدۆست بەشداری دەکەن لە گرووپە شاخەوانیەکاندا، هەموو چیاکانی هەرێمی کوردستان بەسەردە کەنەوە».

پەیمان بەرزنجی باس لەوە دەکات کە ئەو زیاتر ئافرەتان دەهێنێتە نێو بواری شاخەوانییەوە تاوەکو بتوانن زیاتر پشت بەخۆیان ببەستن و لەچوارچێوەی ژووڕەکانیان بێنە دەرەوە، ئەوەی بەدی دەکرێت، ژمارەی ئەو ئافرەتانەی بەشدارن لەو گرووپە شاخەوانییە زیاتر ئەوانەن کە تەمەنیان لەسەرو 40 ساڵییەوەیە و پەیمان هۆکارەکەی بۆ ئەوە گەڕاندەوە کە زۆرێک لە هاووڵاتیان بەتایبەت ئافرەتان بۆ ئەوەی لە تەمەنەکانی سەرو 40 ساڵیدا تووشی نەخۆشییە دڕێژخایەنەکان نەبن و لەشوولارێکی تەندروستیان هەبێت زیاتر بەشداری دەکەن لە وەرزشی شاخەوانیدا.

ڕێکخراوێکی تایبەت بە ئافرەتان

پەیمان بەرزنجی شاخەوان باس لەوە دەکات کە ئەو هەر لە تەمەنێکی زووەوە خولیای شاخەوانی هەبووە و باس لەوە دەکات کە خۆشترین ڕۆژی ژیانی ئەو کاتێکە، بەسەر شاخەکاندا سەردەکەوێت و دەڵێت: یەکەم کەس بووین کە ڕێکخراوێکی تایبەت بە ئافرەتانمان دروست کرد بۆ وەرزشی شاخەوانی، بەسەر شاخەکانی هەرێمی کوردستاندا سەردەکەوین، زۆربەی شاخەکان سەرکەوتنیان خۆشە، لەگەڵ ئەوەی ئاستەنگی و سەختی خۆیان هەیە، بەڵام شاخی پیرەمەگرون سەختترین شاخە بەڵای منەوە کەچێژێکی تایبەتی هەیە. ئەمساڵ ٧ جار چوومەتە پیرەمەگرون، هەرگیز لێی بێزار نابم، چوومەتە هەڵگورد کە بەرزترین لووتکەیە لەعێراق، بەڵام بەهێندەی شاخی پیرەمەگرون هیلاکی نەکردووم».

بڕینی شاخە سەختەکان

ئاراس عوبێد و کچەکەی خۆشی ئاراس دوو شاخەوانی تر بوون کە بەشدار بوون لە چالاکییەکەداو لە شاری هەولێرەوە ملی ڕێگایان گرتبوو، باس لەوە دەکەن کە ماوەی دوو ساڵە سەرقاڵی شاخەوانین و زۆرێک لە شاخە سەختەکانی سنووری پارێزگای هەولێریان بڕیوە، بەڵام پێیان خۆشبووە لە سنووری پارێزگای سلێمانیدا شاخەوانی ئەنجام بدەن.

ئاراس عوبێد کچەکەشی لە وەرزشەکەدا هاوڕێیەتی و خۆشی ئاراس ئاماژە بەوە دەکات ئەو وەک کچێک زۆر سەخت بوو کە بڕیاری دا لەگەڵ باوکیدا دەست بداتە وەرزشی شاخەوانی چونکە پێی وابووە کارێکی زۆر سەختەو بۆ ئافرەت نابێت بەهۆی سەختیەکەیەوە، هەروەها دەڵێت: هەموو شتێک ئیرادەیە، دەمێکە بەرنامەم هەیە بۆ ئەوەی بەشدار بم لەو جۆرە چالاکیانەدا، بۆیە وەک هاوڕێیەک لەگەڵ باوکمدا بڕیارم دا بچم، بۆیە هاتمە ئێرە، ئەویش بە هاندانی باوکم.

ئەنچیلۆتی بە باشترینی پریمەرلیگ دەستنیشانکرا

کارلۆ ئەنچیلۆتی بە باشترین ڕاهێنەری مانگی پێشووی خولی ئینگلیزی دەستنیشانکرا دوای ئەو ئاستە بەرزەی یانەکەی پێشکەشی کرد.

پەڕەی فەرمی پریمەرلیگ لە تووێتەر ڕایگەیاند کەوا کارلۆ ئەنچیلۆتی ئیتاڵی و ڕاهێنەری یانەی ئێڤەرتۆنی ئینگلیزی بە باشترین ڕاهێنەری مانگی 9ی پریمەرلیگ دەستنیشانکرا.

ڕاهێنەرە ئیتاڵیەکە توانیویەتی پلەی یەکەمی ڕیزبەندی خولەکە بگرێت و لە سەرجەم ئەو یارییانەی کە ئەنجامیداوە براوە بێت.

شایەنی باسە ڕاهێنەرە 61 ساڵانەکە یەکەم ڕاهێنەری ئێڤەرتۆنە ئەو خاڵەتە بەدەستبهێنێت لە دوای دافید مۆیس لە ساڵی 2013.

دژی لە مانگی ڕۆنالدۆ دەکرێت

دەزگا ڕاگەیاندنەکانی پورتوگال بڵاویان کردەوە کە کەسێک خۆی دەگەیەنێتە ماڵی کریستیانۆ ڕۆنالدۆ و چەند شتێک لە ماڵەکەیدا دەدزێت کە کەوتۆتە شاری فۆنشال لە زیدی خۆی لە مادیرا. بەگوێرەی ڕاپۆرتەهەواڵەکان ئەو کەسە لەڕێگای گەراجەوە خۆی گەیاندۆتە ژووڕەوە دوای ئەوەی کڕێکارێک کاری لە دەرگای گەراجەک کردووە، ئەو دزە هێندە لە ژووڕەوە نەماوەتەوە و تەنها دڕێسێکی یۆڤنتۆسی ڕۆنالدۆی بردووە کە نرخەکەی تەنها 200 یورۆیە لەگەڵ کڵاوێکی بردووە و ڕۆیشتووە، بەڵام دیار نییە کە لەکاتی دزییەکەدا کەس لەماڵ بووبێت چونکە لەوێ تەنها دایکی و برایەکی تێیدا دەژین.

دواتر کە کامیرای ماڵەکەیان لێداوەتەوە، ناسنامەی کەسەکەیان ئاشکرا کردووە، بەڵام پێناچێت ڕۆنالدۆ هیچ سکاڵایەک لەدژی ئەو کەسە تۆماربکات.



سواریز: دەکرا بەشێوەیەکی جوانتر پێم بڵێن بڕۆ





لویس سواریزی ئۆرۆگوایی و پێشووی یانەی بەرشلۆنە گلەیی لە ئیدارەی یانەی بەرشە دەکات و نیگەرانی خۆی دەردەبڕێت.

سواریز لە بەرشلۆنەوە پەیوەندی بە ئەتلەتیکۆ مەدرید کرد و ئێستاش لەگەڵ هەڵبژاردەی وڵاتەکەی ئامادەکاری دەکەن بۆ یاریەکانی پاڵاوتنی جامی جیهانی. لە چاوپێکەوتنێکی ڕۆژنامەوانیدا سواریز لەبارەی ڕۆشتنی لە بەرشلۆنە گوتی: "چەندان ڕۆژم بە گریانەوە بەسەر برد، شەش ساڵ خزمەتی بارسام کرد، دەکرا بەشێوەیەکی جوانتر پێم بڵێن بڕۆ نەک ئاوا دوورم بخەنەوە. لیۆش زۆر دڵتەنگ بوو بۆمن و تووڕە بوو لە بەرشلۆنە."

ئەو وتانەی سواریز لەسەر یانەی پێشووی یەکەم جارە دوای ڕۆشتنی لەو یانەیە و پەیوەندی کردنی بە ئەتلەتیکۆ مەدرید.

پۆگبا: خەون بە یاریکردن لە ریاڵ مەدرید دەبینم

پۆل پۆگبا، ئەستێرەی یانەی مانچستەر یونایتدی ئینگلیزی باس لە دەنگۆکانی پەیوەندیکردنی بە ڕیاڵ مەدریدەوە دەکات. ناوەڕاستکارەکەی هەڵبژاردەی فەڕەنسا لە ماوەی ڕابردوودا ناوی بەسترابوویەوە بە پەیوەندیکردنی بە ڕیاڵ مەدریدەوە و ڕاهێنان کردن لە ژێر دەستی زیزۆی ڕاهێنەر. لە چاوپێکەوتنی ڕۆژنامەوانیدا پۆگبا گوتی: هەموو یاریزانێکی تۆپی پێ خەون بە یاریکردن دەبینێت بۆ ڕیاڵ مەدرید، ئەوە خەونێکە بۆ ئەوان و بۆ منیش. یاریزانە تەمەن27 ساڵانەکە گوتیشی: ئێستا من لە مانچستەر یونایتدم و ئەو یانەیەشم خۆش دەوێت، دەمەوێت ئەوەی لە توانامدا هەیە پێشکەشی بکەم و یانەکە بگەڕێنینەوە ئەو جێگای کە شایستەیەتی.

شایەنی باسە گرێبەستەکەی پۆگبا لە هاوینی 2021 لەگەڵ شەیتانە سورەکان تەواو دەبێت.

خەبات

ماسك بەستن

تا ژیان بەردەوام بێ، خەبات بەردەوامە

XEBAT

KHABAT

Daily Newspaper Kurdistan - Iraq

Organ of KDP

info@xebat.net

www.xebat.net

Concessioner: Ali Abdulla Editor-in-chief: Salam Abdulla

Sun. 11 Oct. 2020 No.:(6019)

خاوەنی ئیمتیاز

عەلی عەبدوڵڵا

سکرتێری نووسین

دڵشاد مستەفا وەسانی

dilshadmstafa@yahoo.com

سەرنووسەر

سەلام عەبدوڵڵا

07702969696 07504459940

بەڕێوەبەری هونەری

شکار عفان نەقشبەندی

shkaraffan@gmail.com

ناونیشان: هەولێر - شەقامی سەرەکی مەسیف سەلاحەدین - بەرامبەر وەزارەتی پێشمەرگە - میدیا سەنتەر

بۆ رێکلام کردن پەیوەندی بکەن بە: 07509069595 یان ئیمێڵی reklam@xebat.net

بەشی ئاگادارییەکان: 07505881616



گەورە نووسەری کورد ع. ع شەونم لەتەمەنی 95 ساڵیدا چووە بەر دڵۆڤانی خودا

سەرلەبەیانی دوێنێ گەورە نووسەر و ئەدیبی کورد عەلی عەبدوڵڵا، کە ناسراوە بە (ع. ع شەونم) لە تەمەنی 95 ساڵیدا لەسلێمانی کۆچی دواییکرد.

ع. ع شەونم لەساڵی 1929 لە شاری هەڵەبجە لەدایکبووە، بۆیە تەرمەکەشی دوای نیوەڕۆی هەمان ڕۆژ گەڕێندرایەوە زێدی خۆی و لە گۆڕستانی گوڵان، لەپاڵ چەندین زانای دیکەی شاری هەڵەبجە بە خاک سپێردرا.

ع. ع شەونم یەکێک بوو لە مامۆستا بەتواناکانی بواری پەروەردە و فێرکردن، جگە لەوەش، دەنگخۆش، ئاوازدانەر و شێوەکار و و خۆشنووس و مێژوونووسێکی بەتوانابوو ، هەروەها شارەزاییەکی باشی هەبوو لە زمانی کوردی و عەرەبی و فارسی. یەکێک لە هۆنراوە نیشتمانییەکانی ع. ع شەونم، سروودی (چەژنە چەژنی کوردستانە چەژنی نەورۆزە...بە تیشکی ئاگر ئەنووسم چەژنە پیرۆزە)بوو، کە ئاوازەکەشی هەر هی خۆیەتی. ئەم سروودە یەکێک بوو لە سروودە جوانە نەتەوەییەکان .

هەروەها ، لە ئەدەبی منداڵانیشدا جێ دەستێکی دیارەو بەرچاوی هەبوو خزمەتێکی باشیشی بەم بوارە کردووە و بۆشاییەکی گەورەی پڕکردووەتەوە و هەمیشە هەوڵیداوە لە زمانی منداڵانەوە هانیان بدات بۆ کاری باشە و دوورکەوتنەوە لە خراپەکاری.

هەروەها ع. ع شەونم ، یەکێکبوو لە دامەزرێنەرانی (یەکێتی نوسەرانی کورد) لقی بەغدا، سااڵنێکیش لێپرسراوی چااکی قوتابخانەکانی سلێمانی بووە، یەکەم خەاڵتی شیعری بنکەی ئەدەبی و ڕۆشنبیریی سلێمانی پێبەخشراوە.



سێهەمین فیستیڤاڵی هەنار لە سیروان سەر بە پارێزگای هەڵەبجە بەڕێوەچوو



لە ناحیەی سیروان سەر بە پارێزگای هەڵەبجە بە بەشداریی ژمارەیەک جووتیار و یامادەبوونی خەڵکی ناوچە جیاجیاکانی پارێزگاکانی هەرێمی کوردستان، بۆ سێهەمین جار فیستیڤاڵێک بۆ ساغ کردنەوەی بەرهەمی هەنار ڕێکخرا. ڕێکخەری فیستیڤاڵەکە یازادمحەمەد لەلێدوانێکدا ڕایگەیاند: فیستیڤاڵەکە بەبەشداری چەند جووتیارێک ڕێکخراوە، هاوکات چەندین تاقیکردنەوە لەسەر بەرهەمی هەنار یەنجام دراوەو بەرهەمەکانیان نیشان دراوە کە خۆیان لە بەرهەمی بیبەری یابانی و هۆڵەندی و چەند بەرهەمێکی تری جیای بیانی و ناوخۆییدا دەبینێتەوە.

یازاد محەمەد گوتیشی: یامانج لە نیشاندانی یەو بەرهەمانەی کە تۆوەکانیان لەدەرەوە هێنراوە یەوەیە کە نیشانی بدەین یایا خاکی بەپیتی هەرێمی کوردستان وەاڵمی یەو تۆوانە دەداتەوە کە لەدەرەوە هێنراون، لەخوا بەزیادبێت کە بەرهەمێکی بەپیتیان لێ دروست بووە، کۆمەاڵێک بەرهەمی دەستیی خانمان و هەنگەوانەکان نیشان دەدرێن، یامانج لەمە یەوەیە کە بەرووبوومی یەم نیشتیمانە بە میللەتەکەمان یاشنا بکەین.



هەتاوی هیوا .. تازەترین ئەلبووmی خوسرەوی مامڵێ

هێمن ئاری

هونەرمەندی دەنگخۆش خوسرەوی مامڵێ تازەترین ئەلبومی خۆی بەناوی هەتاوی هیوا باڵاودەکاتەوە. ئەم ئەلبوومەی هونەرمەند خوسرەوی مامڵێ 9 تراکە و ناوی ئەلبوومەکەشی بەناوی یەکێک لەتراکەکانی نێو ئەلبومەکە کردووە. هەروەها گۆرانییەکی بەناوی نەورۆز لەنێو ئەم ئەلبوومە تازەیەیدا بۆ وەرزی بەهار و نەورۆز گوتووە .گۆرانییەکانی ئەم ئەلبوومەش بریتین لە: بۆ لەحاڵم ناپرسی ،، دە بەسە بەسە ،، هەتاوی هیوا ،، بینایم داهات ،، نەویزە کۆچی ناکاو ،، باغی دڵم ،، بەهاری عومرم ،، نەورۆز ،، پەری خانم .



سلێمانی.. کردنەوەی یەکەمین پێشانگای شێوەکاری نێودەوڵەتی تەلەڤیزیۆنی

بە سەرپەرشتی ناوەندی حەوت ڕەنگە و بە بەشداری ٨٥ هونەرمەندی شێوەکاری ناوخۆیی و ٣٠ وڵات، لە مۆزەخانەی نیشتمانی یەمنە سوورەکە لە شاری سلێمانی یەکەمین پێشانگای شێوەکاری نێودەوڵەتی تەلەڤیزیۆنی کرایەوە.

